MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

**عەلیرەزا گەنجی**

**پیتەر فلێمینگ و مایکێل ئیستۆل**

# ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی تۆرەکان

**دوو توێژینەوە**

**و: عارف سەلیمی**

هەولێر - ٢٠٠٧



**ناوی کتێب: ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی تۆڕەکان**

- نووسینی: عەلیرەزا گەنجی و پیتەر فلێمینگ و مایکێل ئیستۆل
- وەرگێڕانی: عارف سەلیمی
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- ژمارەی سپاردن: ( ٤٢١ )
- تیراژ: ( ١٠٠٠ ) دانە
- چاپی یەکەم ٢٠٠٧
- نرخ: ( ٢٠٠٠ ) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی دەزگای ئاراس

زنجیرەی کتێب ( ١٧ )

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**
www.mukiryani.com
asokareem@ maktoob.com
Tel: ٢٢٦٠٣١١

# پێرست


پێرست ..... ١

کورتە باس ..... ٧

١- پێشەکی ..... ٩

٢- ئاسایشیی تۆڕەکانی پەیوەندیگرتن و زانیاری ..... ١١

١-٢: گرنگیی ئاسایشی تۆڕ ..... ١١

٢-٢: مێژووی ئاسایشی تۆڕەکان ..... ١٣

٣- تاوانە کۆمپیوتەری و ئەنتەرنێتییەکان ..... ١٤

١-٣: سەرهەڵدانی تاوانە کۆمپیوتەرییەکان ..... ١٦

٢-٣: کێشەی ڕۆیس ..... ١٦

٣-٣: پێناسەکردنی تاوانی کومپیوتەریی ..... ١٧

٣-٤: پۆلێنکردنی تاوانە کۆمپیوتەرییەکان ..... ١٨

١-٤-٣: پۆلێنبەندی OECDB ..... ١٩

٢-٤-٣: پۆلێنبەندی ئەنجوومەنی ئەورووپا ..... ٢٠

٣-٤-٣: پۆلێنبەندی ئەنتەرپۆل ..... ٢١

١- بەدەستهێنان بە شێوەی ناقانوونی ..... ٢٣

٢- گۆڕێنی داتا کۆمپیوتەرییەکان ..... ٢٣

٣- کلاوچیەتی کۆمپیوتەری ..... ٢٣

٤- کۆپیکردنی ناقانوونی ..... ٢٤

٥- سابوتاژی کۆمپیوتەری ..... ٢٤

٦- باقی تاوانە کۆمپیوتەرییەکان ..... ٢٤

٤-٤-٣: پۆلێنبەندی لە کونوانسیونی تاوانەکانی سایبرنێتیك ..... ٢٤

٣-٥: شەش نیشانەی خراپەکارانی ناو تۆڕەکان (شەش نیشانی تێکدەرانی تۆڕەکان) ..... ٢٥

٤- ڕێکارە ئەمنییەکانی تۆڕ ..... ٢٧

١-٤: کۆنترۆڵی حکومی ..... ٢٧

٢-٤: کۆنترۆڵ لەلایەن دامودەزگاکانەوە (کۆنترۆڵی دامودەزگایی) ..... ٢٧

٣-٤: کۆنترۆڵکردن لەلایەن تاکەوە (کۆنترۆڵی تاکەکەسی) ..... ٢٧

٤-٤: بەهێزکردنی ئەنترانێتەکان ..... ٢٨

٥-٤: هەبوونی سیستەمێکی یاسایی ئەنتەرنێتی ..... ٢٨

٦-٤: کاری بەربڵاوی فەرهەنگیی بۆ هۆشیارکردنەوەی بەکارهێنەران ..... ٢٩

٧-٤: فایروالەکان(شورەکان) ..... ٢٩

١- Packet Filtering ..... ٣١

٢- Proxy Services ..... ٣١

٣- State full Inspection ..... ٣١

٧-٤: دارشتنی سیاسەتی نەتەوەیی لە بەستێنی جیهانیدا ..... ٣٢

١-٧-٤: میناکی ئەمریکایی ..... ٣٢

٢-٧-٤: میناکی ئیسراییل ..... ٣٣

٣-٧-٤: میناکی چین ..... ٣٤

٤-٧-٤: میناکی ولاتانی عەرەبی کەنداوی فارس ..... ٣٥

ئیراق: ..... ٣٦

کوێت: ..... ٣٦

عومان: ..... ٣٦

قەتەر: ..... ٣٧

میرنشینە عەرەبە یەکگرتووەکان (ئیمارات) ..... ٣٧

عەرەبستانی سعوودی: ..... ٣٨

٥- ئەنتەرنێت و ئاسایشی فەرهەنگیی لە ئێران ..... ٣٨

١-٥: پێوەرەکانی ئاسایشی فەرهەنگی لە سیاسەتدانان سەبارەت بە ئەنتەرنێت لە ئێراندا ..... ٣٩

٢-٥: گرفتە هەنووکەییەکانی سیاسەتدانان لە بواری ئاسایشی فەرهەنگیی و ئەنتەرنێتەوە ..... ٤١

٣-٥ چەند تێبینییەکی فەرهەنگیی لە بواری سیاسەتداناندا ..... ٤٣

دەرەنجام ..... ٤٤

سەرچاوەکان ..... ٤٧

تیرۆری ئەلکترۆنی (سایبر تیرۆریزم): گومانەکان و راستەقینەکان ..... ٤٩

کۆمپیوتەر و تیرۆریزم: ماهیەتی روو لە گۆڕانی گرووپە تیرۆریستیەکان و هەڕەشەی تیرۆریستی ..... ٤٩

تیرۆریزم: ئامانجەکان و گومانەکان ..... ٥١

پێناسەکان(٢) ..... ٥١

داتا ئەزموونییەکان ........................................................................................................٥٢
گومانەکان ...................................................................................................................٦٢
گومانی یەکەم: تیرۆریزم دیاردەیەکی بەرێکەوتە و ئاراستەیەکی دیاریکراوی نیە..٦٢
گومانی دووەم: تیرۆریزم هیچ سنورێك ناناسێت و رێز لە هیچ هێڵێکیش ناگرێت. ٦٣
گومانی سێیەم: تیرۆریزم یەکسانە بە زیانی گیانی و ماڵی زۆر .......................٦٦
گومانی چوارەم: تیرۆریزم، ئەو هەوڵانەیە کە لە لایەن هەندێ دەورگێڕی ناحکومییەوە بە مەبەستی ئاژاوەگێڕی و گێرەشێوێنی ئەنجام دەدرێ.................٦٦
گومانی شەشەم: حکومەتەکان هەمیشە نەیاری تیرۆریزمی ناحکومین................٧٠
گومانی حەوتەم: سەرچاوەی تیرۆریزمی سیاسیی هاچەرخ، بەرهەمی شەیتانی و شەڕانگێزی یەك دوو دەورگێڕی سەرەکییە (شەیتان هانی دام بەم کارە!) ...........٧٢
تیرۆریزم و کۆمپیوتەر، پیکەوە بەستنەوەی رابردوو و داهاتوو پێناسەکان(٥٩) ...............................٧٩
سەرهەڵدانی دیاردەی سایبرتیرۆریزم ..........................................................................٨٦
أ- تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەریی وەك فاکتەرێك کە ئاسانکاری دەکات بۆ تیرۆریزم ...٨٨
ب- تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەریی وەك بەشێکی تایبەت لە چەك و تەقەمەنی یان ئامانجە تیرۆریستییەکان........................................................................٩٣
هەڵسەنگاندنی هەڕەشەی سایبر تیرۆریزم گرووپە تیرۆریستییەکان، شوێنگەی کۆمپیوتەریی و بەرنامەی تازەی تیرۆریستان.........................................................................٩٥
گرووپە تیرۆرستییەکان، فەزای کۆمپیوتەریی و دۆزینەوەی سەرچاوەی تازە بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان...................................................................................................٩٧
گرووپە تیرۆریستییەکان، شوێنگەی کۆمپیوتەریی و ئیمکانیاتی نوێ بۆ تیرۆریزم...........................٩٩
چەند تێبینییەك و دەرەنجامەکان ...................................................................................١٠٧
یاداشتەکان ...................................................................................................................١١٠

## کورتە باس

ئەم وتارە بەگشتی باس لە قەیرانەکان و ڕێکارەکان لەسەر ئاسایـشی تۆڕەکـان دەکـات. لــە بــەرایی وتارەکــەدا، بابەتگــەلی وەك: ئاسایــشی تۆڕەکــانی پەیوەندیگرتن و زانیـاری، گرنگـی ئاسایـشی تۆڕەکـان، ڕابـردووی ئاسایـشی تۆڕەکــان، ســەرهەڵدانی تاوانــە کۆمپیوتەرییــەکان، پــولێنکردنی تاوانــە کۆمپیوتەرییەکان باسی لێکراوە و چەند ڕێکارێـك بـۆ ئـەم قەیرانـە پێـشنیار کـراوە. لەوانـە: کـونترۆڵ لـە لایـەن حکومەتـەوە، کـۆنترۆڵ لـە لایـەن دام و دەزگاکانەوە، کۆنترۆڵ لە لایەن تاکەوە، بە هێزکردنی ئەنترانێتـەکان، هـەبوونی سیستەمێکی بەهێز، وەهەروەها کاری فەرهەنگیی بەربلاو بۆ ئاگادارکردنـەوەی بەکارهێنەران و فایروالّەکان. لە کۆتاییشدا پرسگری ((ئەنتـەرنێت و ئاسایـشی فەرهەنگی لە ئێران دا)) و ئەو قەیرانانەی لـەم بـوارەوە خراونەتـە ڕوو، باسـی لێوە کراوە. بۆ چارەسەری ئەم گرفتەیش هەندێ پێشنیار خراوەتە بەر دەست.

## ١- پێشەکی

ئەنتەرنێت تۆڕێکی هەرە مەزنی ڕاگەیاندنە و بانکێکی بەرفراوانی زانیاری، کە لە داهاتوویەکی نزیکدا هەموو کەسێ بۆی هەیە دەستی پێی بگات. پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن کەڵکوەرگرتن لەم تۆڕە بە پێویستییەکی چاخی زانیاری دادەنێن.

ئەم تۆڕە خۆی لە هەزاران تۆڕی بچووکتر پێکهاتووە،و بە بێ گوێدانە سنوورە جوگرافیەکان، سەرانسەری جیهانی پێکەوە بە ستوەتەوە. بە پێی دوایین ئامارەکان زیاتر لە شەست ملیۆن کۆمپیوتەر لە سەرانسەری جیهان لەم تۆڕەدا پێکەوە گرێدراون و ڕادەیەکی بێ ژومار لە زانیارییان لە گشت بوارەکاندا- جا لە هەر چەشنێ بێت - بە هاوبەشی داناوە. دەڵێن نزیکەی یەك میلیارد لاپەڕە زانیاری بە بابەتگەلی جۆراوجۆر و هەمەرەنگەوە، لە سەر ئەم تۆڕە دانراوە.

ئەم زانیارییانە بەو پەڕی خێراییەوە لە سەر شاڕێکانی زانیاری لە نێوان بەکارهێنەراندا ئاڵوێری پێدەکرێت و تاڕادەیەك هیچ بەربەست و کۆنترۆڵێك بۆ ئەوەی ڕێگربێت لە دانان یاخود ڕاکێشانی داتاکان نییە.

پشتگیریکردن لە ڕەوتی ئازادانەی زانیارییەکان، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیای زانیاری و هەروەها بوارخوشکردن بۆ پێکبەستنەوەی تۆڕەکانی زانیاری، بووەتە دروشمی حکومەتەکان.

کەچی لەم لایشەوە بڵاوەبوونەوە و فرەچەشنی زانیارییە چەپەڵەکان لە سەر تۆڕی ئەنتەرنێت، بووەتە مایەی نیگەرانی وڵاتانی جیهان. دانانی ئەو پێگەگەلەی ناوەڕۆکی پورنوگرافییان هەیە و ئەو ماڵپەڕانەی خراپەکاری



دەرهەق بە منداڵان دەکەن و قاچاخی جۆراوجۆر لە وڵاتە پێشکەوتوو و پیشەییەکان نەخاسمە لەو وڵاتەی ئەم تۆڕە سەری هەڵداوە، واتە ئەمریکا، پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی تەواو نیگەران کردووە. بەجۆرێ کە دەسەڵاتداران ناچار بوونە ڕێو شوێنی یاسایی بۆ کۆنترۆلکردنی ئەم تۆڕە لە ئەمریکا بگرنەبەر. هۆشداریدان، سزای دارایی و گرتنی (دەسگیر کردن) دامەزرێنەرانی بنکەکانی بەدڕەوشتی و خراپەکاری ئەو تەگبیرانەن وڵاتانی جیهان بۆ ڕوبەڕووبوونەوە لە تەك دەرەنجامە خراپەکانی ئەنتەرنێت گرتوویانەتەبەر.

ترس و دڵەراوکێ لە تێکچوونی بنەمای ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی، بە هۆی هورووژمی زانیاری چەپەڵ و تێکدەرانە لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە، پەرچە کردارێکی لۆژیکییە. چونکە هەر کۆمەڵگەو چوارچێوەی زانیاری تایبەت بە خۆی هەیە. ئەمەش سرووشتیە کە هەر چەشنە زانیارییەك ئەم چوارچێوە و سنورانە پێشێل بکات، دەتوانێ ئاسایش و ساخڵەمی کۆمەڵگە بخاتە مەترسیەوە. وێڕای ئەوەی تۆڕە جیهانییەکان لایەنی پۆزەتیڤیان هەیە، خراپ بەکارهێنانی ئەم تۆڕە کۆمپیوتەریانە لە لایان کەسانی تاوانکارەوە، ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتانی خستووەتە بارێکی مەترسیدارەوە. لەم ڕووەوە بە کارهێنانی فیلتەر و فایروالی جۆراوجۆر بۆ ڕێگرتن لە دزەکردنی داتای تێکدەرانە و زیانبەخش و هەروەها دەستنیشان کردنی زانیاری سالم لەم تۆڕانەدا ڕوو لە زیادبوونە. وێڕای ئەو هەموو هات و هاوارەی سەبارەت بە نەبوونی کۆنترۆڵ لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت بەرز بووەتەوە، خۆشبەختانە تەکنۆلۆژیای پێویست بۆ کۆنترۆلکردنی ئەم تۆڕە و هەڵبژاردنی زانیاری بەکەڵك خەریکە پەرە دەستێنێ و کامڵ دەبێت.

## ٢- ئاسایشی تۆڕەکانی پەیوەندیگرتن و زانیاری

### ٢-١: گرنگیی ئاسایشی تۆڕ

گەر دەرکمان کردبێت بە گرنگیی تۆڕەکانی زانیاری (ئەلەکترۆنی) و ڕۆڵی بنەڕەتییان لە پێکهاتەی داهاتووی کۆمەڵگەدا ، ئەوا گرنگی ئاسایشی ئەم تۆڕانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

گەر بێتوو ئاسایشی تۆڕەکان مسۆگەر نەبێت، ئەوا لایەنە باشەکانیشی لێ بەرهەم نایەت. پارە و بازرگانی ئەلەکترۆنی، گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ بەکارهێنەرە تایبەتەکان، زانیاری شەخسی و زانیاری گشتی و گۆڤارە ئەلەکترۆنییەکان، هەموویان ئەگەری دەستێوەردان و خراپەکاری مادی و مەعنەویان تێدا دەبێت. هەروەها دستوەردان لە زانیارییەکان -وەك ژێرخانی فیکری نەتەوەکان- لە لایەن گرووپە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانەوە، بەش بەحاڵی خۆی بە شێواندنی ئاسایشی نەتەوەیی، هوروژم بۆ سەر حکومەتەکان و مەترسی نەتەوەیی لە قەڵەم دەدرێت. بۆ وڵاتی ئیمە (ئێران) کە زۆربەی بەرنامە بناغەییەکانی وەك ویندۆز و سۆفتوێرە کارکردی و ئەنتەرنێتییەکان لە لایەن دەلاڵ و کومپانیای بیانییەوە فەراهەم دەبێت، ترسی هەموو جۆرە دزەکردنێك لە ئارادایە. لە داهاتوودا بانکەکان و زۆربەی ڕێکخراوە و



دەزگاکانی تریش لە ڕێگەی ئەم تۆڕەوە درێژە بە چالاکییەکانیان دەدەن. بۆیە ڕێگەگرتن لە دزەکردنی تێکدەران لە تۆڕەکەدا دەبێتە پرسێکی ستراتیژیی، و خۆخافڵکردن لێی زیانی لێدەکەوێتەوە کە لەوانەیە هەندێ لەم زیانانە نەتوانین قەرەبوو بکەینەوە. گەر بێتوو پەیامێکی تایبەت، بۆ نموونە لەلایەن کۆمپانیای مایکرۆسۆفتەوە، بۆ گشت ماڵپەڕە ئێرانییەکان بنێردرێت و ویندۆزەکان لە وڵامی ئەم پەیامەدا سیستەمەکان تێکدەن و پەکیان بخەن، ئاخۆ چەندە زەرەر و زیانی گەورە لە ئاسایش و ئابووری وڵاتەکەمان دەکەوێت؟

خاڵی سەرنجراکێش ئەمەیە، کە گەورەترین کۆمپانیای بەرهەم هێنەری بەرنامەی تایبەت بە ئاسایشی تۆڕەکان، کۆمپانیای (چیك پۆینتە)[١] کە نووسینگە سەرکییەکەی لە ئیسراییلە.

پرسی ئاسایشی تۆڕەکان بۆ وڵاتان پرسێکی ستراتیژییە. کەواتە وڵاتی ئێمەیش دەبێ خۆی بە دوایین تەکنۆلۆجیای تۆڕەکانەوە تەیار بکات. بەهۆی ئەوەی ئەم —تەکنۆلۆجیانە وەك بەرهەمی بەرنامەیی ناکڕدرێن، دەبێ توێژەرانی وڵات ئەم ئەرکە بخەنە سەرشان و هەوڵی بۆ بدەن.

ئەمڕۆکە بەدەستهێنانی ئەنتەرنێت ئەوندە ئاسان بووەتەوە کە هەر کەسەو بێ ئەوەی گرنگ بێت لە کوێ دەژی و کاری چیە و سەر بە چ نەتەوەیەکە، لە هەر کاتێکدا دەتوانێ دەستی پێی بگات و کەڵکی لێوەرگرێت. هەر ئەمە کە بە دەستهێنانی ئەنتەرنیت ئاسانە، بووەتە هۆی مەترسی جۆراوجۆری وەك: وون بوون، دزران، خەوشدار بوون، یاخود خراپەکاری لە زانیارییەکانی بەردەستدا.

١. Chek point

ئەگەر زانیارییەکان لە سەر کاغەز چاپ بکرایەن و لە گەنجینەیەك لە ژوورێکی پارێزراوی فەرمانگەی تایبەتدا ڕابگیرایەن، بۆ ئەوەی کەسانێك بە شێوەی نایاسایی دەستیان پێی بگات، دبوو شوورەی جۆراوجۆر تێپەڕێنن، کەچی ئێستا ئەم مەبەستە یەك دوو ئاماژەی کلیلەکانی کۆمپیوتەری بەسە.

## ٢-٢: مێژووی ئاسایشی تۆڕەکان

ئەنتەرنێت لە ساڵی ١٩٦٩دا بە شێوەی تۆڕەکانی "ئارپانێت" دامەزرا، کە ئەوکات تایبەت بوو بە وەزارتی بەرگری ئەمریکا. ئامانج لەم کارە ئەوە بوو کۆمپیوتەرەکان پێکەوە ببەسترێنەوە و ئەمەیش هەلومەرجێك پێکبێنی تا ئەگەر هاتوو چەند بەشێکی گرنگی سیستەمی زانیاری — جا بە هەر هۆیەك- پەکی کەوت ئەوا تێکڕای تۆڕەکە بە گشتی بتوانێ درێژە بە کارەکانی خۆی بدات و پاراستنی زانیارییەکان دابین بێت. هەر لە سەرەتاوە، بیرۆکەی دانانی تۆڕ، بۆ ڕێگە گرتن لە باندۆری تێکدەرانەی پەلاماری زانیارییانە سەریهەڵداوە.

لە ساڵی ١٩٧١دا هەندێ لە کۆمپیوتەرەکانی زانکۆ و شوێنە حکومیەکان بەم تۆڕە بەسترانەوە و بەم شێوە توێژەر و لێکۆڵەران دەستیانکرد بە ئاڵوێرکردنی زانیارییەکانیان. هاوکات لەتەك سەرهەڵدانی چەند ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو لە بواری زانیاریدا، پرسی ئاسایش زیاتر گرنگی پەیدا کرد. لە ساڵی ١٩٨٨دا بۆ یەکەم جار ئارپانێت ڕووبەڕووی ڕووداوێکی ئاسایشیی سەرتاسەری لە تۆڕەکەیدا بووەوە کە دواتر ناوی لێنرا "کرمی موریس". رابێرت موریس کە خوێندکارێکی نیوێۆرکی بوو، چەن بەرنامەیەکی نووسی کە دەیتوانی خۆی بخزێنێتە ناو کۆمپیوتەرێکی دیکە و لەوێدا زیاد بکات، بەم شێوە دزە بکاتە ناو کۆمپیوتەرەکانی دیکەش و بە شێوەی ئەندازەیی پەرە بسێنێت. ئەو کاتە ٨٨٠٠٠ کۆمپیوتەر بەم تۆڕەوە گرێدرابوون. ئەم بەرنامەیە بووە هۆی ئەوەی



لە ماوەیەکی کورتدا ١٠٪ ی ئەو کومپیوتەرانەی لە ئەمریکا پەیوەندییان بوو بەم تۆڕەوە، پەکیان بکەوێت. دوای ئەم کارەساتە، "ناوەندی ڕووبەڕووبوونەوە لە تەك ڕرووداوە ئەمنییەکان" (IRST) هاتە دامەزراندن، کە ڕۆڵێکی کارای لە هەماهەنگ کردنی چالاکیەکان لە بواری ڕووبەڕووبوونەوە لە تەك پەلاماری دژە ئەمنی، ڕاهێنان و تەیارکردنی تۆڕەکان و شێوەگەلی پێشگیرانەدا هەبوو. هاوکات لەتەك گشتگیربوونی بە کارهێنانی ئەنتەرنێت و برەوپەیداکردنی، پرسگری ئاسایش باشتر و زیاتر خۆی نیشاندا. نموونەی ئەم ڕووداوانە، واتە تێکدانی باری ئەمنی تۆڕەکان، "WINK / OILS WORM " بوو لە ساڵی ١٩٨٩ و "Snhffpacket " لە ساڵی ١٩٩٤ دا. کە ئەمەی دوایی لە ڕێگەی پۆستی ئەلەکترۆنییەوە بڵاو دەبووەوە و دەبووە هۆی ئاشکرا بوونی زانیارییەکانی سەبارت بە ناو و ژمارەی نهێنی بەکارهێنەران. لەو کاتەوە پەلاماری ئەمنی — زانیارییانە بۆ سەر تۆڕەکان و تۆڕی جیهانی ڕۆژ بە ڕۆژ رووی لە زیاد بوونە.

هەرچەندە ئەنتەرنێت لە سەرەتاوە بۆ ڕاهێنان و لێکۆڵینەوە پەرەی سەند، بەڵام ئەمڕۆکە گەلێ کارکردی بازرگانی، پزیشکی، پەیوەندیگرتن و تایبەتی بەخۆوە بینیوە و ئەمەش پێویستی زیادکردنی پارامیتری دڵنیایی لە جاران زیاتر خستووەتە بەر چاو.

## ٣- تاوانە کۆمپیوتەری و ئەنتەرنێتییەکان

تایبەتمەندیی بەرجەستەی تەکنۆلۆجیای زانیاری، ئەو باندۆڕەیە کە بە سەر پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای پەیوەندیگرتنی لە ڕێگەی دوورەوە، داینەوە و دایدەنێت. پەیوەندییە کلاسیکییەکانی وەك گواستنەوەی دەنگی مرۆڤ، جێی خۆی داوە بە هەژمارێکی هێجگار زۆری داتا، دەنگ، دەق، موزیك، وێنەی نەگۆڕ و ئەنیمەیشن. ئەم ئاڵوێڕ و پێشکەوتنانە نەك هەر نێوان مرۆڤەکان بەڵکو نێوان مرۆڤ و کۆمپیوتەرەکان و هەروەها نێوان کۆمپیوتەرەکانیشی

گرتووەتەوە. کەڵك وەرگرتن لە پۆستەی ئەلەکترۆنی بەڕادەیەکی فراوان و بەدەستهێنانی زانیاری لە ڕێگای ماڵپەڕە جۆراوجۆرەکانەوە لە ئەنتەرنێتدا چەند نموونەیەکن لەم پێشکەوتنانەی کە کۆمەڵگایان تاڕادەیەکی زۆر ئاڵۆز کردووە و گۆڕیویانە.

بەدەستهێنانی ئاسان و گەڕان بە دوای ئەو زانیارییانەی لە سیستەمە کەمپیوتەرییەکاندا هەیە، لە تەك بوار پەیداکردن بۆ ئاڵووێرکردن و بڵاو کردنەوەی زانیارییەکان بە بێ بایەخدان بە مەودای جوگرافیایی، بووەتە هۆی گەشەی سەرسووڕهێنەری ژمارەی زانیارییەکانی بەردەست. ئەم زانیارییانەش بوونەتە هۆی زیادبوونی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و ئابووریی پێشبێنی نەکراو. بەڵام ئەو پێشکەوتنانە لایەنی مەترسیداریشی هەیە و بەشێکی بریتییە لە تاوانی جۆراوجۆر و کەڵك وەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای نوێ بۆ ئەنجامدانی تاوان. هەروەها ئاکام و دەرەنجامەکانی ڕەفتاری تاوانبارانە زۆر زیاتر لە جاران بە چەشنێ بێت کە هەر خەیالیش بەلایدا نەچێت. چونکە نابسترێتەوە بە سنوورە جوگرافیایی و نەتەوەییەکانەوە. تەکنۆلۆجیای مۆدێرن ئەو چەمکە یاساییانەی لە بەردەستدایە تووشی قەیران کردووە. زانیاری و پەیوندیگرتن لە ڕێی دوورەوە زۆر سووك و ئاسان گشت جیهانی تەنیوەتەوە و ئیتر سنوورەکان وەك بەربەستی بەردەم ئەم ڕەوتە حیسابیان بۆ ناکرێت.

تاوانکاران زیاتر لە شوێنێکن جیا لەو شوینانەی کە ئاکام و دەرەنجامەکانی تاوانەکانیان دەردەکەوێت. خراپ بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای زانیاری لە لایەن تاوانکاران و بەتایبەت تاوانکاری نارێکخراوەیی بووەتە هۆی ئەوەی پلاندانەرانی بواری تاوان لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بە کەڵك وەرگرتن لە ئامرازی نوێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان بکەونە خۆ. دەرچوونی کونوانسیۆنی(ڕێکەوتنامەی) تاوانی کۆمپیوتەری لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠١ و



واژۆکردنی لە لایەن ٣٠ وڵاتی پێشکەوتووەوە، دەرچوونی یاسا بۆ خەباتی دژ بەم تاوانانە لە لایەن یاسادانەرانی ناوخۆیی، پێکهێنانی یەکەکانی بەرهەڵستی لە تەك ئەم تاوانانە لە دەزگای پۆلیس لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو و تەیارکردنیان بە نوێترین ئامێر و بەرنامەی تایبەت بە دۆزینەوەی ئەم تاوانانە و هەروەها کەڵك وەرگرتن لە باشترین و بەتواناترین پسپۆڕان لەو یەکەگەلە، بەشێکن لەو هەوڵانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم چەشنە تاوانانە.

## ٣-١: سەرهەڵدانی تاوانە کۆمپیوتەرییەکان

بە وردی ناتوانین کاتی سەرهەڵدانی تاوانی کۆمپیوتەریی دیاریبکەین. ئەم تاوانە بەرهەمی تەکنۆلۆجیای زانیاریی و ئەنفۆرماتیکییە. کەواتە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ماوەیەکی کورت پاش پەرەسەندن و بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای زانیاری، دەرگە لە بەر خراپ بەکارهێنانیشی دەکرێتەوە. پەرەسەندنی بەکارهێنانی ئەم تەکنۆلۆجیایە و یەکسانی بوونی بەکارهێنەران لانیکەم لە چەن وڵاتی بەرچاوی جیهاندا تاوتوێکردنی یەکەم بابەت دژوار دەکات. سەرەنجام ئەوەی ئاشکرایە ئەمەیە کە لە کۆمەڵگەی ئەمریکادا یەکەم جار کەسێ بە ناوی "ڕۆیس" سەرنجی گشتی بۆ لای خراپ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر ڕاکێشا.

## ٣-٢: کێشەی ڕۆیس

"ئاڵدۆن ڕۆیس" ژمێریاری کۆمپانیایەك بوو. لە بەر ئەوەی پێی وابوو کۆمپانیاکە مافی ئەوی خواردووە، بەرنامەیەکی چێ کرد و بەشێك لە پارەی کۆمپانیاکەی بە مەبەستی تۆڵە سەندنەوە هەڵگرت بۆ خۆی. میکانیزمی کارەکە بەم شێوەیە بوو، ئەو کۆمپانیایەی ڕۆیس کاری دەکرد تێیدا،

کۆمپانیایەکی گەورەی میوە و سەوزەوات فرۆشی بوو. بەرهەمی جۆرا وجۆری لە وەرزێرەکان دەکڕی و بە لۆری دەیهێنا و لە عەمباری دەخست و بەستەبەندی دەکرد و بە سەر میوە و سەزەوات فرۆشەکاندا بڵاوی دەکردەوە. بە هۆی تایبەتمەندی ئەو کارەوە نرخەکان هەڵاوسان و داکشانی زۆریان بە سەردا دەهات و هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی ئەم کارەیش تەنیا بە کۆمپیوتەر دەکرا.
تێکڕای کاروباری ژمێریاری، وردبینی بەڵگەنامەکان و پسولەی حیسابەکان لە سەر شریتی ئەلەکترۆنی بە شێوەی زانیاری وورد تۆمار دەکرا.
ڕۆیس چەند فەرمانێکی زیادی هاویشتبووە ناو بەرنامەکان و بە شێوەیەکی تایبەت نرخی کاڵاکانی دەگۆڕا. ئەو لە تەك ڕێکوپێك کردنی داهاتی کاڵاکان بڕێك پارەی لێ کەمدەکردەوە و دەینارد بۆ هەندێ حیسابی تایبەت. پاشان لە کاتی دیاریکراودا چێکی بە ناوی ١٧ کۆمپانیای ساختەوە __ کە خۆی سازی کردبوون __ دەنووسی و بڕێ لەو پارانەی هەڵدەگرت. بەم شێوەیە توانی لە ماوەی ٦ ساڵدا زیاتر لە یەك ملیۆن دۆلار هەڵگرێت. ئا لێرەدا گرفتێك هاتبووە پێش، ئەویش ئەمە بوو کە نەیدەتوانی میکانیزمێك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی پێشی ئەم کارە بگرێت و ڕاییبوەستێنی. سەرەنجام خۆی بە دادگا ناساند و دانی نا بە تاوانەکەیدا و بە دە ساڵ زیندان سزادرا. ئا لێرەوە بابەتێکی نوێ بە ناوی تاوانی کۆمپیۆتەری هاتە ئاراوە.

## ٣-٣: پێناسەکردنی تاوانی کومپیوتەریی

هەتا ئیستا پێناسەی جۆراوجۆر بۆ تاوانی کومپیوتەریی لە لایەن دام و دەزگا و شارەزایانەوە و بە پێی هەندێ یاسا ئەنجام دراوە. جیاوازی ئەم پێناسەگە لە تەك یەکدا دەگەڕێتەوە بۆ نادیاری «ابهام» لە ماهیەت و پێناسەی ئەم چەشنە تاوانانە.
تاوانی کۆمپیوتەری یاخۆد تاوان لە فەزای مەجازیدا، دوو چەمك و مانا لە خۆ دەگرێت. لە پێناسەی کورتدا، تاوانی کۆمپیوتەری تەنیا ئەو تاوانەیە کە لە



فەزای سایبردا ئەنجام دەدرەێت. لەم روانگەوە تاوانی وەك پۆرنوگرافی، بۆختان، ئازاردان و خراپ بەکارهێنانی پۆستەی ئەلەکترۆنی و باقی ئەو تاوانانەی کە لە کۆمپیوتەر وەك ئامرازی ئەنجامدانی تاوان کەڵك وەردەگیرت، دەچنە بواری تاوانی کۆمپیوتەرییەوە.
لە پێناسەی پەرەپێدراودا تاوانی کۆمپیوتەریی بریتییە لە، ئەنجامدانی هەر کارێك یاخود دەستهەڵگرتن لە هەر کارێك لە ئەنتەرنێتدا یان لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە یان ئەوەی کە بە ئەنتەرنێت یا خود لە ڕێگەی پەیوەندیگرتن بە ئەنتەرنێتەوە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کە یاسا قەدەغەی کردبێت و سزای بۆ دانابێت. بەم پێیە دەتوانین ئەم تاوانانە بەم سێ دەستەی خوارەوە دابەشبکەین.

**دەستەی یەکەم:** ئەو تاوانانەی کە تێیدا کۆمپیوتەر و کەلوپەلی کۆمپیوتەری دەکرێنە بابەتی تاوان وەك: دزی، پەکخستن و.....

**دەستەی دووەم:** ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کە تێیدا کۆمپیوتەر لە لایەن تاوانکارەوە وەك ئامرازێك بۆ ئەنجامدانی تاوان بە کار دەبردرێت.

**دەستەی سێیەم:** ئەو تاوانانەن کە دەتوانین ناویان بنێین تاوانی کۆمپیوتەریی ڕەها ئەم تاوانانە تەواو لەتەك کلاسیکیەکان جیاوازن و لە دنیای مەجازیدا ئەنجامدەدرێن، بەڵام دەرەنجامەکانی دەگەڕێتەوە بۆ جیهانی واقیع. وەك بەدەستهێنانی سیستەمە کۆمپیوتەرییەکان بە شێوەی نایاسایی.

## ٣-٤: پۆلێنکردنی تاوانە کۆمپیوتەرییەکان

بەپێی سەرچاوەی جۆراوجۆر، پۆلێنبەندی جیاجیا بۆ تاوانی کۆمپیوتەری کراوە، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

## ٣-٤-١: پۆلێنبەندی OECDB

**OECDB** له ساڵی ١٩٨٣ بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگە چارە بۆ پرسی تاوانی کۆمپیوتەر یا خود خراپ بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەکان، لێکولێنەوەکانی خۆی لە مەڕ ئەگەری کردەوەی نێونەتەوەیی و هەماهەنگکردنی یاساکانی تاوان دەستپێکرد. ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٨٦دا بابەتێکی لە ژێر ناونیشانی "تاوانی کۆمپیوتەریی، شیکردنەوەی سیاسەتە یاساییەکان" بڵاوکردەوە، کە یاساکانی بەردەست و هەروەها پێشنیاری چاکسازیانەی چەند وڵاتێکی تاوتوێکردبوو. لەم بابەتەدا پێرستێك لە لانیکەمی ئەو خراپە کاریانەی کە دەبێ وڵاتەکان بە پشتبەستن بە یاساکانی تاوان قەدەغەی بکەن و سزای بۆ دابنێن، خرابووە بەردەست. بەم شێوە یەکەم جار پۆلێنبەندی تاوانە کامپیوتەرییەکان لە ساڵی ١٩٨٣ دا خرایە ڕوو. لەم پۆلێنبەندییەدا، کاری تاوانکاری بە سەر ٥ جۆردا دابەشکرا و پیشنیارکرا لە یاساکاندا باسی لێبکرێت.

**ئەم پێنج جۆرە بریتیین لە:**

أ- چوونە ژوورەوە، گۆڕین، سڕینەوە یا خود ڕاگرتنی ئەو داتا کۆمپیوتەریانەی کە بە ئەنقەست و بەمەبەستی گواستنەوەی دراو یان هەر شتێکی بایەخداری تر ئەنجام دەدرەێت.

ب- چوونە ژوورەوە، گۆڕین، سڕینەوە یاخود ڕاگرتنی داتاکان و بەرنامە کۆمپیوتەرییەکان بەئەنقەست و بە مەبەستی کاری ساختەکاری. یان هەر چەشنە خۆتێهەڵقورتاندنێك لە سیستەمە کۆمپیوتەرییەکاندا کە بەئەنقەست و بەمەبەستی ڕێگرتن لە کارکردی سیستەمی کۆمپیوتەری و یان ڕاگەیاندن ئەنجامدرابێت.

ج- چوونەژوورەوە، گۆڕین، سڕینەوە و ڕاگرتنی داتا کۆمپیوتەریی و یان بەرنامە کۆمپیوتەرییەکان.



د- داگیرکردنی مافی تایبەتیی خاوەنی بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری پارێزراو بە مەبەستی ئەوەی لە ڕووی بازرگانییەوە کەڵکی لێوەر بگیرێت و بخرێتە بازارەوە.

هـ- بەدەستهێنان یا گۆێهەڵخستن لە سیستەمێکی کۆمپیوتەریدا و یان ئەو پەیوەندییەی کە بە ئەنقەست و بێ وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی لە لایەنی بەرپرسی سیستەمەکە ئەنجامدرابێت یا خود پێشێلکردنی ڕێوشوێنی ئەمنی چ بەمەبەستی بەدرەوشتی و چ بەمەبەستی بابەت.

## ٣-٤-٢: پۆلێنبەندی ئەنجوومەنی ئەوروپا

کۆمیتەی هەڵبژێردراوی تاوانی کۆمپیوتەریی ئەنجومەنی ئەوروپا، پاش تاوتوێکردنی بیروڕاکانی «oecdb» و هەروەها پاش تاوتوێکردن لەڕووی یاسایی- تەکنیکییەوە دوو لیستەی بەناونیشانی لیستەی لانیکەم و لیستەی سەرپشك خستە بەردەم کۆمیتەی وەزیران و ئەوانیش پەسەندیان کرد.

**ئەم دوو لیستەیە بەم شێوەن:**

**١- لیستەی لانیکەم**

أ- (کلاوچییەتی کۆمپیوتەریی)
ب- ساختەکاری کۆمپیوتەریی
ج- زیان گەیاندن بە داتا کۆمپیوتەرییەکان یان بەرنامە کۆمپیوتەرییەکان.
د- بەدەستهێنان بەرێگەی ناقانوونی.
هـ- پێکهێنانەوەی ناقانونیانەی بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری پشتگیریکراو.
و- پێکهێنانەوەی ناقانونیانەی تۆپۆگرافییەك.

**٢- لیستەی سەرپشك**

أ- گۆرینی داتا کۆمپیوتەرییەکان یان بەرنامە کۆمپیوتەرییەکان.
ب- سیخوڕی کۆمپیوتەر.
ج- بەکارهێنانی ناقانونیانەی کۆمپیوتەر
د- بەکارهێنانی ناقانونیای بەرنامەی کۆمپیوتەری پشتگیری کراو.

### ٣-٤-٣: پۆلێنبەندی ئەنتەرپۆل

ئەنتەرپۆل لە مێژە دژ بەو تاوانانەی پەیوەندییان بە تەکنۆلۆجیای زانیارییەکانەوە هەیە، خەبات دەکات. ئەم رێکخراوە هەندێ گرووپی کاری لەم بوارەدا پێکهێناوە و بۆ ئەم کارەش لە کارناس و پسپۆڕانی وڵاتانی ئەندام کەڵکی وەرگرتووە. سەرۆك و بەرپرسانی یەکەکانی خەبات دژ بە تاوانی کۆمپیوتەریی وڵاتانی بە ئەزموونی ئەندام لەم رێکخراوەیە لەم گرووپەدا کۆبوونەتەوە.

گرووپگەلی کاری ناوچەیی لە ئەوروپا، ئاسیا و ئەفریقیا لە ژێر کۆنترۆڵی کۆمیتەی ستراتیژیکی تاوانەکانی تەکنۆلۆجیای زانیاری، کە لە نوسینگەی گشتی ئەنتەرپۆلە، خەریکی کار و چالاکین.

گرووپی کاری ئەوروپایی ئەنتەرپۆل لەگەڵ پسپۆڕانی هۆڵەندا، ئیسپانیا، بەلژیکا، فەنلاندا، فەرانسە، ئالمانیا، ایتالیا، سوید وئەنگلتەرا لە ساڵی ١٩٩٠ چێ بوو. ئەم گرووپانە ساڵی سێ جارێ کۆبوونەوەیان دەبێت و لە کانوونی دووەمی ٢٠٠١دا سێیەمین کۆبوونەوە لە نوسینگەی گشتی سازکرا.



ئامادەکردنی نامیلکەی رێنوێنی گەڕان بە دوای تاوانە کۆمپیوتەرییەکان، کتێب و cd رێنوێنی تاوانی کۆمپیوتەری سازکردنی خولی راهێنان بۆ هێزەکانی پۆلیس لە ماوەی ٥ ساڵی رابردوو، سازکردنی سیستەمی هۆشداری دەرەوە کە پێکهاتوو لە سیستەمەکانی وڵامدەرەوەی شەو رۆژانە، خاڵەکانی پەیوەندی هەمیشەیی ٢٤ سەعاتە، ئاڵوویر کردنی پەیامی نێونەتەوەیی لە چوارچێوەی فۆڕمی ستاندارد لە بواری تاوانی کۆمپیوتەریدا و ئەنجامدانی چەندین و چەند پرۆژەی لێکۆڵینەوە سەبارت بەو بابەتەی پەیوەندییان بە تاوانی کۆمپیوتەرییەوە هەیە، لە کارو چالاکییەکانی ئەم گرووپە کاریەیە. گرووپی کاری ئەمریکایی تاوانانەکانی بواری تەکنۆلۆجیای زانیاری، پێکهاتوون لە کارناس و پسپۆڕانی وڵاتانی کەنەدا، وەڵاتە یەکگرتووەکان، ئەرژەنتین، شیلی، کۆلۆمبیا، جامایکا و باهاما.
گرووپی کاری ئەفریقیایی تاوانەکانی بواری تەکنۆلۆجیای زانیاری، پێکهاتوون لە کارناسانی ئەفریقیای باشوور، زیمبابوێ، نامیبیا، تانزانیا، ئۆگاندا، بوتسوانا، سوازیلند، تانزانیا لێسۆتۆ و رواندا کە لە ژووەنی ساڵی ١٩٩٨ دامەزرا. ئەوان بە سازدانی خولێکی ڕاهێنان دەستیانکرد بە کارەکانیان. خولی دووەمی ڕاهێنانەکەیان بە یارمەتی دارایی ئەنگلتەرا ساز کرا.
گرووپی کاری باشووری زەریای ئارام و ئاسیا لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠ لە هیند دامەزرا و کارناسانی وڵاتانی ئوستراڵیا، چین، هۆنگ کونگ، هیند، ژاپۆن، نیپال و سریلانکا تێیدا ئەندامن.
ئەم گرووپە کارییە کۆمیتەی ستراتیژیکی تاوانەکانی تایبەت بە تەکنۆلۆجیای زانیاری وەك میناکی خۆی داناوە و بە مەبەستی هەماهەنگکردنی چالاکیەکانی نێوان گرووپەکارییە ناوچەییەکان لەو شوێنەی نوسینگەی گشتی ئەنتەرپۆلی لێیە، دامەزراوە.

ڕێکخراوی پۆلیسی تاوانی نێونەتەوەیی، تاوانە کۆمپیوتەرییەکانی بەم شـێوەی خوارەوە پۆلێنکردووە:

**١- بەدەستهێنان بە شێوەی ناقانوونی**

١-١ دزەکردنی ناقانوونی
١-٢ گوێهەڵخستن بە شێوەی ناقانونی
١-٣ دزینی کاتی کۆمپیوتەرەکان

**٢- گۆڕینی داتا کۆمپیوتەرییەکان**

٢-١ بۆمبای لۆژیکی
٢-٢ ئەسپی ترۆجان
٢-٣ ڤایرۆسی کۆمپیوتەریی
٢-٤ کرمی کۆمپیوتەریی

**٣- کلاوچیەتی کۆمپیوتەری**

٣-١ سندوقی پێدانی پارە و دراو
٣-٢ ساختەکاریی کۆمپیوتەریی
٣-٣ مەکینەی یاری
٣-٤ دەستێوەردان لە قۆناغی چوونە ژوورەوە/هاتنەوە دەرەوە.
٣-٥ ئامێری وەرگرتن و بەخشینی دراو (خاڵی فرۆش).
٣-٦ خراپەکاری تەلەفۆنی



**٤- کۆپیکردنی ناقانوونی**

٤-١ یارییە کۆمپیوتەرییەکان
٤-٢ سۆفتوێرەکانی دیکە (باقی بەرنامەکان)
٤-٣ تۆپۆگرافی.

**٥- سابوتاژی کۆمپیوتەری**

٥-١ ئامێر (hardware)
٥-٢ بەرنامە (software)

**٦- باقی تاوانە کۆمپیوتەرییەکان**

٦-١ سیستەمەکانی تابلۆی ڕاگەیاندنی کۆمپیوتەریی.
٦-٢ دزینی نهێنیە بازرگانییەکان.
٦-٣ باقی ئەو بابەتانەی دەکرێ بە دواداچوونیان بکرێت.

### ٣-٤-٤: پۆلێنبەندی لە کونوانسیونی تاوانەکانی سایبرنێتیک

ئەم کۆننوانسێونە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠١ لە لایەن ٣٠ وڵاتی پێشکەوتووەوە واژۆ کرا و ئەم ئەرکانەی خوارەوەی پێ سپێردراوە:

هەماهەنگکردنی پێکهێنەرە سەرەکییەکانی تاوان لە تەك یاساکانی تاوانی ناوخۆیی وڵاتان و پرسەکانی تایبەت بە بەشی تاوانەکانی سایبرسپەیس.

أ- فەراهەمکردنی دەسەڵاتی پێویست بۆ "پەیڕەوی ناوخۆی داد پرسیی تاوانی ناوخۆیی" بۆ بە دواداچوون و دۆزینەوەی ئەم جۆرە تاوانانە. بێجگە لە

تاوانەكانی تر كە بە كەڵكوەرگرتن لە سیستەمە كۆمپیوتەرییەكان ئەنجام دەدرێن.

ب- دانان و كۆكردنەوەی سیستەمێكی خێرا و كارا بە هاوكاری نێونەتەوەیی.

ج- كۆنوانسیونی نێونەتەوەیی تاوانەكانی كۆمپیوتەریی بوداپێست (٢٠٠١) ئەمانەی خوارەوەی وەك تاوان پێناسە كردووە:

- دزە كردن بۆ ناو سیستەمە كۆمپیوتەرییەكان بە شێوەی ناقانوونیانە.
- گوێهەڵخستنی ناقانوونی بۆ زانیارییەكان و پەیوەندییە كۆمپیوتەرییەكان
- تێكدانی داتا كۆمپیوتەرییەكان
- تێكدانی سیستەمە كۆمپیوتەرییەكان
- ساختەكاری كۆمپیوتەریی
- كلاوچییەتی كۆمپیوتەریی (قۆڵبڕی كۆمپیوتەریی)
- خراپ بەكارهێنانی ئامرازە كۆمپیوتەرییەكان
- پۆرنوگرافی منداڵان
- كۆپیكردنی ناقانوونیانەی بەرنامە (سۆفتوێرە) كۆمپیوتەرییەكان و پێشێلكردنی مافی ئەدەبی و هونەری.

## ٥-٣: شەش نیشانەی خراپەكارانی ناو تۆڕەكان (شەش نیشانی تێكدەرانی تۆڕەكان)

١- ئەگەر هاتوو تێكدەرێك دزەی كردە ناو تۆەڕكەتانەوە، ئەوا لەوانەیە ژمارەی حسابی بانكیەكەتان بگۆڕدرێت.



٢- تێكدەرانی تۆڕەكان بۆ ئەوەی بتوانن دزە بكەنە ناو ئەنترانێتەكەتەوە، ئەوەندە هەوڵی بۆ دەدەن هەتا تێیدا سەربكەون. جا هەندێ جار ئەگەر هاتوو تێكدەرێك بە سەركەوتوویی دزەی كردە حسابی بانكییەكەتەوە، فایلەكەی بە شێوەیەكی ئۆتۆماتیكی داناخرێت.

٣- هەندێ جار بۆ ئەوەی دزە بكەنە ناو كۆمپیوتەرەكە ناچارن كۆدێكی تازەی پێبدەن. بۆ ئەم كارەیش پێویستە كۆمپیوتەرەكە دووبارە رێكبخرێتەوە. كەواتە ئەو دووبارە رێكخستنەوەی كۆمپیوتەرەكان كە بە شێوەیەكی چاوەڕوان نەكراو روودەدا، دەتوانێ هێمایەك بێت لە دزەكردنی تێكدەران بۆ ناو كۆمپیوتەرەكەت.

٤- هەندێ جار تێكدەرانی تۆڕەكان بە سڕینەوەی چەن بەشی فایلێك دەتوانن جێ پێی خۆیان بشارنەوە كەواتە ئەو بەشانەی لە فایلێك كە دەسڕدرێنەوە دەتوانێ شوێنی دزەكردنی تێكدەرانی تۆڕەكان بۆ ناو فایلێكی كۆمپیوتەرەكە بێت.

٥- هەندێ جار چاوەڕوان دەكرێت ماوەی پەیوەندیگرتنی نێوان دوو كۆمپیوتەر لە رێگەی تۆڕەوە لە كاتێكی دیاریكراودا زۆر كەم بێت، كەچی ترافیكی زۆر لەو شوێنەدا دەبینرێت. دوور نیە تێكدەرانی تۆڕەكان لە هەوڵی ئەوە دابن دزە بكەنە ناو ئەو سیستەمانە و هەر ئەمەیش بووبێتە هۆكاری ئەو ترافیكەی نێوانیان.

٦- هەر سیستەمێك چەند بەشێكی جیا لە بەشەكانی تری هەیە كە تەنیا كەسانی تایبەت بۆیان هەیە دەستیان پێبگات. هەندێ جار تێكدەرانی تۆڕەكان لەم بەشانەدا دەبینرێن.

## ٤- ڕێکارە ئەمنییەکانی تۆڕ

### ٤-١: کۆنترۆڵی حکومی

بێجگە لە کەڵکوەرگرتن لە ئیمکانیاتی تەکنیکی، شێوازی دیکەیش بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەنتەرنێت پێشنیار کراوە. بە پێی ئەم شێوازە سیاسەتی گشتی وڵات ئەمەیە کە ڕێگە نەدات بە بەدەستهێنانی پێگەی تێکدەر و بەدڕەوشتی. حکومەت هەر لە خاڵی هاتنە ژوورەوەی تۆڕە جیهانییەکان بۆ وڵات فیلتەری تایبەت دادەنێت و بەم شێوەیە تۆڕەکان کۆنترۆڵ دەکات.

### ٤-٢: کۆنترۆڵ لەلایەن دامودەزگاکانەوە (کۆنترۆڵی دامودەزگایی)

شێوازێکی تری کۆنترۆڵکردنە لە لایەن دام و دەزگاکانەوە، زیاتر ئەو دەزگا و فەرمانگە یان ڕێکخراوانەی بەرپرسی پەیوەندیگرتنی هاوڵاتیانن و ڕێکخستنی کاروباری ئەنتەرنێتیان لە ئەستۆ دایە دەبێ خۆیان تۆڕەکان کۆنترۆڵ و چاودێری بکەن تا بە ئیلزامی قانوونی و ئەخلاقی ئەم ئەرکە مسۆگەر دەبێت.

### ٤-٣: کۆنترۆڵکردن لەلایەن تاکەوە (کۆنترۆڵی تاکەکەسی)

لەم جۆرە کۆنترۆڵکردنەدا، گشت بەڵێنەکانی بۆ جێبەجێکردنی کۆنترۆڵ لە دەروونی تاك دایە و تاك بە پێی ویژدانی خۆی و بە پێی بنەمای ئەخلاقی و ئایینی، بە گوێرەی پێویست چاودێریی تۆڕە جیهانییەکان دەکات. ئەم باوەڕە و ئەم فەرهەنگە لە چوارچێوەی خێزانیش دا ڕەچاو دەکرێ و لەوانەیە خزم و کەسیش لێی فێر بن. هەڵبەت ئەم شێوازەی دوایی بە مەرجێ کاریگەر دەبێت کە دابەش کردنی هێڵەکانی بەشداری IP پاش ئەوەی داواکارەکە بە تەواوەتی ناسرا و بە لە بەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکەی ئەنجامبدرێت. دەنا



ئەم شێوازەی کۆنترۆڵکردن لە لایەن یەکە یەکەی تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەر لە خەیاڵدا دەمێنێتەوە. خەیاڵێك کە زۆربەی باندۆڕە خراپەکانی ئەم تۆڕەی بۆ لە ناو نابرێت و ناتوانێ بیکاتە تۆڕێکی بەکەڵك.

### ٤-٤: بەهێزکردنی ئەنترانێتەکان

لە لایەکی دیکەوە بەهێزکردنی تۆڕەکانی ناوخۆ واتە ئەنترانێت دەتوانێ ڕۆڵێکی کاریگەری بێت لە کەمکردنەوەی ئاستی چەپەڵی فەرهەنگی و زانیاری لە ئەنتەرنێتدا. دانانی پچڕپچڕی زانیاری بە کەڵکی ئەنتەرنێت لە سەر تۆڕەکانی ناوخۆ یان ئەنترانێتەکان، لە گەڵ ئەوەی خزمەتگوزاری و زانیاری بەکەڵك فەراهەم دێنێت. پاش ماوەیەکیش ئەرشیڤێکی دەوڵەمەند و سودبەخش لە زانیاری هەمەڕەنگ لە چوار قوڕنەی دنیاوە دەخاتە بەردەستی بەکارهێنەران و بەمەیش زانیاری ناوخۆیی زیاد و بەرۆژ دەکات و دەتوانێ وەك ژێرخانی زانیاری وڵات پێشنیار بکرێت. بە هەر حاڵ، خێرایی زۆر و تێچوونی کەمی ئەنترانێتەکان دوو فاکتەرن بۆ ئەوەی بەکارهێنەران ڕوو لە تۆڕەکانی ناوخۆ بکەن. چونکە پێناچێت شوێنێکی گونجاو بێت بۆ زانیارییە دەستنیشان کراوەکانی سەر ئەنتەرنێت.

### ٤-٥: هەبوونی سیستەمێکی یاسایی ئەنتەرنێتی

بابەتێکی دیکە کە پسپۆڕان وەکو ژاربڕێك بۆ زیانە ئەنتەرنێتییەکانی وەك هوروژمی فەرهەنگی، زانیاری چەوت و یا خود ئاکامەکانی دژەئەخلاقی دایدەنێن ئەویش هەبوونی سیستەمێکی یاسایی ئەنتەرنێتییە کە لە لایەن بریکارێکی بەهێز و کارزانەوە بەڕێوەبەرایەتی بکرێت و بتوانێ ئەنتەرنێتی سەرکەش و یاخی کۆنترۆڵ بکات و بە شێوەیەکی شیاو کەڵکی لێوە بگیرێت.

ئەگەر ئەم سیستەمە هاوکات لە تەك سیستەمێکی یاسایی و دادپرسیی گشتگیر و بنەڕەتی بێت، ئەوا تاوانکاری و خراپ بەکارهێنانی ئەم ئامرازە بە ئاسانی دیاری دەکرێت و لە ڕووی یاساییشەوە بەدواداچوونی لێ دەکرێت. کەواتە ئاستی خراپ بەکارهێنان و ژێر باندۆڕی فەرهەنگی بێگانە کەوتن بە ڕادەیەکی بەرچاو دادەبەزێت.

## ٤-٦: کاری بەربلاوی فەرهەنگیی بۆ هۆشیارکردنەوەی بەکارهێنەران

بە گشتی، گرنگترین شێواز، کاری بەربلاوی فەرهەنگی بۆ هۆشیارکردنەوەی بەکارهێنەرانە. هەر ئەوندە بەسە ئەوان هۆشیار ببنەوە لەوەی کە حەز و داخوازی بۆ پێگە نائاساییەکان و پەیوەندیگرتن پێیانەوە لە گومڕایی و فەنابوون زیاتر هیچی تری بەدواوە نیە. دەبێ پارێزی دەروونی و بیروباوەڕی ئایینیی بەکارهێنەران گەشەی پێ بدرێت و بەهێز بکرێت. کەواتە باشترین شوورە (فایروالْ) بۆ ڕێگە گرتن لە مەترسی ئەنتەرنێت و باندۆرە نیگەتیڤەکانی ویژدانی دەروونی و بیروباوەڕی ئایینی نەوەکانە. بەشێك لەم بیروباوەڕەیش دەبێ لە لایەن زانایانی ئایینی لە ناخی نەوەی گەنج و مرۆڤی سەردەمدا بەهێز بکرێت.

## ٤-٧: فایروالەکان(شورەکان)

فایروالْ یان شوورە تۆڕە بچووکە ماڵیەکان و تۆڕە گەورەکانی کۆمپانیاکان لە ئەگەری پەلاماری هاکەرزەکان و ماڵپەڕی نالەبار و مەترسیدار دەپارێزێت.هەروەها لەمپەر و کۆسپێکە کە سامان و شتە تایبەتیەکان لە بەردەست هێزەکانی پەلاماردەر دوور دەخاتەوە.



شوورە پرۆگرام (سۆفتوێر) یاخود ئامێرێکە (Hard ware) کە زانیارییە هاوردەکان بۆ ناو کۆمپیوتەر و تۆڕە تایبەتیەکان دەپاڵێوێت. ئەگەر بەستەیکی زانیاری هاوردە، بە فیلتەر نیشان بکرێت، ئەوا ئیتر ڕێگەی پێنادرێت بچێتە نێو تۆڕ یان کۆمپیوتەری بەکارهێنەرەکەوە. بۆ نموونە لە کۆمپانیایەکی گەورەدا زیاتر لە سەد کۆمپیوتەر هەن کە بە کارتی تۆڕەوە پێکەوە بەستراونەتەوە. ئەم تۆڕە لۆکاڵیە بە یەك دوو هێڵی تایبەتەوە دەبەسترێتەوە بە ئەنتەرنێت. ئەگەر کەڵك لە شوورە وەرنەگیرێت. گشت کۆمپیوتەر و زانیارییەکانی ئەم تۆڕە دەکەونە بەردەست کەسێکی دەرەوەی تۆڕەکە و ئەگەریش ئەم کەسە لێی بزانێت دەتوانێ تەك تەکی کۆمپیوتەرەکان تاوتوێ بکات و پیوەندییەکی هۆشمەندانەیان لە گەڵدا ببەستێت. لەم حاڵەتەدا ئەگەر بێتوو فەرمانبەرێك هەڵەیەك بکات و چالێکی ئەمنی دروست بێت، ئەوا دزەکەرەکان (هاکەرزەکان) دەتوانن بچنە نێو سیستەمەکە و بە خراپە کەڵك لەم چاڵە وەرگرن.

بەڵام هەبوونی شوورەیەك گشت ئەمانە دەگۆڕێت. شوورەکان لە سەر ئەو هێڵانە دادەبەزن کە پەیوەندی بە ئەنتەرنێتەوە دەگرن و پێڕەوی هەندێ یاسای ئەمنین. بۆ نموونە یەك لەو یاسا ئەمنییانەی کۆمپانیاکە دەتوانێ بەم شێوەیە بێت:

لە کۆی گشت ٥٠٠ کۆمپیوتەری کۆمپانیاکە تەنیا یەك دانەیان دەتوانێ و بۆی هەیە لاپەڕەی ftp ڕابکێشێت. دەبێ شوورەکە ڕێگە لە پەیوەندی کۆمپیوتەرەکان لە ڕێگەی ftp یەوە بگرێت.

ئەم کۆمپانیایە دەتوانێ بۆ وێب سێرڤێرەکان و سێرڤێرە هۆشمەندەکان و..... هتدیش لەم جۆرە یاسانە ڕەچاو بکات. هەروەها کۆمپانیاکە دەتوانێ شێوازی پەیوەندی گرتنی بەکارهێنەران – فەرمانبەران- بە ئەنتەرنێتەوە کۆنترۆڵ

بکات. بۆ نموونە نەهێڵێت فایل لە تۆڕەکەوە بۆ دەرەوە بنێردرێت. لە ڕاستیدا هەر کۆمپانیایەك دەتوانێ بە کەڵکوەرگرتن لە شوورە، شێوازی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت دیاریبکات. شوورەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی رەوتی هاتوچۆی سەر تۆڕەکان سێ میتۆد بە کار دەبەن:

١- Packet Filtering

بەستەیەکی زانیارییە، بە پێی ئەو فیلتەرانەی داندراون، شیدەکرێتەوە و تاوتوێ دەکرێت. ئەو بەستانەی وا لە فیلتەرەکان دەرباز دەبن، دەنێردرێن بۆ سیستەمی پێویست و ئەوانیتر رەتدەکرێنەوە.

٢- Proxy Services

شوورە زانیارییەکانی سەر ئەنتەرنێت ڕاست دەکاتەوە و پاشان بۆ سیستەمی دەنێرێت. بە پێچەوانە شەوە.

٣- State full Inspection

لەم میتودە نوییەدا ناوەڕۆکی هەر بەستەیەك لەتەك هەندێ بەستەی زانیاری تایبەت کە زانیاری باوەڕ پێکراویان لە سەرە بەراورد دەکرێ. ئەو زانیارییانەی دەبێ لە ناوەوەی شوورەکەوە بنێردرێنە دەرەوە(زانیاری هەنارده) لەتەك ئەوزانیارییانەی لە دەرەوە دەهێنرێنە ناوەوە(زانیاری هاوردە) لە ڕووی تایبەتمەندییەکانیانەوە بەراورد دەکرێن. ئەگەر پەیوەندییەکی لۆژیکیانەیان پێکەوە بوو ئەوا ڕێگەی دەربازبوونیان پێدەدرەێت، دەنا ڕێگە بە گۆڕینەوەی زانیارییەکان نادرێت.



## ٤-٧: داڕشتنی سیاسەتی نەتەوەیی لە بەستێنی جیهانیدا

لەڕاستیدا بەبێ ڕەچاوکردنی چەند میناکی نەتەوەیی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەتەك ئەنتەرنێتدا ناتوانین باس لە داڕشتنی سیاسەت لە سەربنەمای تێگەیشتنی جیهانی بکەین. کەواتە ناساندنی چەند نمونەیەك بە کورتی پێویستە، کە ئەم نموونانە لەتەك سێ ڕووکردی فراژین خواز، سەقامخواز و میانەخوازدا زیاتر یەك دەگرنەوە.

### ٤-٧-١: میناکی ئەمریکایی

لە ئەمریکا ئەنتەرنێت هەم وەکوو مەترسی بۆ سەر ئاسایش و هەمیش وەك گەورەترین دەرفەتی نەتەوەیی چاوی لێدەکرێت. کۆشکی سپی لە ٥ ی کانونی دووەمی ٢٠٠١دا لە ژێر ناونیشانی"ستراتێژی ئاسایشی نەتەوەیی لە سەدەی نوێدا" بەیانێکی دەرکرد. لەم بەیانەدا وێڕای ناوبردنی بەرژەوەندییە هەرە پێویستەکانی ئەمریکا، وەك گرنگترین ئامرازی دیپلۆماسیی جەماوەری، باس لە ئەنتەرنێت کراوە.

پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای ئازاد لە ئاستی جیهانی وپەرەسەندنی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وەك ئەنتەرنێت توانای هاووڵاتیان و ڕێکخراوەکانی زیادکردووە، ئەم توانایەش بەڕادەیەك کاریگەری لە سەر سیستەمە حکومەتیەکان داناوە، کە خەیاڵیش بە لایدا ناچێت. دیپلۆماسی جەماوەری (واتە هەوڵدان بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان و پەیامەکانمان بۆ جەماوەری جیهانی) یەکێ لە رەهەندە گرنگەکانی ستراتێژیی ئاسایشی نەتەوەیی ئێمەیە.ئێمە دەبێ بە شێوەیەك پلان دابنێین تاوەکو توانا و دەسەڵاتمان لە مەڕ گەیاندنی زانیارییەکان

و دانانی کاریگەری لە سەر نەتەوەکانی ولاّتانی دیکە لە ئاست بەرژەوەندییەکانی ئەمریکادا، بە هێز و پتەو بکات. هەروەها پەرە بە گفتوگۆی نێوان هاولاّتیان و ڕێکخراوە ئەمریکاییەکان لە تەك هاوتاکانیان لە باقی ولاّتان بدات. پەرەپێدانی ئەنتەرنێت لە ناوخۆی ولاّت و بە کارهێنانی بۆ کاریگەر بوون بە سەر ئەوانی ترەوە، بەشێکی گرنگی سیاسەتە ستراتیژییەکانی ئەمریکایە.

زیاد بوونی ڕێژەی تاوانی کۆمپیوتەریی لە ئەمریکا بە تایبەت پەلاماردانی ماڵپەرەکانی Yahoo و Amazon، سەرۆکی FBI ی ناچار کرد لە شوباتی ٢٠٠٠دا داوا لە کۆنگریس بکات ٣٧ ملیۆن دۆلار بە بودجەی ١٠٠ ملیۆن دۆلاری وەزارەتی داد زیاد بکرێت بۆ ئەوەی بەرهەڵستکاری دژ بە تاوانە کۆمپیوتەرییەکان بکات. هەروەها کلێنتون هەر لەو مانگەدا داواکارییەکی؟ و ملیۆن دۆلاری خستە بەردەم کۆنگرێس بۆ دامەزراندنی "سەنتەری ئاسایشی نەتەوەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەتەك پەلاماردەرانی ماڵپەرەکان" (بە پشکداریی کۆمپانیا ئەنتەرنێتییەکان و بازرگانانی بواری ئەلەکترۆنیك).

### ٢-٧-٤: میناکی ئیسرائیل

ئەم ولاّتە لە ١٩٩٤ هەتا ساڵی ٢٠٠٠ بووە بە زلهێزێکی پیشەسازی بواری ئەنتەرنێت.

**ئەم ولاّتە لە ئاستی ناوخۆدا ئەم سیاسەتانەی خوارەوەی پەیڕەو کردوە:**

* تەرخانکردنی ٣٪ ی GDPی ولاّت واتە ٩٠ میلیارد دۆلار بۆ لێکۆڵینەوەو پەرەپێدانی بواری تەکنولۆجیای پیشکەوتوو.



* مەشق و ڕاهێنانی لێهاتوویی کۆمپیوتەریی لە کاتی سەربازیدا و بەردەوامبوونی ڕاهێنان و فێرکاری بۆ هێزەکانی یەدەگ.

* بەرهەم هێنانی Check point بۆ کاروباری سەربازی کە یەکێکە لە دڵنیاترین و پڕفرۆشترین شوورەکانی جیهان و ولاّتانی عەرەبیش پشتی پێدەبەستن، ئەمەیش یەکێکەلە سیاسەتە جیهانییەکانی ئەم ولاّتە.

### ٣-٧-٤: میناکی چین

چین بە شێوەیەکی فەرمی ڕایگەیاندووە کە بە دوای هاوسەنگی نێوان ڕەوتی ئازادی زانیارییەکان و پاراستنی کلتوور و بەها کۆمەڵایەتییەکانی خۆیەتی. پیتەرپیت جێگری کۆمپانیای ئەنتەرنێتی حکومی چین گوتوویەتی:

" ئێمە ئەنتەرنێتمان بۆ پورنوگرافی و بابەتی هەستیاری سیاسی ناوەێت بەلاّم تەنانەت لەتەك فیلتەرکردنیشیدا ئیمە ئەنتەرنێت وەك تاکە هێز و گرنگترین هێز دادەنێین کە دەرگاکانی چین بەرووی دنیادا دەکاتەوەو بوار بۆ ئاڵوگۆڕی ئابووری خۆش دەکات. چین لە جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژییەتەدا ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی هەڵێناوە:

* سەرمایەگوزاری زۆر لە بواری پیشەسازیی ئەلەکترونیك، گەیاندن و کۆمپیوتەردا.

* هەنگاوی بەربلاّو و ڕێکوپێك بۆ کۆپیکردن، قفڵ شکاندن و کلۆنینگی سۆفتوێرەکان و بەرنامەکارکردییەکان کۆمپیوتەرییەکان و بە هێز کردنی پیشەسازی مەزنی سوفتوێر لە چین.
* دامەزراندنی کۆمپانیای حکومی ئەنتەرنێتی چین و قۆرخکردنی هاتنی ئەنتەرنێت بۆ ولاّت تەنیا لەڕێگەی ئەم کۆمپانیایەوە.

* هاوکاریکردنی کۆمپانیاکە لە تەك زلهێزە ئەنتەرنێتیەکانی ئەمریکا بۆ چێ کردنی خزمەتگوزاری بە پێی وێب، بە ستانداردی AQL و Netscape بۆ بەرهەمهێنانی تۆێژەری ئەنتەرنێتی بە زمانی چینی.

* تەرخانکردنی پارەیەکی زۆر بۆ فیلتەرکردنی ناوەڕۆکی ئەخلاقی و سیاسی نالەبار لە ئەنتەرنێتدا.

### ٤-٧-٤: میناکی وڵاتانی عەرەبی کەنداوی فارس

بە گشتی لە وڵاتانی کەنداودا حکومەت کۆنترۆڵی بەهێزی بە سەر ناوەڕۆك و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان هەیە. ئەم کۆنترۆڵکردنە هۆکاری ئاینیی، سیاسی و هەروەها گوشاری ناخۆی لە پشتە. شێوازی سەرەکی بۆ کۆنترۆڵکردنی زانیارییە ئەلەکترۆنییەکان لەم ولاتانەدا قۆرخکردنی ڕاگەیاندنە لە لایەن کۆمپانیاکانەوە.

یەکێك لە دەرەنجامە سەرەکییەکانی ئەم کۆنترۆڵی حکومییە، درەنگ کەوتنی گەیشتنی ئەنتەرنێتە بۆ ئەم وڵاتانە و هەروەها بە شێنەیی پەرەسەندن و گشتگیر بوونیەتی. لە وڵاتانی عەرەبی کەنداوی فارسدا حکومەت و زانکۆکان وەك فاکتەری پەرەپێدانی ئەنتەرنێت ڕۆڵیان نەبووە. لەباتی ئەمە بازرگانی ئازاد و بازرگانە بیانییەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتانە، زیاتر تامەزرۆی ئەنتەرنێتن و زیاترین بە کارهێنەرانیش هەر ئەمانن. لە ڕاستیدا هیچ کەس، ڕێکخراوە، یاخود بازرگانیەکی مەدەنی بەبێ پشتبەستن بە وێب و ئەنتەرنێت ناتوانێ لە ململانێی جیهانی بۆ بە دەستهێنانی سەرچاوەی سرووشتی و ئابووری کەنداوی فارس درێژە بە مانەوەی خۆی بدات.

ئابووری شوێنکەوتووی ناوچەکە و هەروەها تێکەڵ بوونیی بە ئابووری جیهانی، ناچار پێویستیی پەیوەستبوون بە ئەنتەرنێت دێنێتە ئاراوە. بازاری فرۆشی



ئەنتەرنێت لە وڵاتانی عەرەبی کەنداوی فارس لە سەربنەمای بازرگانییە. وڵاتانی کەنداوی فارس لە ڕووی سیاسەتدانانەوە لە بواری ئەنتەرنێتدا لە سەر شەبەنگێکن کە لە سەرێکییەوە ئێراق و لە سەرەکەی تریەوە یەمەن و قەتەرە.

**ئێراق:** هەتا ئیستا بە شیوەیەکی فەرمی پەیوەندی بە ئەنتەرنێتەوە نەگرتووە و مۆدێمە شەخسیەکانی قەدەغە کردووە. لە لایەکی ترەوە یەمەن و قەتەر هەر چەشنە کۆنترۆلێکیان بۆ سەر ئەنتەرنێت لابردووە و بە تەرخانکردنی سەرمایە بۆ پەرەپێدانی ژێر خانەکان گرنگی زیاتریان بە قازانج و سوودەکانی ئەنتەرنێت داوە تا مەترسییەکانی.

**کوێت:** لە ساڵی ١٩٩٤ دا بە کەڵکوەرگرتن لە سیستەمی گەیاندنی یەکسەر هاوردە دەستی کرد بە خزمەتگوزاریی گشتی لە بواری ئەنتەرنێتدا. وەزارەتی گەیاندنی کوەیت سەرەتا مافی تایبەتیی ISPدا بە گۆڵف نێت و پاشان کۆمپانیایەکی تر. گۆڵف نێت لە ڕێگەی مانگی دەسکردی Sprint بە ئەمریکاوە بە ستراوەتەوە. خوێندکارانی کوێتی بە بێ ئەوەی پارەیەك بدەن دەتوانن کەڵك لە ئەنتەرنێت وەرگرن.

**عومان:** بۆ قەرەبوو کردنەوەی دواکەوتوویی خۆی لە چاو باقی ولاتانی کەنداو، دووبارە بونیاد نانەوەی سیستەمی گەیاندنی خستووەتە ئەولەویەتی کارەکانییەوە. لە چوارچێوەی پلانێکی نیشتمانی بۆ ژێر خان و خزمەتگوزاریی گەیاندن، GTO(دەزگای گشتی گەیاندن) پلانێکی بۆ ساڵی ٢٠٠٠خستەڕوو کە تێیدا ئەگەری بەدەستهێنانی هەر زانیارییەك لە هەر کات و لە هەر شوێنێك و بەهەر شکڵێك بۆ حکومەت و کەرتی تایبەت پێشبینی کراوە.

GTO لە ساڵی ١٩٩٥دا کەمکردنەوەیەکی نهێنی نێونەتەوەیی بۆ ISP ڕاگەیاند. لەم کەمکردنەوە نهێنییەدا Sprint ی ئەمەیکایی هەڵبژێردرا و

بێجگە لە سازکردنی ماڵپەر، بەڕێوە بردنیشی بۆ ماوەی ٥ساڵ لە ئەستۆ گرت. بە دەستهێنانی گشتی ئەنتەرنێت لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٦ فەراهەم بووە و لە ڕووی بازرگانییەوە بەکارهێنانی خێرا پەرەیسەند.

**قەتەر:** مۆدێرنترین تۆڕی گەیاندنی ناوچەکەی سازکردووە. Qtel مافی تایبەتی گەیاندنی حکومی قۆرخ کردووە کە تاکە ISP وڵاتی هەیە. بەڵام هەندێ لێکوڵێنەوە لەمەڕ بەکەرتی تایبەتکردنی بە شێوەیەکی ناململانێیی لە ئارادایە. حکومەت لە پاڵ ئەنتەرنێتدا بە مەبەستی گەشەکردنی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بە خێرایی سیستەمێکی زانیاری ژیۆفیزیکی پەرەپێداوە، بەڵام خوێندنی باڵا و زانکۆکان کەڵکی ئەوتۆیان لێ وەرنەگرتووە. قەتەر تاکە وڵاتی کەنداوی فارسە کە خۆی وەك ناوچەیەکی بێ سانسۆر لە ڕووی زانیارییەوە ناساندووەو هیچ چەشنە کۆنترۆڵێکی بە سەر بابەتەکانی ئەنتەرنێتەوە نیە. تەنیا بابەتی هەستیاری حکومەت مەسەلەی پۆرنوگرافییە کە بە کۆمەکی شوورەکان تاڕادەیەك کۆنترۆڵی دەکات.

### میرنشینە عەرەبە یەکگرتووەکان (ئیمارات)

لە ساڵی ١٩٩٥ هەرزانترین و چاودێرانەترین خزمەتگوزاری لە بواری ئەنتەرنێتدا خستووەتە ڕوو.لەچاو جەماوەرەکەی زۆرترین کۆمپیوتەری هەیەکە بە ئەنتەرنێتەوە بە سترابێتەوە. حکومەت و کەرتی بازرگانی و زانکۆکان بە هەموویانەوە پشتیوانی ئەنتەرنێتن و بە شێوەیەکی باش کەڵکی لێوەردەگرن.

وەزارەتی گەیاندن چەند پرۆکسی سێرڤێری گرانبایی داناوە و ئالۆویری گشت داتاکانی پێ کۆنترۆڵ دەکات. لە هەمان کاتدا، ئیمارات زۆرترین باس و



دەمەقاڵەی ڕای گشتی سەبارەت بە مەترسییەکانی بە کارهێنانی ئەنتەرنێت بە خۆوە دیتووە.

**عەرەبستانی سعوودی:** گەورەترین و پارێزگارترین وڵاتی ناوچەکەیە. بە نیسبەت بابەتگەلی بەدرەوشتی و چالاکیەکانی تاراوگە نشینانی دەرەوەی وڵاتەوە هێجگار هەستیارە. هێشتا ئەنتەرنێت لە سعوودیا زۆر پەرەی نەسەندووە و نەکەوتووەتە بەر دەست جەماوەری گشتی، بەڵام هەندێ لە بەشە حکومییەکان، پزیشکییەکان و زانکۆییەکان لە ڕێگەی پەیوەندییەکی سەتەلایەتی بە ئەمریکاوە کەڵك لە ئەنتەرنێت وەردەگرن.

سعوودیا بۆ ماوەی ٢ ساڵ درێژەیدا بە گرانترین پرۆژەی شرۆڤەکاری لە بواری کارکرد و پێداویستییەکانی ئەنتەرنێت. لەئەنجامدا سەبارەت بەهاتنی ئەنتەرنێت بۆ ناوەوەی وڵات و بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی تێکڕای زانیارییە هاوردەکان بە شوورەیەکی نیشتمانی، (بۆ ڕێگەگرتن لە بەدەستهێنانی بابەتی نالەبار) شێوازی بەڕێوبەرایەتی تەواو سانترال لە لایەن حکومەتەوە پەسند کرا.

### ٥- ئەنتەرنێت و ئاسایشی فەرهەنگیی لە ئێران

لە جەرگەی شەڕی تێڕوانینیەکاندا، نابێ ئەم ڕاستیەمان لە یاد بچێت کە حاڵی حازر ئەنتەرنێت لە ئێراندا ڕۆڵێکی هێجگار کارا لە بواری ئاسایشی فەرهەنگییەوە دەگێڕێت. لەڕووی زانستییەوە زیادبوونی توانای خوێندکاران، ماموستایان و توێژەرانی ئێران بۆ بە دەستهێنانی سەرچاوە ئەلەکترۆنییەکان و پەیوەندیی زانستی لەتەك زانا و بیرمەندانی باقی وڵاتان، تەواو قەرزباری ئەنتەرنێتی کەسانی زانکۆییە. بە نیسبەت زیاد بوونی رادەی توانای بەدەست هێنانی هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، وەرگرتنی بیروڕای جیاجیا و هەروەها فەراهەمبوونی بواری گفتوگۆوە، ناکرێ ڕۆڵی ئەنتەرنێت لەبەر چاو نەگیرێت.

ئەمڕۆکە ماڵپەرە ئێرانییە جیاجیاکان بە پێکهێنانی گرووپگەلی هێجگار نوێی باس و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پرسە جیهانی و نیشتمانییەکان بە ستێنێکی بەرفراوانیان بۆ گەڕان بەدوای ئاگایی و دەربڕینی بیروڕای پسپۆڕانە و گشتی فەراهەم کردووە (سیك ١٩٩٩). بەدواداچوونی ڕاپرسییە ئەنتەرنێتییەکان لە مەڕ هەڵبژاردنی پارلەمانی شەشەم، هەڵبژاردنی سەرۆکی پارلەمان، سوود یا خوود زیانی پەیوەندی لەتەك ئەمریکا، هەڵبژاردنی گرنگترین کەسایەتی ئێرانی سەدەی بیستەم، هەمووی ئەمانە ئەوە نیشان دەدات کە ئەنتەرنێت بواری تەواو گونجاوی بۆ ئێرانییەکان سەبارەت بە دربڕینی ئازادانەی بیروڕاکانیان و بەشداری کردنیان لە کاروباری سیاسی و فەرهەنگی ڕەخساندووە. تەنانەت هەندێ لە پارتەکان و پالێوراوانی نوێنەرایەتی بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن کەڵکیان لە ئەنتەرنێت وەرگرتووە.بەم شێوەیە دەتوانین ڕۆڵێکی گرنگ بۆ ئەنتەرنێت لەبەر چاو بگرین لە پەرەپێدانی ئازادییەکان و دیموکراسی و هەروەها بەشداری سیاسی و فەرهەنگییدا.

## ١-٥: پێوەرەکانی ئاسایشی فەرهەنگی لە سیاسەتدانان سەبارەت بە ئەنتەرنێت لە ئێراندا

پێویستە وەڵامی هەندێ پرسیار لەمەڕ ئازادی ڕا دەربڕین، کۆنترۆڵکردنی ڕەوتی زانیارییەکان، یاسا پەیوەندیدارەکان و بە گشتی بیردۆزەی نۆرمی زاڵ بەسەر ڕاگەیاندنە نوێیەکان بدرێتەوە. دەتوانین ئەم پرسیارانە لە ٥ بواری سەرەکیدا شیبکەینەوە:

* مافی پەیوەندی شەخسی
* مافی پەیوەندیی نەناسراو
* مافی پەسوۆرد دانان لە پەیوندییەکاندا



* بەرپرسیارنەبوونی کەناڵی پەیوەندیگرتن بە نیسبەت ناوەڕۆکی پەیوەندییەکەوە
* دەست پێڕاگەیشتنی گشتیی و هەرزان بایی.

بەپێی لێکۆڵینەوەکەی "موحسێنیانڕاد" (١٣٧٩)، بیردۆزەی زاڵ بەسەر ڕاگەیاندنە باوەکانی ئێران لە ساڵی ١٣٧٦، تێکەڵاوێك بووە لە بیردۆزەی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی، پەرەپێدەر و ئایدۆلۆژیك. ئاڵوگۆڕە سیاسییە بنەڕەتییەکان لە ساڵی ١٣٧٦ بەملاوە ڕۆڵی بیردۆزەی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی بەهێزکردووە. بەڵام سەبارەت بەئەنتەرنێت ئەمە تەواو جیاوازە و زاڵبوونی تیۆری لیبراڵی بە نیسبەت دەستپێڕاگەیشتن و بڵاوکردنەوە لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە بەرچاوە. حکومەت هەتا کۆتایی نیوەی یەکەمی ساڵی ١٣٨٠، هیچ چەشنە چاودێری و دەستوەردانیکی بەنیسبەت ئەنتەرنێتەوە نەبووە، چونکە:

١- یاسای سەبارەت بە بڵاڤۆکەکان کە بەر چاوترین یاسایە لە بواری سنوردارکردنی ئازادی بیروڕا، وتاری سەرتۆڕەکان ناگرێتەوە.
٢- تاك، ڕێکخراوە یاخود کۆمپانیاکان لە ڕێگەی هێڵی تەلەفۆنەوە دەستیان بە شوێنەکانی تایبەت بە خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت دەگات.
٣- بۆ بەدەستهێنانی ئەنتەرنێت مۆڵەتی حکومەت پێویست نییە.
٤- بەدەستهێنانی ئەنتەرنێت لە ڕێگەی پۆستە یان پۆستەی ئەلەکترۆنییەوە پێویستی بە هیچ چەشنە مۆڵەتێك لەلایان دامودەزگای حکومییەوە نییە.
٥- دەستوری کار یان بڕیارێك لە بەردەستدا نییە بۆ ئەوەی شوێنەکانی خزمەتگوزاری ناچار بکات سەبارت بە بەشداربووان، بەکارهێنەران و ناوەڕۆکی داتا ئاڵوگۆڕ پێکراوەکان زانیاری بدات بەم دامودەزگا حکومییەکانە.

٦- یاسا یاخود پەیڕەوێکی ناوخۆ لە بەردەستدانییە بۆ ئەوەی ڕێگە لە دانانی پەسوۆرد لە سەر ناوڕۆکی داتا ئاڵوگۆڕپێکراوەکان بگرێت.
٧- یاسایەك نییە بۆئەوەی شوێنەکانی خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت ناچار بکات ناوەڕۆکی بابەتەکان کۆنترۆڵ بکەن.
٨- سیاسەتێك نیە سەبارەت بە سانسۆڕ کردن یا خود داخستنی ماڵپەڕەکان و گرووپەکانی باس و لێکۆڵینەوە و ئەدرەسی پۆستە ئەلەکترۆنییەکان. ئێران شوورە و سیستەمێکی فیلتەرکردنی نیشتمانی و سانتراڵی نییە.
٩- یاسایەك نیە بۆ ئەوەی بەرپرسیارەتی بخاتە ئەستۆی شوێنەکانی خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت سەبارەت بە ناوەڕۆکی ماڵپەڕەکان.
١٠- قاوەخانە ئەنتەرنێتییەکان بەخێرایی خەریکن پەرەدەستێن و هیچ یاسایەکی تایبەتیش بۆ چۆنییەتی دانان و بەڕێوەبردنیان نییە.
١١- خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت بە خێرایی بەرەو هەرزان بوون دەڕوات و حکومەتیش بۆ زانکوکان سوبسیدی بەرچاوی ڕەچاو کردووە. پەرەپێدانی فایبری تیشکیی و زیادکردنی قەبارەی ئاڵۆویری نێونەتەوەیی داتاکان سیاسەتی هەنووکەیی حکوومەتە.

## ٥-٢: گرفتە هەنووکەییەکانی سیاسەتدانان لە بواری ئاسایشی فەرهەنگیی و ئەنتەرنێتەوە

کۆسپ و تەگەرەی جیدی لەبەردەم ڕەوتی سیاسەتدانان بۆ ئەنتەرنێت لە ئێراندا هەیە. ئەم کۆسپانە بەم شێوەی خوارەوە شرۆڤەدەکرێن:
١- نەبوونی ستراتیژییەکی فەرهەنگی سەبارەت بە پیشەسازی نوێ.
٢- نەبوونی سیاسەتی نیشتمانی سەبارەت بە گەیاندن.



- نادیاری و ئاڵۆزی لە بواری ڕیزبەندکردنی پەرەپێدانی تەلەفۆنی نۆرماڵ، مۆبایل و گەیاندنی داتاکان.
- نادیاریی ڕادەی توانستی حکومەت بۆ بەشداریکردنی کەرتی تایبەت لە بواری هاوردن و بڵاوکردنەوەی ئەنتەرنێت.

٣- نەبوونی سیاسەتێکی ڕۆشن سەبارەت بە گومرگ.

سەبارەت بە یاسایی یاخود قەدەغە بوونی هاوردنی ئامێرەکانی وەرگرتن و ناردنی خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت لە ڕێگەی سەتەلایتەوە.

٤- (هەبوونی) ململانێی تێکدەرانە لە نێوان دامودەزگا گشتییەکان.

هەبوونی چەندین بریکاری ئەنتەرنێت لە وڵات، لەوانە: فیزیکی تێوری، دەزگای گەیاندن و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن.

٥- نەبوونی سیاسەتی نیشتمانی سەبارەت بە گەیاندن.

وێڕای ئەوەی ئەنجوومەنی باڵای گەیاندن پێکهێنراوە، کەچی ئەم ئەنجوومەنە نەگەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی لە بواری گەیاندندا سیاسەتێکی درێژخایەن و ڕاگەیەندراو دابنێت. هەبوونی بانگەشەکەر و بریکاری زۆر بۆ بەڕێوەبەرایەتی نیشتمانیی گەیاندن ولێکجیانەکردنەوەی ئەرکەکانیان بووەتە هۆی شێنەیی و تەنانەت دواکەوتوویی ئێران لە بواری بەرهەمهێنان و ڕێکخستنی زانیارییە ئەلەکترۆنییەکاندا. ئەمرۆکە بە هۆی ڕێکنەخستنی زانیارییە زانستیەکانی وڵات، بەدەستهێنانی زانیاری لە پەرتوکخانەی کۆنگرێسی ئەمریکا زۆر ئاسانتر و پڕ بایەخترە لە هی پەرتوکخانەی نیشتمانی و پارلەمان و زانکوی تاران.
٦- نەبوونی سیاسەتی چاودێری و ئەمنی
پێویستە ڕوون بکرێتەوە کە کێ بەرپرسی پاراستنی داتاکانی بەردەست لە شوێنە سەربازی و ئەمنی و ئابوورییەکانە

چ دەزگایەك بەر پرسە لە ڕێگەگرتن، پێشگرتن و بە دواداچوونی پەلاماری ئەلەکترۆنیدا؟

چ دەزگایەك بریکاری سیاسەتدانان و دیاریکردنی بابەتە قەدەغە کراوەکانە لە ئاڵوویرکردنی داتاکاندا؟

کام دەزگا بەرپەرسی چاوەدێریکردنی کوالیتەی فەرهەنگیی و ناوەڕۆکی ماڵپەڕەکانی بەردەست و بەرهەمهاتووی وڵاتە؟

### ٣- ٥ چەند تێبینییەکی فەرهەنگیی لە بواری سیاسەتداناندا

وێدەچێت تێبینی سەرەکی و فەرهەنگیی سەبارەت بە سیاسەتدانانی داهاتووی ئێران لە بواری ئەنتەرنێتدا بەم شێوەی خوارەوە بێت:

- پەرەپێدانی ئەنتەرنێت لە ئێران دەبێ یارمەتیدەری پەرەپێدانی داهێنانکاری بێت نەك ئەوەی ببێتە هۆی داهێنان سڕینەوە. سیاسەتدانان لە بواری پەرەپێدانی ئەنتەرنێت نابێ تەنیا بە پەرەپێدانی مەسرەف یاخود دووبارە وەبەرهێنانی ناوە ڕۆکەکانییەوە ببەسترێتەوە.

بەڵکو دەبێ پەرەپێدانی فەرهەنگی خۆماڵی و ئایینی و هەروەها بەرخوردانی فەرهەنگی لێبکەوێتەوە.

- بەر لە پەرەپێدانی ئەنتەرنێت دەبێ گرنگی بدرێت بە سیستەمی وەبەرهینان و ڕێکخستنی ئەلەکترۆنی زانیاری زانستی، ئیداری و داراییەکان بە پێی ستانداردی شیاوی ئاڵوویرپێکردن لە تۆڕکاندا و بودجەی فراوانیشی بۆ تەرخانبکرێت.



- کۆکردنەوە و جێبەجێکردنی یاسای پێویست و سەردەمیانە لە بواری گەیاندنی تۆڕییەوە هێجگار گرنگ و بنەڕەتییە. ئەم یاساگەلە بە تایبەت دەربارەی مافی کۆپیکردن و خاوەندارییەتی بەرهەمە فەرهەنگییەکان، سۆفتۆێرەکان و زانیارییە ئەلەکترۆنییەکان و بەنیسبەت هاندانی وەبەرهێنانی فەرهەنگیی لەسەر تۆڕەکانەوە کاریگەریی تەواو ڕەهای هەیە.

- پێویستە لە سیاسەتدانان لە بواری فەرهەنگیدا، چۆنیەتی بە کارهێنانی تەکنۆلۆجیا لە لایەن ڕیکخراوە فەرهەنگییەکان و باندۆڕیان لە سەر لایەنی بەرانبەر، ڕەچاو بکرێت. نازانین کە ئاخۆ هەموو جۆرە کەڵك وەرگرتنێك لە تەکنۆلۆجیای نوێ دەتوانێ باندۆری زیاتر لەسەر لایەنی بەرانبەر دابنێت یان نا؟

- سیستەمی چاودێریکردنی فەرهەنگی بە سەر ناوەرۆکی داتا ئاڵوویرپێکراوەکان و تۆماری نیشتمانی، ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە پێشگیریکردن لە پەرەسەندنی گەندەڵی، هەڕەشەی ئەمنی، دزەکردنی سیخوڕی، خراپەکاری ئەلەکترۆنی و شەڕی دەروونی هەیە.

### دەرەنجام

پێدەچێت هەڕەشەی سەرەکی و ئیستای وڵات سەبارەت بە ئەنتەرنێت، نەبوونی گوتارێکی ئەمنی لەم بارەوە بێت. ئەنتەرنێت خۆی لە خۆیدا هەم دەتوانێ هەڕەشە بێت هەمیش دەرفەتێکی زێڕین بێت بەنیسبەت ئاسایشی فەرهەنگی و سیاسییەوە. بۆیە بووەتە ئامرازێك بۆ گوشاری سیاسی و ئابووری.

نەبوونی زانستی گشتبین سەبارەت بەم مەسەلەیە و نەبوونی لێکۆڵینەوە لە مەڕ دانانی سیاسەتی بەراوردکاری لە وڵاتدا، بووەتە هۆی زاڵبوونی شێوازی ئەزموون و هەڵە و بەکاربردنی سەلیقەی شەخسی و دەزگایی.

(بەرپرسیاریێتی حکومەت لە مەر سیاسەتدانانی زانستیانە، کارناسانە و هەمە لایەنانە و کەڵك وەرگرتن لە تێکڕای توانای زانستیی وڵات، مەرجی سەرەکییە بۆ ئەوەی پیشەسازی ئەنتەرنێت لە ئێران زیاترین قازانج و کەمترین زیانی هەبێت)

بۆ رێگەگرتن لە باندۆرە زیانبارەکانی پەیوەندیگرتن بە پێگەکانی بەدڕەوشتی دەبێ بە ئاراستەیەکدا بچین کە ماڵپەڕە بە کەڵکەکان سەرنجڕاکێشبن. بەواتایەکی تر دەبێ لە سەرەتاوە تائەو جێگەی دەکرێ لە بواری ماڵپەرە بەکەڵك و سەرنجڕاکێشەکاندا سەرمایەگوزاری بکرێت.

لەلایەکی دیکەوە دەبێ رێگربین لە بەرانبەر بابەتە نیگەتیڤەکان، واتە دەبێ رێگە لە دزەکردنی ماڵپەرە زیانبارەکان بگرین. هەروەك چۆن لە وڵاتە رۆژئاواییەکانی وەك ئینگلتەرا، مەسەلەی بەکارهێنانی ماڵپەرە بەدڕەوشتەکان لە لایەن قوتابیانی قوتابخانەکانەوە بووە قەیران و ئەوان بەم دەرئەنجامە گەیشتن کە دوو رێگەیان لە بەر دەمدایە بۆ چارەسرکردنی ئەم دۆخە:

١- داخستنی رێگەکانی بەدەستهێنانی ئەنتەرنێت

٢- کۆنترۆڵکردن

**بەگشتی دەتوانین ئەو بابەتانەی سەرەوە لە پێنج بەشدا کورتبکەینەوە:**

١) ئەنتەرنێت وەك دیاردەیەکی پۆزەتیڤ هەڵدەسەنگێندرێت.

٢) خراپ بە کارهێنانی ئەم تۆرە جیهانییە نابێ رێگربێت لە بەردەم کەڵکوەرگرتن لەم ڕاگەیاندنە دوو سەرەدا.

٣) دەکرێ زانیاری لەبار دەستنیشانبکرێت و بخرێتە بەردەم رای گشتی جەماوەر.



٤) تا رادیەکی زۆر دەکرێ ئەم تۆڕە بە شێوەی تەکنیکی، دامودەزگایی و فەرهەنگیی کۆنترۆڵبکرێت.

٥) گشت وڵاتانی جیهان بە دوای ڕێگە گرتن لە دزەکردنی زانیاری چەپەڵن و هەوڵدەدەن یاسا و رێسا دابنێن بۆ رێگەگرتن لە خراپ بەکارهێنانی ئەم تۆڕە جیهانییە.

بەهەرحاڵ نابێ پێویستیی کۆمەڵگەکانی بەرەوگەشەکردن بە وەرگرتنی زانیاری بەکەڵك و لەبار لە بەرچاو نەگیرێت. لەگەڵ ئەمەیشدا دەبێ بەو پەڕی پەرۆشییەوە رێگە لە زیانگەیاندن بە بنەما ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکان بگیرێت.

دزەکردنی زانیاری چەپەڵ بۆ ناو تۆرەکانی ڕاگەیاندن، وەك ئەوە وایە ژاری کوشندە و پڕمەترسی بڕژێتە ناو تۆڕی ئاوی خواردنەوەی شارەوە. بگرە چەپەڵیی رۆحی و ئەخلاقی بەنیسبەت چەپەڵی جەستەییەوە زەبری ترسناکتر و بێقەرەبووتر لە پەیکەری کۆمەڵگە و مرۆڤایتی دەوەشێنێ.

## سەرچاوەكان

- بوزان، باری (۱۳۷۸) مردم، دولتها و هراس. تهران: پژوهشكده مطالعات رابردی.
- تاجيك، محمد رضا (۱۳۷۷). قدرت و امنيت در عضر پ مدرن. طفتمان شمارة صفر
- رنجبر،مقضود.(۱۳۷۹).ملاحضات امنيتي در سياست خارجي جمهوري اسلامي ايران. تهران: پژوهشكده مطالعات راهبردي.
- رابرت، مندل (۱۳۷۷). جهرة متغير امنيت ملي. تهران: پژوهشكده مطالعات راهبردي.
- محسنيان راد، مهدي (۱۳۷۷) ارتباط جمعي در كشورهاي اسلامي. دانشطاة امام صادق، انتشار محدود.
- محسنيان راد، مهدي (۱۳۷٦) انتقاد در مطبوعات ايران، مركز مطالعات وتحقيقات رسانةها. انتشار محدود.
- محمدي، مجيد (۱۳۷۹) سيماي اقتدارطرايي تلويزيون دولتي ايران. تهران: جامعة ايرانيان.
- مولانا حميد.(۱۳۷۹) جريان بين المللى اطلاعات. ترجمه يونس شكرخواه. تهران: مركز مطالعات و تحقيقات و رسانه ها.

- Mohammadi annabelle sreberng، Ali، small media، big revolution: communication، culture، and the ironic revolution.unir of minesute press.
- Sick،gary.middle east studies association bullaet in، December ١٩٩٩.
- Us dept of state ٢٠٠٠. A natinal security atrategy for a new centery،٢٠٠٠.
- Tehranian،majid.globel communication and world polities: Domination، davelopment and ciscourse. Lymne rienner publisher

## تیرۆری ئەلکترۆنی (سایبر تیرۆریزم): گومانەکان و راستەقینەکان[1]

### کۆمپیوتەر و تیرۆریزم: ماهیەتی روو لە گۆڕانی گرووپە تیرۆریستیەکان و هەڕەشەی تیرۆریستی

ئەمڕۆکە ترس و دڵەڕاوکێ لە مەڕ هەڕەشەی تیرۆریزم لە جیهاندا روو لە زیادبوونە. ئەو جیهانەی کە تا بێت بە تۆڕەکانی کۆمپیوتەر و تەکنۆلۆجیای زانیاریەوە دەبەسترێتەوە. ئەو تۆڕو تەکنۆلۆجیا زانیارییانەی بوونەتە هۆی هەڵکشانی کارایی ئابووری جیهانی، لەوانەیە زیاتر توانای زیان پێگەیاندنیان هەبێت. لەم وتارەی بەردەستدا دەبینین کە باشترین رێگە بۆ ناسینی تیرۆریزم لە شوێنگەی کۆمپیوتەریدا هەر پشت بەو شتانە دەبەستێ کە پێشتر و لە سەدەی رابردوو سەبارەت بە تیرۆریستان پێیگەیشتوین. بە کورتی، لەو باوەڕەداین کە ئەو بنەما سەرەکیانەی ئەم هەڕەشەیە پشتی پێدەبەستێت هەر ئەوانەن کە پێشتریش هەبوون.

تیرۆر و کاری تیرۆریستی پڕۆسەیەکی ڕێکخراوە کە بریتیە لە کردەوە یان هەڕەشەکان، کاردانەوەی سۆزداری و باندۆری کۆمەڵایەتی ئەم کردەوە و هەڕەشانە و هەروەها ئەو هەوڵانەی لێیانەوە سەرچاوە دەگرێت. تیرۆریزم لە بەستێنی کۆمپیوتەریدا[2]، بریتیە لە گشت ئەو ماکانەی سەرەوە لە شوێنگەیەکی تەکنەلۆجیی روو لە گۆڕان کە دەرفەت و سەرچاوە تیرۆریستیەکان دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە.

---

[1]. ئەم وتارە وەرگێڕدراوی بەشێکە لە:

Peter Fleming and Michael Stohl, “Myth and Realities of Cyberterrorism” in countering Terrorism thtough Internatinal cooperatinn, ed. Alex P. Schmid, Milano, ISPAK, ٢٠٠١, pp. ٧

٢. Cyber environment.



ئەم ئاڵوگۆڕانە، راستەوخۆ لەسەر تاکتیکەکان، ئامانجەکان و ئەو چەکانەی تیرۆریستان بە کاریدێنن، کاریگەری دادەنێت و دەبێتە هۆی زیاتر گەرمبوونی باس و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە جۆرە تاکتیکێکی تیرۆریستی نوێ بە ناوی " سایبر تیرۆریزم ".

دوو فاکتەری سەرەکی، بۆچوونی ئێستای ئێمە سەبارەت بە تیرۆریزم لە رووی ئەو پەیوەندییەی لە تەك شوێنگەی کۆمپیوتەریدا هەیەتی، سنووردار دەکات: تا رادەیەك بە تازەیی سەرهەڵدانی تۆڕەکانی کۆمپیوتەریی و رەنگە لەمەیش گرنگتر، ئەو کەلەپوورەی کە لە شیکردنەوەکانی پێشووتر دەربارەی تیرۆریزم بەجێماوە و بەهەڵە لەتەك شەبەنگێکی بەربلاوتری توندوتیژی تێکەڵ دەکرێ(1).

بەم پێیە باشترین رێگە بۆ ناسینی گۆڕانکاری نوێی دیاردەی تیرۆریزم، پێداچوونەوەیەکی کورتە بە ماهیەت و ماناکانی تیرۆریزم لە ٣٠ ساڵی رابردوودا. باسەکە بە وتارێك لەسەر پێناسەکردنی تیرۆریزم دەست پێدەکەین و پاشان بە کورتی لە کۆمەڵێ داتا دەدوێین و بە پشتبەستن بەو داتایانە دەستدەکەین بە راڤە و شیکردنەوەی ئەزموونی تیرۆریزم.

دواتر لە روانگەی چەند گومانێکی هەنووکەیی سەبارەت بە تیرۆریزمەوە کە لە چوارچێوەی زۆربەی ئەو باسانەدایە لەسەر ئەم دیاردەیە ئەنجامدراون، ئەو داتا ئامارییانە دەخەینە ژێر وردبینیەوە. سەرەنجام بە پێی هەموو ئەمانە لە بابەتی سایبر تیرۆریزم دەکۆڵینەوە.

## تیرۆریزم: ئامانجەکان و گومانەکان

### پێناسەکان[٢]

سەرەتا جەخت دەکەینەوە لەسەر ئەمە کە تیرۆریزم، جۆرێکە لە کردەوە یاخود چالاکی کردەیی و دەبێ هەر بەم پێیەش پێناسە بکرێت.دەنا تێکەڵکردنی ئەم دیاردەیە لە تەك ماکەکانی تری توندوتیژی کەهیچ پەیوەندییەکیان نیە بە ناسنامەی بنەڕەتی تیرۆریزمەوە، بابەتەکە خەوشدار دەکات[٣].

کاتێ ماهیەتی تیرۆریزم دیاریکرا، دەتوانین بە هەندێ ئاوەڵناوەوە بیبەستینەوە، بۆ ئەوەی چوارچێوەی باسەکە روون بێتەوە. بۆ نموونە تیرۆریزم دەتوانێ "نێونەتەوەیی"، "ناوخۆیی"،"حکومی"، یاخود "سیاسی" بێت.هەر کام لەم ئاوەڵناوانە هەندێ تایبەتمەندی وەك بەشداربووان، شوێنی رووداوەکە، ئەنجامدەران، یان بزوێنەری کردەوەی تیرۆریستی روونده‌کاتەوە.بەڵام خودی کردەوەکە هەمیشە یەك شتە[٤].

تیرۆریزم لەم رووەوە کە ئامانجێکی تایبەت دەخاتە پاڵ شەبەنگێکی بەرفرەی لایەنی بەرامبەر، دیاردەیەکی تایبەتمەندە. بەڵگە بۆ تایبەتمەندبوونی تیرۆریزم ئەمەیە کە تیرۆریستان بەمەبەستی ئەوەی بتوانن کاریگەری بخەنە سەر هەژمارێکی فرەچەشنتر و فراوانتر لە لایەنی بەرامبەر پەلامارەکانیان ئەنجام دەدەن، کەچی زۆربەی کردەوە پڕتوندوتیژییەکان تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە پێویستە لە ناوبچن یاخود زیانیان پێ بگات.



**تیرۆریزم** "ئەنجامدانی بە ئەنقەستی توندوتیژی یان هەڕەشەی توندوتیژییە، بەمەبەستی دروستکردنی ترس یان ئاکاری تێکشکێنەرانە[١] لە دڵی قوربانی و بینەرانی ئەو کردەوە یاخود هەڕەشەیە"[٥].

بە پێی ئەم پێناسەیە یەکە یەکەی پێکهاتە پێکهێنەرەکانی ئەم هەوڵە (بەئەنقەستە) رۆڵیان هەیە لە تایبەتمەندبوونی تیرۆریزمدا، واتە توندوتیژی، ترس، قوربانی و لایەنی بەرامبەر[٦].

هەروەها دەبێ بڵێین کە قوربانیانی داهاتووی تیرۆریزم لە تەك مەخاتەبانی مەبەستدا یەك ناگرنەوە[٧]. تیرۆریزم لە رێگەی ئەنجامدانی کاری توندوتیژی لە سەر لایەنی یەکەم، لایەنی دووەم دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. ئەم پەیوەندییە بە تایبەت ئەوکاتەی راستەقینەی تیرۆریزم بەراورد بکەین لە تەك ئەو گومانانەی لەم بارەوە هاتوونەتە ئاراوە، زیاتر روون دەبێتەوە.

### داتا ئەزموونییەکان

ئەو تیرۆریزمەی لە سێ دەیەی رابردوو جیهان بە خۆیەوە بینیویە، چەندین رووی تایبەت و دیاریکراوی هەیە. ئەو رابردووە ئەزموونییانەی سەبارەت بە رووداوی تیرۆریستی راستەقینە تۆمار کراون، وێکچوونی کەمیان هەیە لە تەك وێنەکانی راگەیاندن و بیروڕای گشتی سەبارەت بەم دیاردەیە. لێرەدا بۆ زیاتر روونکردنەوەی باسەکە بەشێك لەو شیکردنەوانە دێنین کە سەبارەت بە تیرۆریزمی نێونەتەوەیی لە پێگەی توێژینەوەی ئیترات-[٢]٤ ئەنجام دراون. ئیترات- ٤ پێگەیەکی زانیارییە لە سەر رووداوی تیرۆریستی نێونەتەوەیی

[١]. Compliant behaiviour.

[٢]. TERAT IV (International Terrorism: Attributes of Terrorism Events)

دەكۆڵێتەوە و ساڵ بە ساڵ بەم زانیارییانە زیاد دەكرێت. ئێستا لە ١٩٦٨ەوە هەتا ١٩٩٤ لە خۆ دەگرێت.
لە ئیترات-٤ كۆی ١٠٨٣٧ رووداوی تیرۆریستی نێونەتەوەیی تۆمار كراوە[٩].
لەم پێگەی زانیارنییانەدا، ووردەكاری تەواو سەبارەت بە كێیەتی، چیەتی، كات و شوێنی روودانی تیرۆریستی نێونەتەوەیی هاتووە و بەم شێوە پێوەرگەلێك[١٠]، دەكەوێتە بەر دەست و بە كەڵك وەرگرتن لەم پێوەرانە دەتوانین رووداوە تیرۆریستییە نێونەتەوەییەكانی رابردوو، ئێستا و داهاتوو تاوتوێ بكەین و هەڵیانسەنگێنین[١١]. باسەكە لە ناخی توانای تیرۆر بۆ تۆقاندن دەست پێ دەكەین، كە هەمان هەرەشە لە گیانی تاكەكانە. بە بیستنی واژەی تیروریزم وێنەی رووداوی دڵتەزێن و گەورەی وەك رووداوی تەقینەوە لە شاری ئۆكلاهۆما یان مۆسكۆ یاخود باڵوێزخانەكانی ئەمریكا لە نایروبی و دارئولسەلام دێتەوە یاد. بەڵام لە راستیدا تەنیا چەن رووداوی دەگمەن لە رووداوە تیرۆریستییە نێونەتەوەییەكان بوونەتە هۆی مەرگی بەكۆمەڵی مرۆڤەكان. كۆی گشتی ئەو قوربانیانەی بە هۆی رووداوی تیرۆریستی نێونەتەوەییەوە لە ١٩٦٨-١٩٩٤ گیانیان لە دەست داوە و ناویان تۆمار كراوە، دەگاتە ٩٦٥٤ كەس[١٢].

لە زۆربەی ئەم رووداوە تیرۆریستییانەدا (٩٢١٠ رووداو یاخود ٨٥,٥٪ی كۆی رووداوەكان) هیچ كەس گیانی لە دەستنەداوە. لە ٨٧٦ رووداو (واتە ٨,١٪) لەم رووداوانەدا تەنیا یەك كەس گیانی لەدەست داوە. كۆی گشتی ئەو رووداوە تیرۆریستیانەی كە كەس تێیدا نەكوژراوەو ئەوانەی وا تەنیا یەك كەسیان تێدا كوژراوە دەگاتە (٩٣,٦٪)ی تێكرای رووداوە تیرۆریستیە نێونەتەوەییەكان.

لە ماوەی ئەو ٢٧ ساڵەی ئەم توێژینەوە ئەنجامدراوە لانیكەم ١٦٨٥٤ كەس واتە(هەرساڵ ٦٢٤ كەس) بەهۆی رووداوی تیرۆریستی نێونەتەوەییەوە زیانیان



لێكەوتووە. بە واتایەكی تر لە هەر رووداوێكی تیرۆریستیدا ١,٥٥ كەس. زیاترین ژمارەی زیان لێكەوتوانی رووداوە تیرۆریستیەكان، كە دەكاتە ١٢٨٣ بریندار هی ساڵی (١٩٨١)ە[١٣].

لە زۆربەی رووداوە تیرۆریستیە نێونەتەوەییەكاندا واتە لە ٨٩٠٧ رووداودا (٨٢,٢٪) هیچ كەس بە هیچ شێوەیەك زیانی لێنەكەوتووە[١٤].

كەواتە هەرچەندە ئەو وێنەیەی سەبارەت بە تیرۆریزم لەبەردەستماندایە هی رووداوی گەورەیە بە كوژراوو بریندارى زۆرەوە، بەڵام لە راستیدا زۆرجاران رووداوە تیرۆریستییە نێونەتەوەییەكان بەبێ هیچ قوربانیەك یاخود بە قوربانی كەمەوە و بێ ئەوەی كەس زیانی لێبكەوێت ئەنجام دراون.

بەگشتی زۆربەی رووداوە تیرۆریستییە نێونەتەوەییەكان هیچ زیانێكی ماڵیان لێ نەكەوتووە.زیاتر لە ٥٠٠٠ رووداوی تیرۆریستی نێونەتەوەیی (رێك ٥٧٧٧ رووداو یان ٥٣,٣٪ی كۆی رووداوەكان) لەم چەشنەن. دووەمین بەشی گەورەی ئەو رووداوە تیرۆریسستیە نێونەتەوەییانەی بوونەتە هۆی زیانی ماڵی كە دەكاتە ٣٨٨٤رووداو یاخود ٣٥,٨٪ كۆی روداوەكان، ئەو رووداوانەن كە بڕی زیانەكانیان نەزانراوە.[١٥]. هەروەها راڤەو شیكردنەوەی داتاكانی بەردەست نیشانمان دەدات كە ٨٦١ رووداو (٨٪) زیانەكان "كەم" ، لە ١٤٥یان (١,٣٪) "مامناوەندی"و لە ٨٦ رووداودا (٠,٨٪)"زۆر"و لە ٧٦ رووداودا (٠,٧٪) "هێجگار زۆر" بووە.

فرەیی رووداوە تیرۆریستییە نێونەتەوەییەكان لە ماوەی ١٩٩٤-١٩٦٨. وێڕای داكشانی لە هەندێ قۆناغی كاتیدا، هەڵكشانی بەخۆوە دیوە[١٦].

داتاکانی بەردەست، لە پێگەی زانیاریەکانی ئیترات-٤ دەریدەخات کە هەژماری رووداوە تیرۆریستیە نێونەتەوەییەکان لە ساڵی ١٩٦٨، ١٢٣ رووداو بووە. کە چی لە ساڵی ١٩٩٤ گەیشتووەتە ٣٧٥ رووداو. هەژماری ١٢٣ ساڵی (١٩٦٨) پیشاندەری کەمترین رێژەی رووداوە تیرۆریستییە نێونەتەوەییەکانە و هەژماری ٥٧٨ (ساڵی ١٩٩١) زیاترین رێژەی رووداوە تیرۆریستیەکان پیشاندەدات. لە رووی رێژەی زیاترین رووداوی تیرۆریستیەوە ساڵی ١٩٩٩١ (٥٧٨ رووداو) لە پلەی یەکەمدا دێت و پاشان ساڵی ١٩٩٣ (٥٥٢ رووداو) و ساڵی ١٩٨٥ (٥٣٣ رووداو) دێن. کەمترین رێژەی رووداوە تیرۆریستیەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٦٨ (١٢٣ رووداو)، ١٩٦٩(١٧٩ رووداو)، ١٩٧٨ (٢٩٠ رووداو)[١٧].

بە پێی زانیاریەکانی ئیترات-٤، زۆربەی ئەم رووداوانە تەنیا لە چەند ولاّتێك ئەنجامدراوە، واتە نیوەی رووداوە تیرۆریستییە نێو نەتەوەییەکان تەنیا لە ١٣ ولاّت ئەنجامدراوە. لوبنان بە ٨٥٠ رووداوی تیرۆریستی نێونەتەوەییەوە (٣١,٤٨ ساڵی) لە سەرووی پێڕستەکەدایە، ولاّتانی ئەمریکا بە ٦٨٧ رووداو(ساڵی ٢٥,١١ رووداو) و ئەڵمانیای رۆژئاوا/ئەڵمانیای یەکگرتوو بە ٦٠٤ رووداو (٣٣,٣٩ رووداو لە ساڵێکدا) پاش لوبنان دێن. باقی ولاّتانی گرنگ لەم بارەوە بریتین لە فەرەنسا ٥٧٨ (ساڵی ٢١,٤١ رووداو).بەریتانیای گەورە ٥٦٧ رووداو (ساڵی ٢١ رووداو)، یۆنان ٣٧٨ رووداو (ساڵی ١٤,٣٣ رووداو)، ئەرژەنتین ٣٨٥(ساڵی ١٤,٢٦ رووداو)،ئیتاڵیا ٣٦٦ رووداو (ساڵی ١٣,٥ رووداو)، تورکیا ٢٩٠ روداو (ساڵی ١٠,٩٢ رووداو) ئیسپانیا ٢٦٩ رووداو(ساڵی ١١,٧٩ رووداو).

خاڵی گرنگ و زیاتر سەرنجراکێش ئەوەیە کە چواریەکی (٤/١)کۆی رووداوە تیرۆریستیە نێونەتەوەییەکان لە سالآنی ١٩٦٨-١٩٩٤ دا لە چوار ولاّتی



لوبنان —ئەمریکا، ئەڵمانی رۆژئاوا / ئەڵمانیای یەکگرتوو و فەڕەنسادا بووە، کە لە سەرووی پێڕستەکەوەن . وێڕای تا رادەیەك فرەیی باڵای رووداوی تیرۆریستی نێونەتەوەیی لە ولاّتە یەکگرتووەکاندا (٦٧٨ رووداو لە ساڵدا)، زۆربەیان (٩٣,٩٥٪) هیچ زیانێکی گیانی و ماڵی بەرچاویان لێنەکەتووەتەوە.

ئامارەکانی پێگەی زانیارییەکانی ئیترات-٤ نیشانی دەدات کە لەو ٢٧ ساڵەدا ٩٢ کەس بە هۆی رووداوی تیرۆریستیی نێونەتەوەییەوە کوژراون[١٩] و ٥٦,٧٪ ی رووداوەکان زیانی ماڵیان لەگەڵدا بووە.

پاش هاوڵاتیانی ئەمریکایی کە قوربانی سەرەکیی رووداوە تیرۆریستییە نێونەتەوەییەکان بوونە، ( ٣٩,٦٪ ی کۆی گشتی رووداوە تیرۆریستییە نێونەتەوەییەکان لە ئەمریکا ئەنجامدراوە). ولاّتانی یەکیەتی سۆڤیەت (٧,٥٪)، کوبا (٥,٦٪)، ئێران( ٢,٥٪) ، یۆگسلافیا (٢,٤٪) و مەکزیك یەك بە دوای یەکەوە لە سەرەوەی پێرستی ولاّتانی قوربانی تیرۆریزم دێن.

بە گشتی هاوڵاتیانی ٩٠ ولاّت لە کاتی جیاجیادا بوونەتە قوربانی رووداوی تیرۆریستی، کەچی هەژماری پەلامار بۆ سەر دارایی و سامانەکان نزیکەی چوار بەرامبەر بە نیسبەت پەلامار بۆ سەر تاکەکان زیاترە. تاوتوێکردنی چەشنی رووداوە تیرۆریستیەکانیش ئەوە نیشان دەدات کە نیوەی زیاتری ئەم رووداوانە (نزیکەی ٥٠,٥٪) بە بۆمبا ئەنجام دراون[٢١]، و پاشان هەڕەشەی هەمەجۆرە (١٣,٤٪) دێت. رادەی سەرکەوتنی لۆجیستیکی لە تێکڕای رووداوە تیرۆریستییە نێو نەتەوەییەکان لە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٦٨ هەتا ساڵی ١٩٩٤ دەکاتە (٦٩,٣٪) بەشی هەرەزۆری رووداوە تیرۆریستیەکانی ئەم ولاّتە (نزیکەی ٧٧٪) تەنیا لەلایەن ٨ گرووپەوە ئەنجامدراون، چوار گرووپی کوبایی

(ئۆمێگا-٧)[١]، ئێل پۆدێر کوبانۆ[٢]، حکومەتی نهێنی کوبا[٣]، کوبابییە نەناسراوەکانی بەرهەڵستکاری کاسترۆ(بێ ناونیشان)، سێ گرووپی پورتوریکۆیی (فالن[٤]، میرا[٥] و پۆرتۆریکۆییە نەناسراوەکانی بەرهەڵستکاری حکومەت) و گرووپێکی جوولەکە (لیگی پاراستنی جوولەکەکان[٦])[٢٢].

لەو سەری ئەم شەبەنگەوە، هەژمارێکی زۆری وڵاتان هەن کە تا رادەیەك رووداوی تیرۆریستی نێو نەتەوەییان بەخۆوە دیوە. لە ٢٠ وڵاتدا(٢٣)، لەماوەی ئەو ٢٧ ساڵەدا تەنیا یەك رووداوی تیرۆریستی تۆمار کراوە. هەر لەم ماوەیە لە ١١ وڵاتدا (٢٤) تەنیا ٢ رووداوی تیرۆریستی و لە ١١ وڵاتی دیکەدا[٢٥] تەنیا ٣ رووداوی تیرۆریستی ئەنجامدراوە. ١٨ وڵات یەك دوو رووداوی تیرۆریستیان بەخۆوە دیوەو ٤٤ وڵاتیش ماکزیمۆم ٢ یان ٣ رووداوی تیرۆریستیان بەرکەوتووە. بە واتایەکی تر، لە ١٥٩ وڵاتدا ١١٥ وڵاتیان (واتە ٧٢٪) لە ساڵدا کەمتر لە یەك پەلاماری تیرۆریستی نێو نەتەوەییان کراوەتە سەر.

شیکردنەوەی ووردی ئەو شوێنانەی پەلاماری تیرۆریستیی نێونەتەوەییان کراوەتە سەر لەخۆگری تاوتوێ کردنی ئەو جێگایانیە کە رووداوی تیرۆریستی تیایدا ئەنجام دراوە. تیرۆریستان هەندێ شوێنیان لە شوێنەکانی تر پێ باشترە کە باوترینیان فەرمانگە یان شوێنی کارکرنی قوربانیەکانە.زیاتر لە ٤٠٠٠ رووداو (٤٠٨٨ رووداویان ٣٧,٧٪) لە کۆی رووداو تیرۆریستیە

[١]. Omega-٧
[٢]. EL Poder Cubano
[٣]. Secret Cuban Govrenment
[٤]. FALN
[٥]. MIRA
[٦]. Jewish Defense League



نێونەتەوەییەکان لەم شوێنانەدا بووە. شوێنی دووەم کە زیاتر رووداوی تیرۆریستی بەخۆوە ببینێت، شوێنەکانی نا نیشتەجێی یان ئەو شوێنانەی جێگەی کاری قوربانیان نیە بوونە. ئەم شوێنانە بریتین لە: کەنار جادەکان، بازاڕەکان، هۆڵەکانی نمایش، باڕەکان و هوتێلەکان. نزیکەی ٢٠٢٣ رووداو (١٨,٧٪) لەو رووداوە تیرۆریستیە نێونەتەوەییانە لەم شوێنانە ئەنجامدراون. ئەو شوێن و جێگایانەی کە کەمتر هەوڵی تیرۆریستیان تێدا ئەنجام دراوە بریتین لە: شوێنەکانی نیشتەجێبوونی قوربانیان. (١٠٢٤ رووداو: ٩,٦٪) کەرەستەکانی هاتووچۆ پێکردن (٩٨٨ رووداو: ٩,١٪) فرۆکەی گەشتیاری (٦٣٢ رووداو: ٥,٨٪)، گەراجەکان (١٦٩ رووداو: ١,٦٪)، کەشتیەکان (١٥٠ رووداو:١,٤٪) و شەمەندەفەرەکان (٥٣ رووداو٥,٠٪). لە ١٦٩٢ رووداوی دیکەدا(١٥,٦٪)، هەندێکیان لە "باقی" شوێنەکان ئەنجام دراوە و هەندێکی تریان شوێنی رووداوەکە "نادیارە". ئانالیزو شیکردنەوەی ئەم پارامیترە دەریدەخات کە ئامانجی سەرەکی تیرۆریستان لە ماوەی ١٩٩٤-١٩٦٨دا سامان و داراییەکان بووە. زیاتر لە ٤٠٠٠ (٤٣٦٤) رووداوی تیرۆریستی یان تۆزێ زیاتر لە ٤٠٪ی (٤١,٥٨٪) کۆی گشتی ئەو رووداوانە دژ بەم ئامانجانە بوونە. ٣٦٠٨ رووداوی تیرۆریستی (٣٤,٣٪) دژ بە (تاکەکان) و هەروەها لە ٢٥٣٧ رووداویشدا (٢٤,١٪) ئاوێتەیەکی لە تاك و سامان کراوەتە ئامانج[٢٦].

لەو ٢٧ ساڵەی تاوتوێ کراوە، سامان و داراییەکان بە ماوەی ١٧ ساڵ، تاکەکان بە ماوەی ٩ساڵ و ئاوێتەیەك لەم دووانەیش بە ماوەی یەك ساڵ. ئامانجی دڵخوازی تیرۆریستان بوونە[٢٧].

رووکردێکی تر بۆ ناسینی ماهیەتی تیرۆریزمی نێو نەتەوەیی ئەمەیە کە بزانین ئاخۆ قوربانیەکە کتوپڕ یان راستەوخۆکانی رووداوە تیرۆریستیەکان چ تاك یان گرووپگەلێك بوونە. بە پێی دابەشکردنی ئیترات-٤، دەتوانین قوربانیە کتوپڕەکانی تیرۆیزم بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بکەین:

بەرپرسانی فەرمی حکومەتی میواندار[٢٩]، دیپلۆماتەکان یان بەرپرسانی ولاّتی بیانی، بەرپرسە سەربازیەکانی حکومەتی میواندار، بەرپرسانی سەربازی بیانی بەرپرسی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، رێبەرانی بەرجەستەی رای گشتی، کەسایەتیە ناحکومیەکان وەك گەشتیاران، تەبلیغیە ئاینییەکان، خوێندکاران، لە ئەنجامدا تیرریستە گومانلێکراوەکان[٣٠]. ئانالیزو شیکردنەوەی ئاماری پارامیتەری "قوربانیە کتوپڕەکان"ی رووداوە تیرۆریستی نێونەتەوەییەکان بە ئاشکرایی دەریدەخات کە دیپلۆماتەکان و بەرپرسانی ولاّتانی بیانی، زیاتر لە هەر گرووپێکی دیکە بە شێوەی راستەوخۆ دەکەونەبەر پەلاماری تیرۆریستی. لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨ هەتا ١٩٩٤ زیاتر لە ٣٠٪ (٣١,١٪) یان ٣١٦٣ رووداو لە کۆی رووداوە تیرۆیستیەکان دژ بە دیپلۆماتەکان یان بەرپرسانی ولاّتانی بیانی ئەنجامدراوە. هەروەها دیپلۆماتەکان و بەرپرسانی ولاّتانی بیانی لە ماوەی ١٤ ساڵ (لەو ٢٧ ساڵەدا) زیاتر لە گرووپەکانی دیکە، بوونەتە قوربانی کتوپڕی رووداوی تیرۆریستی، باقی قوربانیە کتوپڕەکانی رووداوە تیرۆریستیەکان، لە رووی فرەیی پەلامارەکانەوە کە دژیان ئەنجامدراوە بریتین لە بەرپرسانی فەرمیی کۆمپانیە تایبەتیەکان(٢٢٥٦رووداو: ٢١,٦٪)[٣١]، بەرپرسانی سەربازی ٨٥٤ رووداو: ٨,٣٪)، رێبەرانی بەرجەستەی) بەردەم رای گشتی (٣٧٥ رووداو: ٣,٦٪)،بەرپرسە فەرمیەکانی حکومەتی بیانی (٣٤٣ رووداو: ٣,٣٪)، گومانلێکراوانی کاری تیرۆریستی (٢١٥ رووداو: ٢,١٪) بەرپرسە سەربازیەکانی حکومەتی میواندار (١٥٢ رووداو: ١,٤٪).



ئەم شیکردنەوەی سەرەوە، وێنەیەکی تا رادەیەك جیاوازتر لەو گرووپانەی دەخاتەروو کە ئەگەری زۆری بوونە قوربانی راستەوخۆی رووداوە تیرۆریستیە نێونەتەوەییەکانیان هەیە. هەرچەندە دیپلۆماتەکان (وەکو یەك لە کەسایەتیە حکومیەکان)- گەر وەك گرووپێکی جیاواز دایان بنێین- زیاتر لە هەر گروپێك بوونەتە قوربانی راستەوخۆی تیرۆریزم، بەڵام کۆی گرووپە ناحکومیەکان وەکو دەستەیەك، (لەچاو ئەوانیتر) زیاتر کەوتوونەتە بەر پەلاماری راستەوخۆی تیرۆریستەنێونەتەوەییەکان.

داتاکانی ئیترات-٤ دەریدەخات کە بەشی بەرچاوی هەوڵە تیرۆریستیەکان لە لایەن کەمینەیەکی بچووك لە گرووپە تیرۆریستیەکانەوە ئەنجام دراوە. کەچی زۆربەی گرووپە تیرۆریستییەکان تەنیا لە هەژمارێکی کەمی کردەوە تیرۆریستیەکاندا بەشداربوونە. ١٧ گرووپی تیرۆریستی بە تەنیا، (ساڵانە) ٢ یان چەند کاری تیرۆریستیان ئەنجامداوە (٥٤ رووداو)، ١٩ گرووپ هەوڵی زیاتر لە یەك وکەمتر لە ٢ کاری تیرۆریستیان لە ساڵێکدا داوە، و ١١٢٧ گرووپیش بەرپرسیاری کەمتر لە یەك رووداوی تیرۆریستی بوونە لە ساڵدا. نزیکەی نیوەی گرووپە تیرۆریستیەکان تەنیا یەك هەوڵی تیرۆریستیان ئەنجامداوە.

لە ئاکامدا دەبێ ئەوە بڵێین کە تایبەتمەندیی هاوبەشی ئەو گرووپانەی لە چاو گرووپەکانی تر، زیاتر کاری تیرۆریستیان ئەنجامداوە ئەمەیە کە ئەم گرووپانە پرۆگرامی سیاسی تا رادەیەك ئاشکرا و هەروەها پاڵنەری سیاسی دیاریکراویان لە پشت بووە[٣٣]. بە کورتی ئەو گرووپە تیرۆریستیانەی رابردووی دوورو درێژیان هەیەو بە گوێرەی پێویست سەرچاوەیان لە پشتە بۆ ئەنجامدانی چالاکی رێکوپێك و بەردەوامیان، گەورەترین سەرچاوەی تیرۆریزمی نێونەتەوەیین.

پاش ئەم پێشەکیە پڕ ئامارو هەژمارە سەبارەت بە تیرۆریزمی نێونەتەوەیی، با شیکردنەوەیەکی کورت لە حەوت گومانی سەبارەت بە تیرۆریزم کە بەسەر بۆچوونەکانی جەماوەردا زاڵە بخەینە روو (بۆچوونی زۆربەی بەرپرسە سیاسیەکانیش). بە گشتی ئەم سێ گومانەی خوارەوە لە روونکردنەوەکانی سەبارەت بە تیرۆریزم دا دەکەوێتە بەر چاو:

★ **گومانی یەکەم:** تیرۆریزم دیاردەیەکی بە رێکەوتە (هات و نەهاتە) و ئاراستەیەکی دیاریکراوی نیە.

★ **گومانی دووەم:** تیرۆریزم، هیچ سنورێك ناناسێت و رێز لە هیچ هێڵێکیش ناگرێت.

★ **گومانی سێیەم:** تیرۆریزم واتە زیانی گیانی و ماڵی زۆر و فراوان.

چەند گومانی تریش سەبارەت بە هۆکارەکان، رەگ و ریشەکان، پاڵنەرەکان، ئەنجامدەران و ئامانجەکانی تیرۆریزم لە ئارادایەو کاریگەری دادەنێت لەسەر ناسین و تێگەیشتنی ئێمە لەمەڕ تیرۆریزم، کۆمپیوتەرەکان و تۆڕە کۆمپیوتەرییەکان کە ئەمانیش بریتین لە:

★ **گومانی چوارەم:** تیرۆریزم، ئەو هەولانەیە کە بە تایبەت لە لایەن دەورگێڕە ناحکومیەکانەوە ئەنجام دەدرێت و ئامانجەکەیشی ئاژاوە نانەوەو گێرەشێوێنییە[٣٤].

★ **گومانی پێنجەم:** تیرۆریستان هەموویان یان سەرشێتن یان تاوانکار[٣٥].

★ **گومانی شەشەم:** حکومەتەکان هەمیشە نەیاری تیرۆریزمی ناحکومین.

★ **گومانی حەوتەم:** تیرۆریزمی سیاسی هاوچەرخ سەرچاوەکەی شەیتانی و شەڕانگێزی چەند دەورگێڕی بەرچاوە. (شەیتان منی هاندا بۆ ئەم کارە!)[٣٦].

هەر کام لەم گومانانە بە مەبەستی دۆزینەوەی رێگە چارەیەك تاوتوێ دەکەین هەتا بەم پێیە بتوانین ماهیەتی روو لە گۆڕانی هەڕەشەی تیرۆریستی هەڵسەنگێنین.



## گومانەکان

### گومانی یەکەم: تیرۆریزم دیاردەیەکی بەرێکەوتە و ئاڕاستەیەکی دیاریکراوی نیە.

لە روانگەی ئەو بێتاوانانەی لە شوێنی تەقینەوەی رووداوێکی تیرۆریستیدا گرفتار دەبن، گومان لەوەدا نیە کە ئەم رووداوە و قوربانی بوونی ئەوان بە رێکەوتە. لەم روانگەوە هەوڵە تیرۆریستیەکان تەنانەت ترسناکتریش دەنوێنن. بەڵام لە راستیدا تیرۆریزم ئامانجی دیارایکراوی هەیەو هەمیشە قوربانیەکانی دەستنیشان دەکات. تاوتوێکردنی زیاتری زانیارییە بەڵگەییەکان دەربارەی شوێنی رووداوو ئامانجەکانی تیرۆریزمی نیێونەتەوەیی — کە لە سەرەوە باسکرا- ئەمە دەسەلمێنێ. ئەم زانیاریانە، هەندێ کۆنموونەی جیاواز دەخەنە روو، کە نیشانی دەدات هۆکارەکانی وەك پێکهاتەی گرووپی تیرۆریستی و شوێنگەی رووداوە تیرۆریستیەکە رۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە دیاریکردنی ماهیەتی ئەو تیرۆریزمەی لێی بەدەست هاتووە، بە واتایەکی تر گرووپە تیرۆریستیەکان بە پێی ئەوەی لە کوێوە سەریانهەڵدابێ، چ کەسانێك پاڵپشتیان بن، دوژمنەکانیان کێ بن، ئەگەری سەرکەوتنیان تا چ رادەیەکە و هەروەها بە پێی رەچاوکردنی کۆمەڵێك تاکتیکی ستراتیژی تر، رێوشوێنی کردەیی خۆیان هەڵدەبژێرن و کاملی دەکەن.

بۆ نموونە گرووپە تیرۆریستییە ئەتنیکییەکان یاخود ناسیۆنالیستەکان بە ئاشکرا ناوەندەکانی چالاکیەکانیان دەستنیشان کردوەو بە گشتی گرنگیان داوە بە هەندێ ئامانجی دیاریکراو. ئەو ئامانجانەی کە پەیوەندیان هەیە بە ئامانجە سەرەکیەکانەوە. بۆ نموونە هەرچەند باڵی کایتی سوپای کۆماریخوازی

ئایرلەندا[1]، بەمەبەستی جێبەجێکردنی هەندێ لە کاروچالاکیەکانی سنووری بەزاندووە، بەڵام لە پلەی یەکەمدا زیاتر لە بەریتانیا و یاخود دژ بەو ئامانجانەی پەیوندیان بە بەریتانیاوە هەیە چالاکی ئەنجام داوە و زۆر ئەستەمە لە رۆژهەڵاتی ناوین یا ئەمریکای لاتین(٣٧) چالاکی بنوێنێت یان ئەوەی پەلاماری ئیسرائیل یاخود ئامانجەکانی ئیسرائیل بدات(٣٨).
هەر بەم شێوە ئەگەری پەلاماری "سێپتەمبەری رەش[2]" بۆ سەر ئەندامانی خانەوادەی پاشایەتی بەریتانیا زۆر کەمە(٣٩).
ئەم چەشنە گرووپە تیرۆریستیانە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی تایبەت و پێشتر دیاریکراو روو دەکەنە کاری تیرۆریستی. ئەو هێرش و پەلامارە کوێرانەی خەڵك (لایەنی بەرامبەر) نەتوانن لێکی بدەنەوە و تێی بگەن، یارمەتی تیرۆریستان نادات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان(٤٠). وێڕای ئەوەی لە سێ دەیەی رابردوودا هەزاران رووداوی تیرۆریستی نێونەتەوەیی تۆمارکراوە، کەچی زۆربەیان ماهیەتیان دیاریکراو بووە نەك بە رێکەوت.

**گومانی دووەم: تیرۆریزم هیچ سنورێك ناناسێت و رێز لە هیچ هێڵێکیش ناگرێت.**

ئەم گریمانە کە تیرۆریزم هیچ سنوورێك ناناسێت و رێز لە هیچ هێڵێکیش ناگرێت هەر لەو شوێنە سەرچاوە دەگرێت کە گریمانەی پێشتر سەبارەت بە تیرۆریزم -واتە بە رێکەوت و کوێرانە زانینی تیرۆریزم-سەرچاوەی گرتبوو.ئەمەیشی لەگەڵدابێت کە بەشێکی بەرچاو لە شیکردنەوە ئامارییەکان کە لە لێکۆڵینەوەکانی پێشتر بەدەست گەیشتوون، بوونی هەندێ بەربەست لە بواری توندوتیژی تیرۆریستیەوە دەخەنە روو.هەرچەندە ئەگەر بڵێین سیستەمی

[1]- Provisional Wing of the Irish Republican Army.
[2] -Black September



نێونەتەوەیی بە گشتی کەم تا زۆر بەر پەلاماری تیرۆریستی کەوتووە هەڵەمان نەکردووە، بەڵام راستتر وایە بڵێین هەژمارێکی کەمی وڵاتان بەردەوام پەلاماری تیرۆریستی نێونەتەوەییان کراوەتە سەر و زۆرینەی زۆری وڵاتان تەنیا لە کەنار ئەم توندوتیژیانە راوەستاون.

بەڵگە ئەزموونییەکان ئەوەمان پێ نیشاندەدەن کە نیوەی زیاتری رووداوە تیرۆریستیەکان تەنیا لە چەند وڵاتێ ئەنجامدراوە، کەمتر لە حەوت وڵات زیاتر لە ٥٠٪ی زیانی گیانی و ماڵیان بەرکەوتووە.

بەڵگەو دیکۆمێنتی دیکە ئەوەمان نیشان دەدات کە بە پێچەوانەی بۆچوونی گشتی، تایبەتمەندی زۆربەی هەوڵە تیرۆریستیەکان کوشتار و کاولکاری بەربلاو نییە.

ئەو دیکۆمێنتانەی لەم توێژینەوە ئامارییەدا خراونەتە روو تەنیا تا رادەیەك هۆکاری توندوتیژی تیرۆریستی وەك دیاردەیەکی رێکخراوەیی روون دەکاتەوە.بەهۆی ئەوەی تیرۆریزم دەتوانێ شەبەنگێکی تەواو لە کاری توندوتیژی (لە هەڕەشەی ناکوشندەییەوە هەتا بە ئاسانی لەناوبردنی سامان و داراییەکان و کۆمەڵ کوژی مرۆڤ) لەخۆ بگرێت، دەتوانین بڵێین رێگە لەبەردەم لێکدانەوەی ئەم دیاردەیە هێجگار بەربلاوە. لەباتی پشت بەستن بەم چەمکسازییە وەك تاکە پێوەری داوەریکردن سەبارەت بە توندوتیژی تیرۆریستی، باشتر ئەوەیە کە هەوڵە تاکە کەسییە تیرۆریستیەکان لە چوارچێوەیەکی بەرفرەتر لە مشتومڕی تیرۆریستی بخەینە بەرچاو(٤١). دەرەنجامی دیاریکردنی بەدواداچوونە تیرۆریستیەکان ئەمەیە کە لەم رێگەیەوە دەتوانین فاکتەرەکانی پێکهێنەری ئەو توندوتیژییەی تیرۆریستان تێوەی گلاون بناسین.

بەشی دووەمی روونکردنەوەی ئێمە بۆ رەتکردنەوەی ئەم گومانە، لە دۆر تەوەری هەڵوێستی گرووپە تیرۆریستیەکان وەك دەورگێڕانی ئاوەزمەند دەگەڕێ.

گرووپە تیرۆریستیەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان (هەرچەند رەنگە ئەم ئامانجانەیان لەچاو چاودێرانی دەرەکییەوە، زۆر نالۆژیکیانە بێت) ناچارن لەوەی تا رادەیەك رەوتاریان ئاوەزمەندانە بێت. دەنا، بوونیان بە گشتی دەکەوێتە مەترسییەوە. ئەو گرووپانەی گشت هەوڵێکیان بۆ ئەوەیە توندوتیژی زۆر ئەنجام بدەن، کە تایبەتمەندی ئەم توندوتیژیانە کوشت و کوشتاری مرۆڤە، بەهۆی چەند هۆکارێك شانسی ئەوتۆیان نیە بۆ مانەوە. زۆربەی گرووپە تیرۆریستییەکان بۆ مانەوە پێویستیان بە پشتگیری زیاتر هەیە. بە گشتی ئەگەر بێتوو رووداوە تیرۆریستیەکان "لە رادەبەدەر توندوتیژانە" بن یان ئەوەی لە چوارچێوەی پەسندکراوی پشتیوانەکانیان تێپەڕێت، ئەوا ئیتر پشتگیریان لێ ناکرێت.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە زۆربەی پشتیوانەکان، هاندەری توندوتیژی دژ بە بەرپرسانی حکومی، سەربازی و باقی ئەو کەسانەن کە بە نوێنەری "داگیرکەران" یاخود "داپڵۆسێنەران" دەناسرێن. بەڵام بۆ زۆربەی گرووپە تیرۆریستییەکان ئەستەمە بتوانن سەرنجی "ناوەندی پشتگیری" خۆیان، بۆ پشتگیریکردنی کردەوەی پڕ توندوتیژی دژ بە کۆمەڵێ خەڵکی سیڤیل و "بێ تاوان" رابکێشن، بە تایبەت ئەگەر بێتوو قوربانیانی سیڤیل زۆرو فراوان بن.

لە لایەکی دیکەوە، گرووپە تیرۆریستییەکان دەبێ خۆیان بۆ دژەکردەوەی توندی حکومەت بەهۆی ئەو هەوڵە هێجگار توندوتیژانەیانەوە ئامادەبکەن. دژەکردەوەی حکومەت بەرامبەر تەقینەوە لە ناو فرۆکەیەکی نەفەر هەڵگر زۆر توندترە لە دژەکردەوەی بەرامبەر تەقینەوە لە پشت دیواری باڵیۆزخانەیەکی بیانی.

سەرەنجام، گرووپە تیرۆریستیەکان دەبێ بتوانن بەکارهێنانی توندوتیژی لە تەك ئایدۆلۆژیای خۆیان کۆك بکەن. ئەگەر گرووپە تیرۆریستیەکان دەیانەوێ درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن و لە کارەکانیاندا سەربکەون، دەبێ بڕواننە ماهیەتی چالاکییە تیرۆریستیەکانیان.



ئاشکرایە لێرەدا هەندێ سنووری دیاریکراو هەیە. کەواتە تیرۆریزم دیاردەیەکی مەبەستدارە و ئەمەیش لە میناکی توندوتیژی تیرۆریستیدا تەواو بەرچاوە.

**گومانی سێیەم: تیرۆریزم یەکسانە بە زیانی گیانی و ماڵی زۆر**

وێڕای بەدناوی زۆری تیرۆریزمی نێونەتەوەیی،ئامارەکانی بەردەست دەریدەخات کە تێکڕای زیانە مرۆییەکان لە هەر رووداوێکی تیرۆریستیی نێونەتەوەییدا کەمتر لە یەك کەس بووە و زیاتر لە ٩٠٪ ی ئەم رووداوانە کەسی تیا نەکوژراوە. هەروەها هەژماری رووداوی "پڕکارەسات"ی وەك تەقینەوە لە فرۆکەی نەفەرهەڵگردا تا رادەیەك کەمە. لە راستیدا لە ماوەی ئەو ٢٧ ساڵەی توێژینەوەکە ئەنجامدراوە، تەنیا ٢١ رووداوی تەقینەوە لە فرۆکە نەفەرهەڵگرەکاندا روویداوە و تەنیا ١٢ رووداو لەم رووداوانە زیاتر لە ٢٠ کەسی تێدا کوژراوە(٤٢). هەرچەند ئەم چەشنە رووداوە پڕکارەساتانە ناشاردرێنەوە بەڵام ئەم جۆرە پێشهاتانە زیاتر هەڵاوێردەن نەك رێسا. هەتا ئێستا ماکی سەرەکی تیرۆریزم پێکهاتەیەك بووە لە هەڕەشەی توندوتیژی و کۆمەڵێك هەوڵی توندوتیژانە و زیاتر لەوەی ببێتە هۆی کوشتار و کاولکاری، ترس و دڵەڕاوکێی ناوەتەوە.

**گومانی چوارەم: تیرۆریزم، ئەو هەوڵانەیە کە لە لایەن هەندێ دەورگێڕی ناحکومییەوە بە مەبەستی ئاژاوەگێڕی و گێرەشێوێنی ئەنجام دەدرێ.**

ئەم گومانە بە پێی ئەو گریمانەیە کە دەورگێڕی بچووکی ناحکومی و (رەنگە نائاوەزمەند) تاکە هێزێکن کە لە پشت تیرۆریزمەوەن. ئەگەر ئەم گریمانەیە

راست بێت کەواتە دەتوانین بگەینە ئەم دەرەنجامە کە ئەم گرووپانە بە پێی قەبارەو گرنگیی نابووتەیان بە بەراورد لەگەڵ حکومەتەکان لە دۆخێکی وەها نابەرامبەردا دەژین کە تەنیا دەتوانن ئاشتی و ئارامیەکە تێکبدەن، بێ ئەوەی بتوانن سیستەمێکی جیاواز جێگیر بکەن. هەرچەند گومان لەوەدا نیە کە ئامانجی سەرەتایی تیرۆریزم (بەگوێرەی ئەوانەی وا لەگەڵ دەسەڵاتی حکومەت ناکۆکیان هەیە بە کاری دێنن) نانەوەی ئاژاوەو ئاشوب و کەس لە کەسییە، بۆ ئەوەی بێهێزی حکومەت لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیدا بسەلمێندرێت، بەڵام نابێ ئەم راستیەش لەبەر چاو نەگیرێت کە حکومەتەکانیش بۆ سەقامگیرکردنی ئاسایش، بەردەوام پەنایان بردووەتە بەر تیرۆریزم.

ئەم دیاردەیە لە زۆربەی وڵاتاندا دەکەوێتە بەرچاو و لە قۆناغی جیاجیای پرۆسەی پەرەسەندنی سیاسی حکومەتەکاندا دەبینرێت[٤٣]. لەهەر کام لەم حاڵەتانەدا، ئەوەی تیرۆریستان هەوڵی بۆ دەدەن، دابینکردنی سەقامگیرییە نەك ئاژاوەو ئاشوب.

بەستنەوەی شیکردنەوەی تیرۆریزم بە هەندێ دەورگێڕی ناحکومییەوە دەبێتە بەربەست لەبەردەم هەڵسەنگاندنی راست و رەوای ئەنجامدەرانی کردەوەی تیرۆریستی. حکومەتەکان بەردەوام کەڵك لە تیرۆریزم وەردەگرن بۆ پاراستن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی سیاسی خۆیان[٤٤]، بە تایبەت دەتوانین ئاماژە بکەین بە بەکارهێنانی "تیرۆری حکومی" بە شێوەیەکی بەربڵاو (بەمەبەستی کۆنترۆڵی سیاسی) لە ساڵانێك لە سەدەی بیستەم و لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان. لە رژێمە تۆتالیتەرەکانی ئەورووپای (١٩٢٠و١٩٣٠ و ١٩٤٠) هەتا رژێمە دیکتاتۆرییە تاکە حیزبییەکان لە ئەفریقیاو ئاسیاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەردەمی پاش کۆلۆنیالیزم، هەروەها کۆمارەکانی پێشووی یەکیەتی سۆڤیەت و هاوپەیمانەکانیان و حکومەتە "دەسەڵاتخوازەکان" ی ئەمریکای لاتین. لە تێکڕای ئەمانەدا بەکارهێنانی تیرۆری حکومی رەواجی هەبووە. هەروەها



حکومەتەکان بەردەوام لە کاتی شەڕ[٤٥] و تەنانەت لە سەردەمی ئاشتیشدا[٤٦] پەنایان بردووەتە بەر تیرۆریزم. ئەم راستییە کە دەورگێڕە حکومیەکانیش پەنا دەبەنە بەر تیرۆریزم، نەك هەر بۆ بەدروستی تۆمارکردنی کۆی چالاکییەکان گرنگە، بەڵکو بۆ دیاریکردن و ناسینی خێرای ئەنجامدەرانی هەوڵە تیرۆریستییەکان لە داهاتوویشدا پێویستە.

هەروەها دەتوانین بڵێین کە حکومەتەکان لە کەڵك وەرگرتن لە تاکتیکە تیرۆریستیەکاندا بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە زۆر بە تواناترن لە یاخیبووان.ئەم بۆچوونە لە راستییەوە دوورە کە هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی تیرۆریزم لە بواری تۆڕەکانی کۆمپیوتەردا، تەنیا دەورگێڕە ناحکومیەکان لە شوێنگەی ئەلەکترۆنی وەك بەستێنێکی نوێ بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی کەڵك وەردەگرن. دەورگێڕە حکوومیەکان دیسانیش دەرفەتی زۆریان لەبەر دەستدایە بۆ ئەوەی تاکتیکەکانی تیرۆریزمی ئاسایی بە شێوەی جۆراوجۆر و بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانیان، تێکەڵ بە کۆمپیوتەر بکەن.

**گومانی پێنجەم: تیرۆریستان هەموویان یان سەرشێتن یاخود تاوانکارن[٤٨]**

ئەم گومانە کە تیرۆریستان یان سەرشێتن یان تاوانکار، لە سادەترین شکڵی خۆیدا گومانێکە حکومەتەکان برەویان پێداوە، بۆ ئەوەی هیچ چەشنە شەرعیەتێکی سیاسی نەدەن بە تیرۆریستان یاخود ئامانجەکانیان. لەیەك ئاستدا، ئەم گومانە ئەوە دەگەیەنێت کە "تەنیا سەرشێتان زۆربەی ئەو کارانە دەکەن کە تیرۆریستان ئەنجامیان داوە". ئەم بیرۆکەیە کە لە راگەیاندنەکانی گشتی و کۆڕو کۆبوونەوە حکومیەکانی رۆژئاوا رەواجی هەیە، دەرفەتی زێڕین بە چاودێران دەدات بۆ ئەوەی دەورگێڕەکان، هەوڵەکان و گرفتە سیاسییەکان هەتا ئاستی دەروونی دابەزێنن، ئەنجامی ئەم لۆژیکە، بێ بەشکردنی تیرۆریستان و رەفتاری پڕ توندوتیژییان لە هەر چەشنە عەقڵ و ئاوەزییەکە[٤].

ئەم بۆچوونە کە تیرۆریستان، تاوانکارن لە رووی یاساییەوە راستە، بەڵام لەمە زیاتر، بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەیەك بەکارنایەت. هەروەك مێژوو سەلماندوویەتی، پێداگری دارۆغەی ناتینگهام[١] لەسەر ئەوەی کە رۆبن هوود دز و تاوانبارێکی سادەیە، نەبووە هۆی ئەوەی ئەو خەڵکەی ستایشی سەرکەشییەکانی ئەویان دەکرد، وەك قارەمان تەماشای نەکەن. ئەگەر لەگەڵ ئەم گومانەی پێنجەم بین، لە باتی ئەوەی بایەخ بدەین بەوەی کە ریشەی زۆربەی هەوڵە تیرۆریستییەکان بەهۆی گرفتی سیاسی تایبەتەو دەبێ هەر بەم پێیەیش چاوی لێبکرێت و هەڵسەنگێندرێت و وەڵامی بۆ بدۆزرێتەوە(ئەمەیش لە رووی جێبەجێکردنی یاسا لە لایەن حکومەتەوە زیاتر لەهەر شتێك گرنگە) و لە باتی پەرچەکرداری سیاسیانە بە هەڵە دەکەوینە جێبەجێکردنی یاساکانی تاوان. لە روانگەی ئەم قوتابخانە فکرییەوە(لایەنگرانی ئەم گومانە) هەر چەشنە چالاکییەکی تیرۆریستی بە تاوان لە قەڵەم دەدرێت و هەر بەم پێیەش رووبەڕووی دەبێتەوە[(٥٠)]. بەڵام زۆر بە دەگمەن رێدەکەوێت هەوڵی تیرۆریستی قازانج و بەرژەوەندییەکی تاوانکارانەی تایبەتی هەبێت[(٥١)].

هەڵبەت ئەو گرووپانەی بە تیرۆریست ناسراون، بەمەبەستی بەدەستهێنانی سەرچاوەی دارایی پێویست بۆ ئەنجامدانی کردەوە تیرۆریستیەکانیان هەندێ چالاکییان نواندووە کە بە ئاشکرا "تاوان"ن. بەڵام نابێ ئەم جۆرە هەوڵانە، بە هەڵە بە تیرۆریزم لە قەڵەم بدەین، چونکە مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم کردەوانە هیچ کات ترس لە دڵ خستن و/یان رەفتاری تێکشکێنەرانە بەرامبەر سیستەمی سیاسی نەبووە. هەڕەشەی تیرۆریستی چ گەورە بێنە بەرچاو یا بچووك تەنیا بە نەخشەو پلانی سەرشێتەکان و تاوانکارانەوە نابەسرێتەوە[(٥٢)].

١. Sherif of Nothinghom



لەم قۆناغە نوێیەدا کە ئەگەری ئاوێتەبوونی تیرۆریزم لە تەك کۆمپیوتەرەکان و تۆڕە کۆمپیوتەرییەکان رووی لە زیادبوونە، پێویستە جیاوازی دابنێین لە نێوان تاوان و تاوانکارە کۆمپیوتەرییەکان[١] لە لایەك و تیرۆریستان لە لایەکی ترەوە[(٥٣)].

## گومانی شەشەم: حکومەتەکان هەمیشە نەیاری تیرۆریزمی ناحکومین

بە ئاسانی دەتوانین ئەم گومانە کە "حکومەتەکان هەمیشە نەیارن لەگەڵ تیرۆریزمی ناحکومیدا" بەم ئاوەڵکارەوە ببەستینەوە کە "ئەگەر بزانن لە رووی سیاسییەوە لە بەرژەوەندی ئەواندا نیە" و بەم شێوە راستی بکەینەوە.

هەرچەند لە مێژە حکومەتەکان بە "بەڕێوەبەری بێ لایەنی مشتومڕە کۆمەڵایەتییەکان" ناسراون، بەڵام راستتر وایە وەکو لایەنێك لە لایەنە بەرژەوەندیدارەکان سەیریان بکەین. لەم چەمکسازییەدا، رۆڵی حکومەت وەك پارێزەری ئارامی و سەقامگیری بەجۆرێك دەگشتێندرێت، ئەو چالاکییانەیش لەخۆ بگرێت کە دەورگێڕە ناحکومییەکان بۆ بەرژەوەندی سیاسیی حکومەتێك ئەنجامیانداوە. بە واتایەکی تر، لە هەندێ دۆخدا لە جیاتی ئەوەی هەوڵە تیرۆریستییەکانی دەورگێڕە ناحکومییەکان بە ئاژاوەگێڕی دابنێین وەك سەقامگیرکردنی رەوشەکە لە قەڵەمی دەدەن.

نموونەیەکی ئاشکرا سەبارەت بە پشتگیریکردنی حکومەت لە تیرۆریزمی ناحکومی لە پەیوەندی نێوان هەندێ وڵاتان و ئەو گرووپە سەرەڕۆیانەدا دەبینرێ کە دەستیان لە تیرۆریزمی ناوخۆییدا هەیە.

١. Cyber crime/criminal

هەرکات گرووپە سەرەڕۆکان بۆ سەقامگیرکردنی دۆخەکە (سەقامگیری) بە هانای حکومەتەوە بێن ئەوا حکومەت نەك هەر رایاندەگرێت بەڵکو هانیشیان دەدات، بۆ نموونە حکومەتی ئەرژەنتین و حکومەتی بەرازیل لە ١٩٧٠ کان(٥٤) بەمەبەستی زیاتر سەپاندنی دەسەلاتی سیاسییان لە چوارچێوەی خاکەکەیاندا روویان کردە پشتگیریکردنی گرووپە تیرۆریستییە ناحکومییەکان.

پشتگیری حکومەت لە تیرۆریزمی ناحکومی، ئاستی نێونەتەوەییشی تەنیوەتەوە. لێرەشدا چەند نموونە هەن کە تێیدا هەولە تیرۆریستییەکانی دەورگێڕە ناحکومییەکان لەگەڵ بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی هەندێ حکومەتی سەربەخۆ یەك دەگرنەوە. لەحاڵەتی وادا، حکومەت بەپێی بەراوردی قازانج و تێچوونەکان پشتگیری دەکات کە تێیدا ئەو بەرژەوەندییانەی لە ئەنجامی خوازراوەوە بەدەست دێن، رادەی ئەگەری گەیشتن بە دۆخی خوازراو لە ئەنجامی ئەو کردەوە تیرۆریستییەو هەروەها بڕی تێچوونی دەستێوەردان لەو کردەوەیە پێکەوە بەراورد دەکرێن.تیرۆریزمی ناحکومی نێونەتەوەیی کە لە لایەن حکومەتەکانەوە پشتگیری دەکرێت جۆرێکە لە تیرۆریزمی بە وەکالەت[1]، واتە، ئەم جۆرە تیرۆریزمە بەم شێوازانەی خوارەوە بەرجەستە دەبێت:

١- تیرۆریزمی پشتگیری کراوە لە لایەن حکومەتەوە[2]: ئەو حاڵەتانەن کە تێیدا هەولە تیرۆریستییە سەرەتاییەکانی لایەنی سێیەم (ناحکومی) دواتر لە لایەن ئەو حکومەتانەوە کە لە بەرژەوەندییاندایە پشتگیری دەکرێت، یاخود

٢- بێدەنگی حکومەت (لە پێناو هەولی تیرۆریستیدا) وەك رازیبوونی بەم هەولانە: ئەو حاڵەتانەی کە تێیدا حکومەت لە پێناو هەولی تیرۆریستیی دەورگێڕە ناحکومییەکان، بەبێدەنگبوونیی (بێ دەنگی) رازی بوونی خۆی دەردەبڕێت یان هەرهیچ نەبێت شەرمەزاری ناکات(٥٥).

١. Surrogate terror
٢. State- supported terrorism



لە هەریەك لەم دوو حاڵەتەدا، هەولی حکومەتەکان جیاوازە لەگەڵ ئەم گومانە کە "دەورگێڕە حکومییەکان هەمیشە نەیارن لەتەك تیرۆریزمی ناحکومی". ئەم راستییە راستەوخۆ دژایەتی هەیە لەتەك ئەم بیروڕایەدا کە "تیرۆریزم چەکی بێ دەسەلاتەکانە". تەنانەت بێ دەسەلاتترین حکومەتەکانیش گەیشتوونەتە ئەو دەرەنجامە کە پشتگیریکردنی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی دەتوانێ کۆمەك بکات بە هێنانەدی هەندێ ئامانج لە ئاستی پەیوەندی نێونەتەوەییدا. حکومەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیگەرانی خۆی دەربڕیوە لە مەڕ پشتگیریکردنی تیرۆریزمی ناحکومی لە بواری تۆڕە کۆمپیوتەرییەکان لە لایەن حکومەتەکانەوە.

### گومانی حەوتەم: سەرچاوەی تیرۆریزمی سیاسیی هاچەرخ، بەرهەمی شەیتانی و شەڕانگێزی یەك دوو دەورگێڕی سەرەکییە (شەیتان هانی دام بەم کارە!)

باشترین رێگە بۆ روونکردنەوەی ئەو بیرۆکە سیاسی و بەرژەوەندیخوازانەی لە ناخی ئەم گومانەدایە، ئەوەیە کە بەشەش گومانەکەی پێشوودا بچینەوە.هەرهەموویان دەیسەلمێنن کە بایەخدان بە دەورگێڕ (تیرۆریست) لە جیاتی کاری(تیرۆریستی) لە بنەڕەتەوە هەڵەیە.توانای نیشاندانی ترس لە تیرۆریزم بە واتای ماهیەتی شەیتانیی تازە پێناسەکراوی ئەو حکومەت و گرووپانەی دەستیان هەیە لە کردەوەی تیرۆریستیدا، ئامرازێکی بەهێز دەخاتە بەردەم رای گشتی جیهانی(٥٦). لە لایەکی تریشەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ریشەکانی ئەو ئارمانجانە سیاسییەی هەولە تیرۆریستییەکان بۆ گەیشتن پێی ئەنجام دەدرێن و ئێمەش بەحەق ئیدانەی دەکەین، لەبەرچاونەگرین. ماهیەتی ناحەز و نەفرەتلێکراوی تیرۆریزم رێگر نەبووە لەوەی هاوپەیمانییەکی بەربلاو لە دەورگێڕان (حکومی وناحکومی) کەڵکی لێ وەرگرن.

کاتێ سەرکەوتووانە کەڵك لەم ئامرازە وەردەگیرێت. شەڕانگێزیی حکومەت ڕەهەندێکی ئەفسانەیی بەخۆوە دەبینێت و دەتوانین بەبێ بایەخدان بە شەرعیەتی لە ناخدا هەڵگری ئەو ناڕەزاییە سیاسیانەی بوونەتە هۆی ئەم کردەوە نەفرەتلێکراوانە، بەرپرسیاریەتی تێکڕایی خراپیەکانی بخەینە ئەستۆی ئەو حکومەتە.

جیا لە ڕێبەرانی سۆڤیەت، هەندێ ڕێبەری وڵاتانی دیکە وەك (موعەممەر قەزافی) و باقی کەسایەتییە تیرۆریستییەکان وەك (ئەبونەزال، یاسر عەرەفات و ئوسامەبن لادن) وەك کەسایەتی شەڕانگێزو ئەهریمەنی ناسراون و تۆمەتی زۆر گەورەیان خراوەتە پاڵ، گەورەتر لەوەی ئەنجامیان داوە(٥٧). بەم دواییانە چەمکی "حکومەتە یاخییەکان[١]" داهێنراوە (هەڵبەت وێدەچێت ئەم دەستەواژەیە ئێستا لە ناو ئەو دەستەواژانەی وەزارەتی دەرەوە بەکاریان دەهێنێ دەرهێنرابێت).

بەداخەوە بەردەوامبوونی گومان لەسەر بنەمای "بیردۆزەی بە ئەهریمەن ناسینی تیرۆریزم[٢]"، تەنیا مایەی نیگەرانی خاوەن رایان و چاودێرانی ئاسایی پرسگری تیرۆریزم نیە. ئەو حکومەتانەی ئەم گومانەیان قبوڵ کردووە، بۆ پێشخستنی قازانجەکانیان زیندووی رادەگرن. چونکە ئەم گومانە دەستیان واڵا دەکات بۆ ئەوەی ئەو سیاسەتانە بگرنە بەر کە زیاتر وابەستەی قازانجی سیاسەتی دەرەکیە تا بەربەرکانێ لە تەك تیرۆریزم(٥٨). بەم پێیە لە لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو سەبارەت بە تیرۆریزم لە شوێنگەی کۆمپیوتەریدا، دەبێ بەچاوی رەخنەوە، لە ریشەو سەرچاوەکانی تیرۆریزم بکۆڵینەوە.

ئەگەر گومانی دەورگێڕە ئەهریمەنییەکان لە بارەی نەوەی داهاتوویشەوە هەربەم شێوە درێژەی هەبێت، ئەوا دەرفەتی زۆر بۆ بەربەرەکانێ لە تەك ئەم دیاردەیە لە کیس دەچێت.

---

[١]. Rogue state
[٢]. Devil theories of terrorism



ئەو حەوت گومانەی سەرەوە، بەو ئەندازەی دەبێتە ڕێگر لەبەردەم بیرکرنەوەو تێڕامانی ئازاد لەبارەی تیرۆریزمەوە هەربەو ئەندازەش گرنگە بۆ ناسینی دیاردەی تیرۆریزم. لە رووی ماهیەتەکەیەوە هەم تیرۆریزمی ئاساییمان هەیەو هەمیش تیرۆریزمی پشت بەستوو بە کۆمپیوتەرەکان، لە بەرئەوەی دیاردەی تیرۆریزم و کۆمپیوتەر هەردووکیان تا رادەیەك تازەن، باشترە ئەم حەوت گومانە لەتەك راستەقینەی تیرۆریزمی ئاسایی بەراوردبکەین و لە پاڵ ئەویش روانگەیەکی گریمانەیی سەبارەت بە راستەقینەی سایبر تیرۆریزم بخەینە بەردەست. (بنوارە خشتەی ژمارە ١)

**خشتەی ١: گومانەکانی سەبارەت بە تیرۆریزم، تیرۆریزمی ئاسایی و سایبر تیرۆریزم**

| گومان | راستی - ئاسایی | راستەقینەی سایبرنێتیکی گریمانەیی |
| --- | --- | --- |
| ١- تیرۆریزم، دیاردەیەکی بە ڕێکەوتەو ئاراستەیەکی دیاری کراوی نیە. | تیرۆریزم، مەبەستێکی دیاریکراوی هەیە و بە پێی ئامانجێکی تەواو پێناسە بۆ کراوە. ماهیەتی زیاتر سەمبوولیکی توند وتیژی تیرۆریزمیمان پێ نالۆژیکیە. | تایبەتمەندی بەرچاوی سایبر تیرۆریزم درووشمی مەبەستداری (لە رووی مەبەستی) هەڕەشەو توندوتیژییەکانە بۆ سەر شوێنگەی کۆمپیوتەری. رۆژ بە رۆژ زیاتر دەستپێڕلگەیشتنی خەڵك بەم شوێنگەیەو پەرەسەندنی ئاگاییان بە نیسبەت ئەمە، پۆتانسیەلێکی گرنگی بۆ هێنانەکایەی چەشنێکی نوێ لە دێوە تیرۆریستان فەراهەم دەکات. |
| ٢- یرۆریسم/ هیچ سنوورێك ناناسێت و ڕێز لە هیچ هێڵێکیش ناگرێت. | بە گشتی تایبەتمەندی لە مێژینەی تیرۆریزمی ئاسایی، ئۆپەراسیۆنی تیرۆریستی بە پێی | لە جیهانی سایبر تیرۆریزمیشدا تیرۆیسمان، دووژمنان و ئامانجەکانی خۆیان هەڵدەبژێرن و |

| | | |
|---|---|---|
| | بەرنامەو پرۆگرامە. "بەلاًیی" تیرۆریزمی نێونەتەوەیی کاریگەری ئەوتۆی لەسەر تاکەکان دانەناوە. بێجگە لە ترس و دڵەڕاوکێیێ بێهودە نەبێ. گرووپە تیرۆریستە سەرکەووتوەکان گرنگی و بایەخی خزمەتکردن بە مەڵبەندەکانی پشتگیری کەری خۆیان پێ دەزانن و خۆ دەپارێزن لەو هەوڵە پڕ توندوتیژیانەی کە ناپێویستەو دەبێتە هۆی نارەزایی ئەوان. | دەستنیشان دەکەن،لە حالێکدا هاووڵاتیانی ئاسایی پێدەچێت رووبەڕووی توندوتیژی راستەوخۆ نەبنەوە، بەڵام لەوانەیە بە نیسبتیەوە بە ئاگاتر بن و تا رادەیەك هەست بە مەترسییەکەی بکەن. هەرچەندە گرووپی تیرۆریستی گەورە وەکو پێشتر مەڵبەندەکانی پشتگیریکردنی خۆیان رەچاو دەکەن بەڵام گرووپە تازە سەرهەڵداوەکان رەنگە ئەم شوێنگە تازەیە بە لەبار بزانن و هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی سنوورەکانی تیرۆریزم بەرفراوان بکەن. |
| ٣- تیرۆریزم، واتە زیانی ماڵی و گیانی زۆروفراوان. | تیرۆریزم، بەو ئەندازەی باس دەکرێ ماڵ وێانکەرو کوشندە نیە. ئەو رووداوانەی دەبنە هۆی زیانی ماڵی و گیانی فراوان زیاتر رووداوی هەڵاوێردەن، بەڵام گرووپە تیرۆریستییەکان و هەمیش حکومەتەکان بۆ گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندییەکانیان کەڵك لەم گومانە وەردەگرن.<br>* ئەو وێنەیوی لە تیرۆریزم نیشان دەدرێت زۆر خوازیارترە لە راستەقینەی تیرۆریزم. | باشترین رێگە بۆ روونکردنەوەی ماهیەتی سایبر تیرۆریزم بەم شێوەیە: پەرەسەندنی شوێنگەیەکی ئۆپەراسیۆنی نوێ کە شێوازی ئۆپەراسیۆنی تیرۆریستی نوێ لەگەڵ خۆی دەهێنێ. بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو لەبەردەستدا نیە بیسەلمێنێت، ئەم ئاڵوگۆڕە خۆی لەخۆیدا ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە بنەما سەرەکییەکانی کردەوەی تیرۆریستی. تیرۆریستان بەردەوام توانای ئەوەیان بووە هەوڵی تێکدانی بە کۆمەڵ ئەنجام بدەن، بڕیاریان داوە ئەم کارە نەکەن.بێ گومان سایبر تیرۆریزم هەلی نوێ |



| | | |
|---|---|---|
| | | بۆ ئەم چەشنە هەوڵانە دەرەخسێنێ. بەڵام لە رووی بزوێنەری پێویست بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە شتێکی ئەوتۆ ناخاتە بەردەست. |
| ٤- تیرۆریزم ئەو هەوڵانەیە کە بە تایبەت لە لایەن هەندێ دەورگێڕی ناحکومیەوە ئەنجام دەدرێت و مەبەست لەمەیش ئاژاوەگێڕی و شەڕانگێزییە. | ئەم گومانە کە تەنیا گرووپە یاخیبووەکان دەست دەدەنە کاری تیرۆریستی نەك هەر زانیاری ئێمە سەبارەت بە ئەنجامدەرانی کردەوەی تیرۆریستی خەوشدار دەکات، بەڵکو دەبێتە هۆی گرتنی رێوشوێنی سیاسی ناکارامە لە بەرامبەر تیرۆریزمدا. تیرۆریزم شکڵێکە لە توندوتیژی کە هەم دەورگێڕە حکومییەکان(حکومەتەکان) و هەم دورگێڕە ناحکومییەکان کەڵکی لێوەردەگرن. هەروەها تیرۆریزم (یاخیبووان) جیا لەوەی سەرچاوەیەکی چی بێت یەك ماهیەتی هەیە، حکومەتەکان ئامانجیان لەبەکارێنانی تیرۆریزم دابینکردنی نەزمە(نظم). هەرچەندە رەنگە ئەم بۆچوونە جیاواز بێت لەتەك بۆچوونی هاوچەرخ سەبارەت بە هاوکێشەی تیرۆریزم = یاخیبوون. بەڵام راستیەکی حاشاهەڵنەگرە. گەوهەرو سروشتی تیرۆریزم یەك شتەو تەنیا ئامانجەکانی جیاوازە. | هەم یاخیبووان و هەم حکومەتەکان تا ئەو جێگەی بتوانن هەوڵ دەدەن کەڵك لە سایبر تیرۆریزم وەرگرن.بەڵگەی زۆر لەبەردەستدایە لەسەر ئەوە کە حکومەتەکان لە داهاتوودا تێدەگەن لەوەی کە سایبر تیرۆریزم ئامرازێکی شاراوەترە بۆ ئەنجامدانی تیرۆریزم (ئەمەیش بە لەبەرچاوگرتنی مەحکووم بوونی نێونەتەوەیی پێشیلکاری مافی مرۆڤ بایەخی زۆرە)، ئاشکرایە ئامانجی تیرۆریزم جیاوازە لەتەك ماهیەتەکەی. تیرۆریزم خزمەت بە گەلێ ئەرباب و ئامانج دەکات، تیرۆریستان تەکنەلۆجای نوێی بواری کۆمپیوتەر بەکاردێنن و ئەم کارەیش بەلەبەر چاوگرتنی گەلێ ئامانجی زۆر ئەنجام دەدەن. |

| | | |
|---|---|---|
| ٥- تیرۆریستان پاکیان یان شێتن یان جەنایەتکار. | گەلێ دۆخ و هەل و مەرجی زۆر خەن کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی تیرۆریستان لەوانە: ڕەوشی ئابووری، مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕەنگە تیرۆریستان شێت یاخود جەنایەتکار بن، بەڵام سەرچاوەی ڕاستەقینەی هەڕەشەی تیرۆریزم کۆمەڵێك هەل و مەرجی لێك ئاڵۆزە. | لە جیهانی سایبر تیرۆریزم دا، ئەو گرووپە تیرۆریستانە سەردەکەون کە بەرنامەو پلانی سیاسی تەواو دیاریکراویان هەبێت. تەنانەت ئەو ئۆپەراسیۆنانەی بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی تاك (تاك بابەتی) ئەنجام دەدرێن بەرجەستەو بەرچاو دەبێت. شێتەکان یاخود جەنایەتکاران هیچ ڕۆڵێکیان نیە لە سایبر تیرۆریزمدا، بێجگە لەوەی کە هۆکارە ڕاستەقینەکانی سەرهەڵدانی ئەم شکلە نوێیەی تیرۆریزم لە ئێمە دەشارێتەوە. |
| ٦- حکومەتەکان هەمیشە دژ بە تیرۆریزمی ناحکومین. | حکومەتەکان ئۆر جار پشتگیری کردنی تیرۆریستە ناحکومیەکان لە بەرژەوەندی خۆیاندا دەبینن. ئەم پشتگیرییە بە شێوەی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت و تیرۆریزم خۆیشی لەوانەیە دەرەکی یان نێونەتەوەیی بێت. هەرچەند بە هەڵە تیرریسمیمان بە چەکی بێ هێزەکان وەسف کردووە، بەڵام دەورگێڕی دەورە بە هێزیش پشتگیری دەکەن و تێیدا بەشدارن. | تیرۆریستان بواری کۆمپیوتەر هەروەك تیرۆریستە ئاساییەکان، لە لایەن حکومەتەکانەوە پشتگیرییان لێ دەکرێت. تا ئەو کاتەی حکومەتەکان هەوڵی تیرۆریستی لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی خۆیان ببینن. پشتگیری دەکەن. ئەگەر بێتوو حکومەتەکان بە هەڵە بگەنە ئەو ئەنجامەی کە ناسینی ڕیشەکانی سایبر تیرۆریزم ئەستەمترە لە تیرۆریزمی ئاسایی ئەوا لەوانەیە لە هەڵسەنگاندەکانی لەوانەیە لە هەڵسەنگاندنەکاندا (کە لێیەوە بەدەست هاتووە)، کاردانەوەی حککومەت لەمەڕ |



| | | |
|---|---|---|
| | | پشتگیریکردنی (سلیبر تیرۆریزم) لە داهاتوودا. |
| ٧- سەرچاوەی تیرۆریزمی سسیاسی هاوچەرخ، شەیتانی و شەڕانگێزی یەك دو دەورگێڕی بەرچاوە(شەیتان منی هاندا بەم کارە!). | ناساندنی بەردەوامی تەنیا چەند گرووپێکی شەیتانی ئەهریمەنی وەك سەرچاوەی تیرۆریزم تەنیا هەوڵێکی سیاسیەکە لە ڕاستیدا بایەخی ئەوتۆ نیە. تەنیا"چەپ گەراکان" یان "عەرەبەکان، یاخود تەنانەت"فاشیستان" تیرۆریست نین. | واژەی "سایبر تیرۆریزم" لە پلەی یەکەمدا بە شێوەی سووکایەتی پێکردن بەکاردەبرێت. سایبر تیرۆریزم وەك خراپترین شکڵی تیرۆریزم تەماشا دەکەن، چونکە دیاردەیەکی نوێیەو ماهیەتەکەیش زۆر نادیارە. بێ گومان، ئەم دەستواژەی تری وەك "بودنیدگەرایی(بنەما خوازی)، ئیسلامی" دادەنرێت بۆئەوەی مەترسیدارتر بنوێنێ. دەورگێڕی ئەهریمەنەکان بە سایبر تیرۆریست لەقەڵەم دەدەن. و بە پێچەوانەیشەوە، سەر دەرگومی لەم بارەوە کە ئاخۆ کێ بەرپرسیارە لە تیرۆریزم پەرەدەسێنێ. بە تایبەت ئەگەر ئەو گومانانەی سەبارەت بە تیرۆریزم دێنە ئاراوە، ببێتە هۆی سەرهەڵدانی تیۆریگەلێك کە پڕ ڕەمزو ڕازی تری بکات لە چاو تیرۆریزمی ئاسایی. وێدەچێ دەورگێڕە ئەهریمەنیەکان و سلیبر تیرۆریزم شان بە شانی یەکتر بەرەو پێش دەچن. |

## تیرۆریزم و کۆمپیوتەر، پیکەوە بەستنەوەی رابردوو و داهاتوو پێناسەکان[٥٩]

هەر چەندە دەستەواژەی سایبرتیرۆریزم وەك شێوازێکی نوێ و جیاواز بە کار دێنن بەلاّم راستتر وایە وەك تاکتیکێکی نوێی تیرۆریستی دابێنین[٦٠]. سایبر تیرۆریزم لە ماهیەتدا پشتی هەر بەو پرەنسیپانە بەستووە کە جۆرەکانی تری تیرۆریزم پشتیان پێبەستووە. دیسانیش دووپاتی دەکەینەوە کە تیرۆریزم پرۆسەیەکی ئاشکراو دیاریکراوە نەك کردەویەکی پڕتوندوتیژی کە بە رێکەوت لەلایەن دوژمن یان لایەنی داخ لەدڵەوە ئەنجام دەدرێت. سایبر تیرۆریزم هەروەك لە ناوەکەی دیارە، شێوازێکە لە تیرۆریزم کە فاکتەرێکی کومپیوتەری لە گەڵدایە. لەم رووەوە، سایبر تیرۆریزم وەك باقی شکڵەکانی تیرۆریزمە، بەلاّم بە هۆی ئەوەی پابەندە بە کۆمپیوتەر لە گەڵ تاکتیکەکانی دیکەی تیرۆریزمدا جیاوازە. باری کالینز[١] کە وەك دەڵێن دەستەواژەی سایبر تیرۆریزم ئەو دایهێناوە، بەم شێوە پێناسەی کردووە: ((بەئەنقەست خراپ بە کارهێنانی سیستەمێك، تۆرێك یا خود فاکتەرێکی زانیاریی کۆمپیوتەری بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجێك کە ئاسانکاری بۆ کار و چالاکی تیرۆریستی دەکات یاخود بەدیهێنەری ئەم کار و چالاکیبیانەیە.))[٦١].

هەروەها دۆرۆتی دێنینگ[٢] و راد ستارکیش[٣] دوو پێناسەی تریان بۆ سایبرتیرۆریزم خستۆتە روو.

١. Barry Colins
٢. Dorothe Dening
٣. Rod Stark



بە بڕوای **دێنینگ** سایبرتیرۆریزم بریتیە لە بەیەك گەیشتنی تیرۆریزم و فەزای کۆمپیوتەری[١].بە گشتی سایبر تیرۆریزم بە واتای پەلاماری ناقانونی دژ بە کۆمپیوتەرەکان و تۆڕە کۆمپیوتەرییەکان و زانیارییە پارێزراوەکانە، بە مەبەستی تۆقاندن یان ناچارکردنی حکومەت یا خود هاوولاّتیان بۆ بەرەو پێش بردنی ئامانجە سیاسی یان کۆمەڵایە تییە کان.... دەبێ ئەم پەلامارانە ببنە هۆی پەرەسەندنی توندوتیژی دژ بە تاکەکان یاخود سامان و داراییەکان یان لانیکەم ئەوەندە زیانیان پێبگەیەنێت بتوانێ ترس و دڵەراوکێ بنێتەوە[٦٢].

**ستارك** پێناسەیەکی هاوشێوەی دێنینگی هەیە و تێیدا، هەوڵ دەدات رەهەندی کۆمپیوتەری و رەهەندی ئاسایی سایبر تیرۆریزم زەق بکاتەوە. ئەو دەنوسێ:

**سایبر تیرۆریزم** بریتیە لە بە کارهێنانی بە ئەنقەستی(یان هەڕەشەی بە کارهێنانی) کۆمپیوتەر بۆ شەڕ یان بە کارهێنانی توندوتیژی دژ بە ئامانجە کۆمپیوتەرییەکان کە مەبستی سیاسی، کۆمەڵایەتی ئابووری یان ئایینی لە پشتە لایەن گروپە ناحکومییەکانەوە یان ئەو گرووپانەی لە ژێر کۆنترۆڵ و پشتگیری حکومەتدان، بە مەبەستی نانەوەی ترس و خۆف و دڵەڕاوکێ لە ناو دانیشتوانی مەبەست و زیان گەیاندن بە سامانەکان و یاخود دارایی سەربازی و مەدەنی(٦٣). هەروەها ستارك روونی دەکاتەوە ئەوەی ماهیەتی تیرۆریزم دیاری دەکات ئامانجەکانیەتی. واتە سایبرتیرۆریزم بریتیە لە هەر چەشنە پەلامارێك کە دژ بە سیستەمەکانی زانییاری ئەنجام بدرێت و مەرج نیە هەر لە کۆمپیوتەر بۆ ئەم کارە کەڵك وەربگیرێت.

ئیمە پێمان باشترە سایبر تیرۆریزم بە هەرچەشنە کردەوەیەکی تیرۆریستی دابنێین کە تێیدا لە سیستەمەکانی زانیاری یاخود تەکنولۆجیای دیجیتاڵی (کۆمپیوتەرەکان و تۆڕە کۆمپیوتەرییەکان) کەڵك وەردەگیرێت. جا چ وەك

١. cyberspace

ئامراز بێت یان چ وەك ئامانج(٦٥). لێرەش دەتوانین چەند ئاوەڵكارێك بە سایبرتیرۆریزم زیاد بكەین و بیخەینە چوارچێوەیەكی دیاریكراوەوە. سایبرتیرۆریزم دەتوانێ نێونەتەوەیی، حكومی یا خود سیاسی بێت. بەڵام لە هەمیشە ناوەڕۆكەكەی یەكێكە و ئەویش ئاوێتە بوونی كردەوەی تیرۆریستییە لە تەك كومپیوتەر.

((**شەڕەسایبر**))[١] و ((**شەڕەتۆڕ**))[٢] دوو دەستەواژەن بۆ وەسفكردنی مشتومڕی كومپیوتەری بەكاردەهێنرێن. ئاركۆئیلا و ڕانفێڵد[٣] ئەم دوو دەستەواژەیان بەم شێوە پێناسە كردووە: ((شەڕەسایبر چەمكێكە ئاماژە بە جۆرە ڕووبەڕوو بوونەوەیەكی سەربازی دەكات كە ئاڕاستەیەكی زانیارییانەی هەبێت)). بە جۆرێ كە لایەنی سەربازییەكەی بەرجەستە ترە.

((شەڕەتۆڕ كە تییدا ئامانجە كۆمەڵایەتییەكان مەبەستە بە گشتی و تایبەت بە شەڕو پێكدادانی سووكترە)). بە گوتەی ئەم دوو توێژەرە لە شەڕەتۆڕیشدا هەر وەك تیرۆریزم، لەوانەیە هێزە ناحوكمییەكان، میلیشیاكان و پارتیزانەكان زیاتر دەستیان هەبێت(٦٧). بە ڕای ئاركۆئیلا و رانفێلد ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەڵگەو دیكۆمێنت لە سەر سەرهەڵدانی ڕێكخراوەی لە شكلی تۆڕەكان[٤] وگرنگیی ((ستراتیژییەكانی زانیاری)) و ((ئۆپەراسیۆنەكانی زانیاری)) لە مشتومڕە جۆراوجۆرەكاندا دەكەونە بەردەست، لەوانە بەتایبەت لە ناو ناسیۆنالیستەكان، تیرۆریستان، گرووپە پارتیزانییەكان و باقی چالاككاراندا(٦٨). خاڵی هەرە گرنگ سەبارەت بە شەڕەسایبر و شەڕەتۆڕ ئەمەیە كە ((هیچ كام لەم دوو چەمكە بە تەنهایی تەكنۆلۆجیا ناگەیەنێت. هەر دوو چەمكەكە ئاماژە بە ڕووكردی

١. cyberwar
٢. netwar
٣. Arquilla and Ronfeld
٤. Network forms of organization



هەمەلایانە دەكەن لە پێناو ئەو مشتومڕانەی لە دۆر تەوەری زانیارییەكانن. هەمەلایەنە بوونی ئەم ڕووكردانەیش لەو ڕووەوەیەكە، تییدا بە تێكڕا لە داهێنانی فێركاری و داهێنانی ستراتیژیكی، تاكتیكی و تەكنۆلۆجی بۆ پەلامار یا خود بەرگریكردن كەڵك وەردەگرێت))(٦٩). بێجگە لەمە، چەمكێكی تریش هەیە بە ناوی ((شەڕەزانیاری))[١] كە شیكارە سەربازییەكان باسیان لێكردووە. ئەو پێناسانەی لەو چەمكە كراون لە دەستەواژەی سادەی وەك ((سەركەوتنی زانیارییانە)) لە بەرە كانی جەنگەوە دەستپێدەكات و دەگاتە پێناسەی دژوارتری وەك: ((ئەو هەوڵانەی كە بە مەبەستی بەدەست هێنانی سەركەوتن لەرووی زانیارییەوە ئەنجام دەدرێن، لە ڕێگەی كاریگەریدانان لە سەر زانیارییەكان و پرۆسەكانی بنەمازانیاری و سیستمەكانی زانیاری و تۆڕەكانی كۆمپیوتەری دوژمن، هاوكات لە تەك ئەمەیش بردنە سەرەوەی تواناكانی زانیارییانەی خۆت (بە پێی پێناسە وەزارتی بەرگری ئەمریكا) و هەروەها ((هێرشی بە ئەنقەست و سیستەماتیك بۆسەر چالاكییە زانیارییە هەرە پێویستەكانی دوژمن بە مەبەستی كەڵك وەرگرتن لێیان، گۆڕانكاری یان دەسكاری و تێكداتنی زانیارییەكان یا خود ڕێگەگرتن لە گەیاندنی خزمەتگوزارییەكان (بە پێی پێناسەی وەزارەتی بەرگری بەریتانیا)(٧٠). بە پێی ئەم سیناریۆیە، سایبرتیرۆریزم جۆرێكە لە شەڕەزانیاری كە لەلایەن گرووپە ژێرحكومییەكانەوە ئەنجامدەدرێت، ئەوگرووپانەی وا ((بزوێنەری سیاسییان)) هەیە، وەك سوپای كاتیی كۆماریخوازی ئایرلەندا(٧١).

سەرئەنجام هەروەك چۆن تیمۆتی.ئیل.سانز[٢] لە پەرتووك ناسیی ((شەڕ لە چاخی زانیارییدا)) دەنووسێ: ((واژەگەلێ وەك شەڕەسایبر، شەڕەزانیاری، شەڕەبنەما زانیاری، سایبرتیرۆریزم، شەڕەتۆڕ، یاخیبووە كومپیوتەرییەكان، شەرڤانانی بواری زانیاری (یا خود دیجیتالی)، دەسەڵاتی زانیاری، بەرگری كردن لە فەزای

١. informationwar
٢. Timothy L. Sonz

زانیارییەکاندا و ئالۆزیی زانیارییەکان تەنیا بەشێکی بچووك لەو دەستەواژە تازە سەرهەڵداوانە پێکدەهێنن کە نوێنەری ئەدەبیاتێکن لە تەك بابەتی بەربڵاوی "شەڕ لە چاخی زانیاریدا" سەروکاریان هەیە[٧٢]. ئەمە لە حاڵێکدایە کەزۆربەی ئەم دەستەواژانە پێناسەیەکی قبوڵ کراویان نیە[٧٣].

هەروەها سەرلێشێواییەکی بەرچاوی تریش لە بەردەم تێگەیشتن لە سایبرتیرۆریزم هەیە و ئەویش لێکدانەوەی هەڵەی سایبرتیرۆریزمە بە "تاوانی کۆمپیوتەری[١]"[٧٤]، تاوانی کۆمپیوتەری و سایبرتیرۆریزم لەم رووەوە کە هەردووکیان لە تۆڕەکانی کۆمپیوتەری و سیستەمەکانی زانیاری کەڵك وەردەگرن هاوشێوەن، بەڵام لە رووی ئامانج و بزوێنەرەکانەوە تەواو لێك جیاوازن. کەچی زۆرجاران ئەم جیاوازییە لەبەرچاو ناگیرێت[٧٥]. گەلێ جار هەوڵێکی ئەوتۆ لەمەڕ ناسینی جیاوازییە سەرەکییەکانی ئەم دوو چەمکە نەدراوە. ئەم کەمتەرخەمییە زیاتر لە کۆڕوکۆبوونەوەکان سیاسەتگوزاریدا دەبینرێت کە هەروا سادە سایبرتیرۆریزم بە گشتاندنی "تاوانی کۆمپیوتەری" لە قەڵەم دەدەن. بە تازەیی مایکێل شیهان[٢] یەکێ لە ئەندامانی "مەکتەبی رێکخستنی رووبەڕووبوونەوە لەتەك تیرۆریزم[٣]" کاتی شایەتیدان لە بەرامبەر کۆمیتەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی کۆنگرێسی ئەمریکا بەم شێوە هاتە ئاخاوتن:

پێشنیاری کۆمیسیۆن ئەمەیە کە حکومەت بەمەبەستی کۆکردنەوەی رێکەوتننامەی نێونەتەوەیی لە بواری تاوانەکانی زانیاری تێبکۆشێت[٧٦].... ئەم بابەتە بەربڵاوترە لە پرسگری تیرۆریزم و دەبێ لە چوارچێوەیەکی بەرفرەتردا چاوی لێبکرێت. تیرۆریزم تەنیا نموونەیەکە لە چالاکیە تاوانکارایییە

[١]. cybercrim
[٢]. Michael Sheehan
[٣]. Ofice of Coordinator for Counterterrorism



نێونەتەوەییەکان و لەوانەیە بۆ ئەنجامدانیی لە تۆڕی ئەنتەرنێتیش کەڵك وەرگرێت[٧٧]. لە نموونەیەکی دیکەدا، راپۆرتی کۆمیسیۆنی نیشتمانی تیرۆریزم، سایبرتیرۆریزم و تاوانی کۆمپیونەری وەك یەك دادەنێت و پێشنیار دەکات بۆ رووبەڕووبوونەوە لەتەك ئەم دووانە دەبێ شێوازی یەکسان پەیڕەو بکرێت[٧٨]. جیاوازی بیروڕا سەبارەت بە چەمکی "تاوانی کۆمپیوتەری" لە ئەندێشەی شیکارانی وەك جەیمز ئادامز[١]، سەرۆکی دەزگای ئەمنی "بەرگری ژێرپێکهاتەیی[٢]"یشدا دەبینرێت. بە بڕوای ئەو"ئەگەری ئەوە هەیە بەدکارانی سەر بە دامودەزگا روسیەکان پەنا ببەنە بەر سایبرتیرۆریزم."[٧٩] لێرەدا پرسیارێکی ئاشکرا دەکەوێتە مێشکەوە، ئەویش ئەمەیە کە بۆچی ئەم بەدکارانە "تیرۆریزمی کۆمپیتەری ئەنجام دەدەن" (سایبرتیرۆریزم) و نەك"تاوانی کۆمپیتەری"؟ پرسیارێکی تریش لە کاتی لێکۆڵینەوە لە چەمکی سایبرتیرۆریزم دێتە ئاراوە، ئەویش ئەمەیە کە ئەم تاکتیکە چۆن دەتوانێ لە شەبەنگی گشتیی توندوتیژیدا جێی بێتەوە. بە گشتی شیکاران ئەوە دەزانن کە تاکتیك و هەوڵی تیرۆریستیی وەك مرۆڤ کوژی، تەقینەوە و رفاندن لە کوێی ئەم شەبەنگەدا دابنێن و دەرەنجامەکانی چۆن هەڵسەنگێنن. بەڵام سەبارەت بە سایبرتیرۆریزم ئەمە راست نیە. سایبرتیرۆریزم تاکتیکێکە زۆرجاران وەکو خۆی دەرك ناکرێت. ترس لە سایبرتیرۆریزم زۆرجار رەهەندی هێجگار ناواقیعیانەی بەخۆوە دیوە. دیسانیش دەتوانین نمونەیەکی تر لەم جۆرە تێڕوانینانە لە تازەترین هەڵسەنگاندنی حکومەتی ئەمریکا سەبارەت بە رووبەڕوونەوە لەتەك تیرۆریزمدا بخەینە بەرچاومان. لە راپۆرتی کۆمسیۆنی نیشتمانی تیرۆریزمدا لە ژێر ناونیشانی "رووبەڕوونەوە لەتەك هەڕەشەی روو لە گۆڕانی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی " باوەڕی سەرەکی ئەمەیە کە:

[١]. James Adams
[٢]. Infrastrucure Defense

زۆرجار پەلاماری کۆمپیوتەری دەخەنە چوارچێوەی پەلاماری کیمیایی، میکرۆبی، پزیشکەیی و ناووکییەوە(٨٠). هەندێ لە پسپۆڕە بەڕێزەکان سیناریۆیەکی جێی سەرنجیان سەبارەت بەکاریگەری (لە ناخدا هەڵگری) پەلامارێکی کۆمپیوتەری سەرکەتووانە دژ بە وڵاتە یەکگرتووەکان بڵاوکردووەتەوە......،بە دڵنیاییەوە تیرۆریستان کەڵکی زۆر دەبینن لە تەکنۆلۆجیای نوێی زانیارییەکان و ئەگەر بێتوو پەلاماری تیرۆریستیی ئاسایی هاوکات بێت لەتەك پەلاماری کۆمپیوتەری نەخشە بۆداڕێژراو ئەوا زیانی گیانی و ماڵی هێجگار زۆری لێدەکەوێتەوە(٨١).

بە گشتی باس و لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە سایبرتیرۆریزم لە دانانی دەردیسەری لەلایەن هەکێرەکانەوە[١] دەست پێدەکات و تا دەگات بە باس و لێکۆڵینەوە لەسەر دەرەنجامە پڕکارەساتەکانی پەلاماری کیمیایی، میکرۆبی، پزیشکی و ناووکی. ئەو هەوڵانەی هەتا ئێستا بۆ پێناسەکردن و ناسینی سایبرتیرۆریزم ئەنجام دراون، تووشی هەرهەمان پێشداوەری بوونەتەوە کە بوونەتە هۆی بەردەوامیی گومانەکانی دەربارەی تیرۆریزمی ئاسایی. زانست و زانیارییەکانی ئێمە لە بواری "کێیەتی "و چییەتی" سایبرتیرۆریزم، دەبەسترێتەوە بە لێکدانەوەی نادیاری دەورگێڕە تیرۆریستەکان و شك وگومانی هەڵڕووتاو سەبارەت بە ئەگەری چالاکیی تیرۆریستی.

لەو دوو نموونەی لە سەرەوە باسمان کرد، واژەی سایبرتیرۆریزم وەك دەستەواژەیەك وایە کە لە سندووقی سیحربازییەوە دەردەهێنرێت بۆ ئەوەی هەرچەشنە سیناریۆیەك و هەر مەبەستێك لەخۆ بگرێت. لە روانگەی سیاسەتوانێکەوە پێوەری سەرەکی بۆ دیاریکردنی رێوشوێنی کردەیی لە هەمبەر سایبرتیرۆریزمدا، بەرژەوەندی سیاسییە[٢]. لە روانگەی شیکارێکەوە

[١]. hackers
[٢]. Political expediences



نادیاری لە هەمبەر جیاکردنەوەی "تاوانی کۆمپیوتەری" لە تیرۆریزمی کۆمپیوتەری (سایبرتیرۆریزم) بوەتە هۆی ئەوەی ئەم بابەتە بە شێوەی نادروست تاوتوێ بکرێت.

سەرەنجام پێویستە ئەم خاڵەمان لە یاد نەچێت کە ئەوەی بۆ قوربانییەکانی پەلاماری تیرۆریستی زیاتر گرنگە، ئاکام و کاریگەرییەکانی پەلامارەکەیە نەك چەشن، پێکهاتە یاخود ناسنامەی ئەنجامدەرانی ئەم کردەوانە." ئەوەندەی پێوەندی بە بۆچونی قوربانیانی هێرشە تیرۆریستییەکانەوە هەیە، ئەو هێرشانەی لە پانتایی کۆمپیوتەر و لە لایەن دەورگێڕی جیاجیاوە ئەنجام دەدرێن لێك جیاناکرێنەوە(٨٢).

## سەرهەڵدانی دیاردەی سایبرتیرۆریزم

دەتوانین سەرهەڵدانی دیاردەی سایبرتیرۆریزم(٨٣) بە تاوتوێکردنی ئەم پرسیارەوە شیبکەینەوە کە: گروپە تیرۆریستییەکان بە چ شێوەیەك دەستیان بە تەکنۆلۆجیای کۆمپیوتەری دەگات و چۆناوچۆن بەکاری دێنن؟

لەم بارەوە **شمیت و راتمێل**[١] دوو روانگەیان خستووەتە روو:
شمیت رای لەسەر جیاکردنەوەی "ئۆپەراسیۆنی زانیاریانە[٢] "یە لە " پەلاماری تۆڕی و کۆمپیوتەری[٣]". بە بڕوای ئەو ئۆپەراسیۆنی زانیاریانە بریتییە لە هەر چەشنە هەوڵێك کە بە مەبەستی دۆزینەوە، گۆڕانکاری، خراپەکاری، تێکدان، یاخود گواستنەوەی داتا پارێزراوەکانی ناو کۆمپیوتەر یان گواستنەوەی زانیارییەکان لە لایەن تۆڕێکی کۆمپیوتەرییەوە (بە بێ رەزامەندی خاوەنی زانیارییەکان) ئەنجام دەدرێت"(٨٤).

[١]. Schmit and rothmdll
[٢]. Information operations
[٣]. Computer network attaks

سیستمەکانی زانیاری لە ماهیەتی خۆیاندا دەتوانن هێرشبەرانە یان پێشگیرانە (بەرگریکەرانە) بن. پەلامارە تۆڕییە کۆمپیوتەرییەکان لە چەشنی "ئۆپەراسیۆنی زانیاریی هێرشبەرانە" دەژمێردرێن، و "زانیارییەکانی ناو کۆمپیوتەرەکان و تۆڕە کۆمپیوتەرییەکان، یان ئەوەی خودی کۆمپیوتەرەکان و تۆڕە کۆمپیوتەرییەکان تێکدەدەن، دەیپچڕن، لاوازی دەکەن یاخود خراپی دەکەن"[٨٥].

راتێل، ئەو شەڕە زانیارییانەی ئەگەری ئەوەیان هەیە لە لایەن گرووپە خوار حکومییەکانەوە کەڵکیان لێوەربگیرێت، بە سێ جۆر دابەشی دەکات:

**جۆری یەکەم**- میتۆدە نوێیەکان: لە شێوەی "کۆکردنەوەی زانیاری، دارشتنی پێوەندییەکان، شۆردنەوە پارە و پڕوپاگەندە کە بۆ ئەنجامدانی چالاکیی تیرۆریستیی ئاسایی بەکاردەهێنرێت. گشت گرووپە خوار حکومییەکان بۆ مانەوەی خۆیان ناچارن تارادەیەك کەڵك لەم میتۆدانە وەرگرن."

**جۆری دووەم**- میتۆدە کۆنەکان: کە بۆ ئەنجامدانی چالاکی تازە بەکاردەهێنرێن. ئەم میتۆدانە بریتین لە "بەکارهێنانی توندوتیژیی فیزیکی دژ بە چالاکیی زانیارییانەی یەکە دەستنیشانکراوەکان...گیرۆدەیی تایبێت زیاتری ئەم یەکەگەلە(سوپاکان، حکومەتەکان، حکومەتە نەتەوەییەکان یاخود کۆمپانیاکان) بە چالاکیی زانیارییانەوە، بواری ئەوە بە گرووپە خوار حکومییەکان دەدات تا بەو سەرچاوە کەمەی هەیانە پەلاماری گورچکبڕ لە دژیان ئامادە بکەن."

دەستەی سێیەم- میتۆدی نوێ بۆ ئەنجامدانی چالاکیی نوێ : "ئەم میتۆدانە بریتین لە کەڵك وەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای دیجیتاڵیی هێرشبەرانە بە مەبەستی



پەلاماری زانیارییانە بۆ سەر یەکە نیشانکراوەکان...(و) رەنگە بتوانین وەك نایابترین شکڵی "شەڕە زانیاری" پێناسەی بکەین..."[٨٦].

**لێرەدا پێویستە چاوێك بە دوو فاکتەری سەرەکی سایبرتیرۆریزمدا بخشێنین. ئەم دوو فاکتەرە بریتین لە:**

**یەکەم**- بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە لایەن تیرۆریستانەوە بۆ ئەنجامدانی چالاکی ناتوندوتیژانە کە هەرچەند دوورە لە تیرۆریزم، بەڵام ئاسانکاری بۆ دەکات.

**دووەم**- چالاکی تیرۆریستی کە تێیدا تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەری یەکێ لە پیکهاتە سەرەکییەکانی پەلاماری تیرۆریستییە. ((چ وەك چەك بێت یان چ وەك ئامانجی پەلامار))[٨٧].

**أ- تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەریی وەك فاکتەرێك کە ئاسانکاری دەکات بۆ تیرۆریزم**

گرووپە تیرۆریستیەکان (وەك زۆربەی یەکە سیاسی، بازرگانی و خراپەکارییەکان) بۆ گەیشتن بە زۆربەی ئامانجە رێکخراوەییەکانیان، تایبێت زیاتر تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەری بەکاردەهێنن[٨٨]. لەم رووەوە گرووپە تیرۆریستییەکان ئامرازی مۆدێرن تەنیا بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە پێشتریش بە دوایەوەبوون بەکاردەهێنن.

جیاوازیی نێوان تاکتیکە تیرۆریستییە ئاساییەکان و ئەو تاکتیکانەی بەکەڵك وەرگرتن لە کۆمپیوتەر ئەنجام دەدرێن، لەم سێ خاڵە سەرەکییەدا دەبینرێت: ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکان، زیادکردنی توانای لە ناخداهەڵگر، هەتا بکرێ شوێنبزر بوون.

ئەو هەولاٚنەی بە کەلٚك وەرگرتن لەم میتۆدانە ئەنجام دەدرێن، ئاسان کەشف نابن و هەروەها بەربەرەکانێ کردنیشیان هەروا بە ئاسانی نیە. هەر ئەمەش توانا بە تیرۆریستان دەبەخشێ بۆ ئەوەی بەکەلٚك وەرگرتن لە تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەریی، پێکهاتەیەکی قایم و سەقامگیر دابمەزرێنن و یارمەتیان بدات بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجە ستراتیژی و تاکتیکییەکانیان(٨٩).

**ئەمەیش بەم خالاٚنەی خوارەوە دێتە دی:**

- پڕوپاگەندەی سیاسی (بە تایبەت بلاٚوکردنەوە زانیاری چەوت و بە ئەنقەست[١] )

- ئەندام گیری

- دابینکردنی دارایی.

- دانانی پەیوەندی و هەماهەنگی نێوان گرووپەکان و هەروەها پەیوەندی و هەماهەنگی ناوخۆیی گروپەکان.

- کۆکردنەوەی زانیارییەکان.

- خۆشاردنەوە و شوێنبزربوون لە کاتی بەرێوەبردنی چالاکیی رۆژانە و هەروەها لە کاتی ئۆپەراسیۆنی تاکتیکیدا.

- ئاسانکاری کردن بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنانەی کە هەم لە رووی تێچوون و هەم لە رووی توانای دانانی کاریگەری لە ئاستی جیهانیدا، "نرخیان گونجاوە[٢]".

لێرەدا دەتوانین هەندێ نموونەی دیاریکراو بێنینەوە یاد کە تێیدا گرووپە تیرۆریستییەکان بەکەلٚك وەرگرتن لە تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەری، چالاکیە تیرۆریستیەکانیان ئاسانتر ئەنجام داوەو هەر ئەمەیش نیشانی دەدات کە بۆچی

[١]. Disinformation programes
[٢]. Cost- effective



ئەم تەکنلۆجیایە سەرنجی ئەو گرووپە تیرۆریستیانەی راکێشاوەو بەدوای بەرەوپێشبردنی بەرنامە تایبەتییەکانی خۆیانن. نموونەی هەرەباو لەم بارەوە بەکارهێنانی ئەنتەرنێت بۆ ئامانجی پڕپاگەندە و دژەزانیارییانەیە. زۆربەی گرووپە نەیار و دوورخراوەکانی ئێران، ئێراق، مەکسیك، ئایرلەندای باکوور و عەرەبستانی سعودی هەر بۆ ئەم مەبەستە کەلٚکیان لە تۆڕی جیهانی ئەنتەرنێت وەرگرتووە(٩٠).

گرووپە نێو نازییەکان(٩١)، گرووپی ئی ئێل ئێن[١] ی کۆلۆمبی، حزب الله و زاپاتسیتەکانیش[٢] تاکتیکی هاوشێوەیان بەکارهێناوە. بەلاٚم یەکێ لە گرنگترین نموونەکانی لەم بارەوە، داگیرکردنی خانووی بالوٚیزی ژاپۆن بوو لە لیما (پایتەختی پیرۆ) لە لایەن بزاڤی شۆڕشگێڕانەی توپاك ئامارۆوە (MRTA)[٣]. ئەم گرووپە تیرۆریستییە بە کەلٚك وەرگرتن لە مالٚپەڕێکی ئەورووپی، لە رێگەی ئەنتەرنێتەوە پەیامە شۆڕشگێڕانەکانی خۆی ئالوٚوێر دەکرد و تەنانەت ڤیدیۆ کلیپیشی[٤] سازکردبوو و لە رێگەی ئەنتەرنێتەوە نمایشکردبوو، کە تێیدا ئەندامانی گرووپەکە خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکەیان(٩٣).

ئەنتەرنێت بۆ تیرۆریستان لە دوولاوە سەرنجڕاکێشە، چونکە ئەم تەکنەلۆجیایە دەتوانێ سەرنجی زیاترین بینەر بۆ بینینی چالاکیی توندوتیژانەیان رابکێشێت و ئەمەیش ببێتە هۆی دووپاتبوونەوەی ناوەڕۆکی سەرەکیی خەباتەکەیان، و هەروەها توانستی ئەوانیش بێنێتەوە یاد. بەمەیش زیاتر ترس و دلەراوکێ بخاتە دلٚی ئەو کەسانەی تیرۆریستان مەبەستیانە. تۆڕە کۆمپیوتەرییەکان جیا

[١]. E. L. N
[٢]. Zapatistas
[٣]. Tupac Amaru Revolutionary Movement (MRTA)
[٤]. Video clip

لەوەی یارمەتی دەدەن بە پڕوپاگەندەی تیرۆریستی، بواریش خۆش دەکەن بۆ ئەندامگیری و دابینکردنی سەرچاوەی دارایش.

گرووپی جیاجیای سەر بە بیروباوەری جیاوازیی رەگەزی[١] لە ئەمریکا بۆ دابینکردنی سەرچاوەی دارییان کەڵکیان لە ئەنتەرنێت وەرگرتووە(٩٤).

لە نموونەیەکی دیکەدا، دامفوس و سمیت[٢] گەیشتوونەتە ئەو دەرەنجامەی کە "گرووپە تیرۆریستیە نێونەتەوەییەکان لە چەشنی گرووپی توپاك ئامارۆی پیرۆ، هەندێ ماڵپەڕیان لەبەردەستدایە و لایەنگرانیان لە رێگەی ئەو ماڵپەڕانەوە پەیامە شۆڕشگێڕانەکانیان دەگوازنەوە...ئەم گرووپانە لە رێگەی فرۆشتنی بەرهەمە شۆڕشگێڕانەکانیان وەك تی شێرت(ئەو تی شێرتانەی پەیامی شۆڕشگێڕانەیان لەسەرە) پۆستەر، کاسێتی ڤیدیۆیی بەدوای وەرگرتنی یارمەتی داراییەوەن "(٩٥).

تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەریی بە تایبەت شێوە ئەنتەرنێتیەکەی بۆ ئەو گرووپە تیرۆریستیانەی بە دوای بەهێزکردنی ژێرخانە بنەرەتییەکانیانەوەن، ئامرازێکی سەرنجراکێشە.

ماهیەتی تەکنۆلۆجیای کۆمپیوتەریی مۆدێرن، بە شێوەیەکە کە بۆ چالاکیەکانی گرووپە تیرۆریستیەکان لە بواری زانیاری و پەیوەندیگرتنیشەوە دەگونجێ. ئەوەی ئەم شێوازە بۆئەو گرووپانەی دەیانەوێ چالاکیە کانی خۆیان پەرەپێبدەن سەرنجراکێش دەکات، ئەمەیە کە: تەکنەلۆجیای زانیاری بەستێنی دزەکردن و چالاکی بۆ تاك و گرووپەکان بە رادەیەك فراوان دەکات کە پێشتر تەنیا تایبەت بەو رێکخراوە تیرۆریستیانە بوو کە هەم رێکخستنی باشیان بوو

١.supermacist

٢. Damphouse and Smith



و هەم لە رووی داراییەوە لە لایەن حکومەتەکانەوە پشتگیری دەکران. ئەمەیش "نەمانی مەوداکان[١]" پیشان دەدات.

مەودای فیزیکی و سنوورە نەتەوەییەکان کە سەردەمانێك گرووپە تیرۆریستییەکانی لە هاوکار و بینەر و ئامانجەکانیان جیادەکردەوە، ئێستا بە هۆی گەیاندن و پەیوەندی دوورە هاوێژی مۆدێرن و ئەنتەرنێتەوە کاریگەری نەماوە(٩٦).

رێکخراوەکانی وەك گرووپە ئیسلامییە بونیادگەراکان کە پێڕەوی ئوسامە بن لادن و حەماسن، بۆ هەماهەنگ کردنی چالاکیەکانی خۆیان کۆمپیوتەر بەکاردەهێنن. بۆ نموونە، دەڵێن گرووپی فارك یان "هێزە چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی کۆلۆمبیا[٢]" لە رێگەی ئیمەیلەوە(پۆستەی ئەلکترۆنیەوە) وەڵامی پرسیاری رۆژنامەکان دەداتەوە(٩٩). هەروەها تۆڕە کۆمپیوتەرییەکان و دەستپێڕاگەیشتن بە تۆڕی بەربلاوی جیهانی[٣] بۆ ئەو چالاکییانەیش کە گرووپە تیرۆریستیەکان بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری ئەنجامی دەدەن، گرنگی و بایەخی یەکسانی هەیە.

تەکنەلۆجیای نوێی کۆمپیوتەریی نەك هەر پەرەی داوە بە بەشێکی بەرچاوی ئەو چالاکیانە، بەڵکو کارگەرییەکەی تا ئەو رادەیە بووە کە حاڵی حازر گرووپە تیرۆریستییەکان دەتوانن کەڵکی لێوەربگرن و لەسەرووی ئەو رووکردە سوننەتییانەی بۆ بەربەرکانێ لە تەك تیرۆریزمدا لە ئارادایە، ئۆپەراسیۆن ئەنجام بدەن(١٠٠).

١. Death of distances

٢. Revolutionary Armed Forces of colombia

٣. World Wide Web

هێز و توانای تیرۆریستان بۆ پەرەپێدانی چالاکییەکانیان لە ڕێگەی ئەندامگیری، پەیوەندیگرتن و بە تایبەت دابینکردنی سەرچاوەی داراییەوە بەبێ ئەوەی مەرجەعە حکومییەکان پێی بزانن، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گرووپی تیرۆریستی بەهێزتر کە لە ئاکامدا دەتوانن زوو زوو شێوازەکانیان بگۆڕن. لە بەرامبەر ئەمەیشدا توانستی گرووپە تیرۆریستییەکان بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکیانەی زیاتر پشت بە هەوڵی هەستپێکراو دەبەستێ، (تا ئەوەی تەنیا هەڕشە بێت) تارادەیەکی زۆر زیادی کردووە. گرووپە تیرۆریستییەکانی ئەم سەردەمە دەتوانن بەبێ ئەوەی بناسرێن، گەشە بکەن و تابێت بەهێزتر، نادیارتر و کوشندەتر لە هاوکارە پێشووەکانیان بن[١٠١].

بێجگە لەمە، ( و ڕەنگە گرنگتریش ئەمەیە کە) سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمپیوتەرییەکان پێکهاتەی ڕێکخراوەیی گرووپە تیرۆریستییەکانی بە ئاراستەیەکی نوێ دا بردووە. ئەو گرووپە تیرۆریستییانەی بۆ پەیوەندی پێکەوەگرتن کەڵك لە کۆمپیوتەر وەردەگرن وێدەچێت بکەونە سەرووی پێکهاتە ڕێکخستنییەکانەوە و کەڵك لە پێکهاتە تۆڕییەکان وەربگرن[١٠٢].

**ب- تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەریی وەك بەشێکی تایبەت لە چەك و تەقەمەنی یان ئامانجە تیرۆریستییەکان**

ئەو گرووپانەی لە بواری سایبرتیرۆریزمدا چالاکن، بەهۆی ئەو هەڕەشانەی دەیکەنە سەر بازرگانی، ئاسایشی گشتی و ئاسایشی نەتەوەیی، سەرنجڕاکێشن[١٠٣].

ئەم هەڕەشانە لەوانەیە شکڵی جۆراوجۆر بەخۆوە بگرن، بەڵام بەگشتی لە چوارچێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی (پێکدادانی) کۆمپیوتەرەکاندا تاوتوێ دەکرێن. (هەرچەندە ئەم باسە زیاتر لە کارکردەکانی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو بۆ ئۆپەراسیۆنی تیرۆریستی دەکۆڵێتەوە، بەڵام نابێ لەو ئۆپەراسیۆنانەیش



چاوپۆشی بکەین کە تێیدا تەکنەلۆجیای کەمتر پێشکەوتوو دژ بە ژێرخانە تەکنەلۆجیکیە فرە پێشکەوتووەکانی قوربانی بەکاردەهێنرێت). ئەمە دەتوانێ بە شێوەی هەڕەشە کردن یاخود پەلاماردان بۆ سەر ئەو ژێرخانە نەتەوەییانەی بێت کە زۆر گرێدراوی تۆڕە کۆمپیوتەرییەکانن و پەیوەندی دوولایەنەیان لە تەك ئەم تۆڕانەدا هەیە[١٠٤].

هەوڵی لەم چەشنە ماهیەتێکی هەستپێکراوی (مەلموسی) هەیە و ئەمەیش هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی لەم سەردەمەدا سەرنجی ئێمە بەلای تیرۆریزمدا رابکێشێت.

**هەڕەشە تیرۆریستییەکان دەتوانن ئەمانەی خوارەوە لەخۆ بگرن:**

- گواستنەوەی خێرای هەڕەشەکان بۆسەر هەژمارێکی زۆر و بەربڵاوی لایەنی بەرانبەر (بینەران) یاخود بینەری تایبەت.
- هەڕەشە بۆسەر دەزگاکانی ئاو، کارەباو...و سیستەمی گواستنەوە و گەیاندنی گشتی.
- هەڕەشە بۆ سەر دەزگا حکومییە نێونەتەوەییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییە نێو نەتەوەییەکان.
- هەڕەشە بۆ سەر تاکەکان.
- هەڕەشە بۆسەر گرووپە سیاسییەکان یان ئەو یەکە ڕەگەزی،ئایینی یاخود نەتەوەخوازانەی کە وەکو "دووژمن" دەناسرێن (و دەتوانێ گرووپی تیرۆریستی دیکەیش بێت).
- هەڕەشە بۆسەر هێزەکانی ئاسایش.
- هەڕەشە بۆ سەر حکومەتە نەتەوەییەکان.

ئەوەی جاروبار دەیبینین (واتە ڕاپۆرتی لەسەر دەدرێت)، لێکەوتنی زیانی ڕاستەقینە لەو ئامانجانەی سەرەوەیە بە شێوەی: پچڕینی کاتیی خزمەتگوزارییەکان[١٠٥]، نانەوەی دەردیسەری گشتی یاخود زیانی ماڵییە.

بەڵام ئەمانە زیاتر تاوانی کۆمپیوتەرین و دوورە لەوەی کە بە سایبرتیرۆریزم بەنابانگە[١٠٦]. بەڕای دێنینگ[١] تا ئێستا پەلامارێك بۆ سەر تۆڕە کۆمپیوتەرییەکان ئەنجام نەدراوە کە بە پێی پێوەرەکانی بەردەست بتوانین وەك سایبرتیرۆریزم پێناسەی بکەین یان ئەگەریش کرابێت، زۆر دەگمەنە[١٠٧].

بێجگە لەمە "بەڵگەو دیکۆمێنتی باوەڕپێکراوی ئەوتۆ لە بەردەستدا نییە کە بیسەلمێنێ تیرۆریستان دەیانەوێ ئەنتەرنێت وەك ئامرازێك بەکاربێنن بۆ ئەوەی زیانی زۆری لێبکەوێتەوە[١٠٨]. بە کورتی هەتا ئێستا شتێك نەبینراوە کە تێیدا بە شێوەیەکی راستەوخۆ سایبرتیرۆریزم بووبێتە هۆی لێکەوتنی زیانی گیانی و ماڵی فراوان، کە ئەمانە دوودیاردەی دیاریکراوی زۆربەی کارە توندوتیژی و تیرۆریستیەکانن. لەگەڵ ئەمەیشدا هەڕەشەی سایبرتیرۆریزم جیددیە و گەر بێتوو چاو لە پەرەسەندنی بەردەوامی توانستی گرووپە تیرۆریستییەکان لە رووی سەرچاوەکانیان و ئەو ئامرازانەی لەبەر دەستیانە بکەین[١٠٩]، ئەوا ئەم هەڕەشەیە زیاتر جیددی دەبینین.

## هەڵسەنگاندنی هەڕەشەی سایبر تیرۆریزم گرووپە تیرۆریستییەکان، شوێنگەی کۆمپیوتەریی و بەرنامەی تازەی تیرۆریستان

لە زۆربەی ئەو توێژینەوانەی لە بواری تیرۆریزمدا ئەنجامدراون، تایبەتمەندییەکانی گرووپە تیرۆریستییەکان و هەروەها ئەو رەفتارانەی لەم تایبەتمەندییانەوە سەرچاوە دەگرن، تاوتوێ کراون. تەنیا لەچەند نموونەی دەگمەن لەم توێژینەوانەدا گرنگی بە چۆنیەتی کاریگەریی شوێنگەی کۆمپیوتەریی لەسەر ئەم چەشنە رەفتارانە دراوە. بۆ ئەوەی تیرۆریزم بە شێوەیەکی رێکوپێك هەڵسەنگێنین، پێویستە لە لێکۆڵینەوەکانی داهاتوودا گرنگی ئەم فاکتەرەمان لەبەر چاو بێت.

١. Denning



دەتوانین بە دیاریکردنی کۆمەڵێك کردەوەی تیرۆریستی جیاجیا یان ئەو بزوێنەرانەی بوونەتە هۆی ئەم کردەوانە، تارادەیەك لە نهێنیەکانی تیرۆریزم تێبگەین. هەر گرووپێك ناسنامەیەکی هەیە کە تا رادەیەك تایبەت بە خۆیەتی و بە پێی ئەو ناسنامەیە دەتوانین رەفتارەکەی دیاری بکەین. هەرچەندە پێناچێت سەرهەڵدانی تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەریی هۆکارە سەرەکییەکانی چێ بوونی گرووپی تیرۆریستی بگۆڕێت، بەڵام هاوکات بوونی ئەم تەکنەلۆجیایە لەتەك هەندێ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بە شێوەیەك خۆی لە"بەرنامەی تازەی تیرۆریستی"دا دەبینێتەوە.

رەنگە گرنگترین ئاڵوگۆڕیی ناوچەیی کە لە دەیەی رابردوودا کاریگەری لە سەر رەوتی تیرۆریزم دانابێت، هەرەسهێنانی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو بێت.

کۆتایی شەڕی سارد و سەرهەڵدانی دەسەڵاتی هەنووکەیی وڵاتە یەکگرتووەکان، بۆ زۆربەی ئەو ئایدۆلۆژییە سیاسیانەی لە ماوەی چل ساڵی رابردوودا پاڵپشت و پاڵنەری چالاکی تیرۆریستی بوون،ئاکامی زۆر گرنگی لێکەوتووەتەوە. لێرەدا بە تایبەت ئامانجی شۆڕشی جیهانی کە لە لایەن گرووپە چەپگەراکانەوە پشتگیری دەکرا ئیتر بایەخی نەماوە. لە هەمان کاتدا،هەرەسهێنانی زۆربەی هەرە زۆری حکومەتە کومونیستییەکان، هۆکاری مانەوەی زۆربەی گرووپە راستڕەوەکانی لە ناو بردووە،چونکە بوونی ئەم گرووپانە پابەند بوو بە رۆڵی ئەوان وەك بەربەستێك لە بەرامبەر کۆمۆنیزمدا.

بەڵام ئەو بۆشاییە ئایدۆلۆژیکییەی گرووپە تیرۆریستیەکانی سەدەی ٢١ تووشی بوونە، نەبووەتە هۆی لە ناوچوونی تیرۆریزم. بە پێچەوانەی سەردەمی پێشوو کە ئایدۆلۆژییای چەپگەرای مارکسیستییان بە هەڵە وەك گەورەترین سەرچاوە و هۆکاری تیرۆریزمی نێونەتەوەیی لە قەڵەم دەدا، ئێستاکە ناسنامەی ئایینی رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت[١١٠].

پاڵنەری ئەتنیکی و نەتەوەخوازانەیش هەرچەندە کەمتر بایەخی پێدەدرا بەڵام یەکێك بووە لە بزوێنەرە سەرەکییەکانی تیرۆریزم و وەك جاران گرنگی خۆی ماوە.

هەروەها گرژییە ناوچەییەکانیش وەك بزوێنەرێك بوونەتە هۆی بە هێزبوونی ئارمانجی ئەتنیکی و نەتەوەخوازانە. ئەمەیشی لەگەڵدا بێت کە هەندێ لەم گرژییە ناوچەییانە لە سەر کێشەی ئایینی روویان داوە. وێڕای ئەوەی هەندێ ئاڵوگۆڕی سەرنجڕاکێش لە فەزای سیاسی جیهانیدا هاتووەتە ئاراوە، کەچی هێشا تیرۆریزمی ناحکومی هەر ماوە و درێژە بە ژیانی دەدات.

## گرووپە تیرۆرستییەکان، فەزای کۆمپیوتەریی و دۆزینەوەی سەرچاوەی تازە بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان

ئەمڕۆکە، توانای گرووپە تیرۆریستیەکان بۆ سەرمایەگوزاری لە بواری تەکنۆلۆجیای نوێی کۆمپیوتەریی، مەرجی پێویستە بۆ پەرەپێدانی بنەما سەرەکییەکانی ئەم گرووپانە و بۆ ئەوەی چالاکیەکانیان کارامە و کاریگەر بێت. لە ساڵانی رابردوودا، گرووپە تیرۆریستییەکان سەرەتا لەم ڕووەوە لە ژێر گوشاردا بوون کە بۆ کەڵەکەکردنی سەرچاوەکانیان بە رادەیەکی بەرچاو، ناچار پێویستیان بە هێزی ئینسانی (مرۆیی)بەئەندازە و توانای شاردنەوەی ئەو چالاکیانە بوو (کە بە مەبەستی گەشەکردن و پەرەسەندنی گرووپە کە ئەنجام دەدرا).

هەرچەندە لەگەڵ سەرهەڵدانی تەکنۆلۆجیای نوێی کۆمپیوتەریی، گرنگیی کەڵەکە کردنی سەرچاوەی هاوچەشن وەك پێویستییەك کەم نەبووەتەوە، بەڵام کاریگەری زۆری لە سەر شێوەی فەراهەم کردنی ئەم سەرچاوانە داناوە.



بۆ زاڵبوون[١١١] بەسەر ئەو شتەی دەتوانین ناوی بنێین "شوێنگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی تابێت ململانێی تر"، گرووپە تیرۆریستییەکان ناچارن دڵنیابن لەوەی کە توانای ئەوەیان هەیە بە مەبەستی درێژەدان بە ئۆپەڕاسیۆنە ڕێکوپێکەکانیان بنەماکانیان پتەوبکەن و پەرەی پێبدەن.

زۆربەی ئەو گرووپە تیرۆریستیانەی پێشتر یارمەتیان لە حکومەتەکانی هاندەری خۆیان وەردەگرت،ئێستا سایبرتیرۆریزم وەك تاکتیکێکی سوودبەخش دەبینن و چیدی وابەستەی پشتگیری دەرەکی نابن.

لەم بارەوە **راد ستارك** دەنووسێ:

ئاڵوگۆڕی گرنگ لە ئاست تیرۆریزمدا خەریکە روودەدات، ئەویش ئەمەیە کە خراپەکاران وردە وردە سایبرتیرۆریزمیان وەك ڕێگایەك دۆزیوەتەوە کە بە هۆی تێچوونی کەم و توانای خۆشاردنەوەوە دەتوانێ جێگەی ((پشتگیری حکومی)) بگرێتەوە. لەمەودوا ئیتر پێویست ناکات تیرۆریستە سەربەخۆکان بۆ دابینکرنی خەرجیەکانیان کە بریتیە لە پارە، پەروەردە و راهێنان و حەشارگەی ئەمن، پشت بە حکومەتەکان ببەستن[١١٢].

کێڤین سوو هوو[١] و هاوکارانی، رۆڵی روو لە زیادبوونی تەکنۆلۆجیای زانیاری و کاریگەری ئەم تەکنۆلۆجیایە لە سەر پشتگیری حکومەت لە تیرۆریزمیان بە هەند وەرگرتووە. ئەوان پێیان وایە:

ئەو کەسانەی روو لە تیرۆریزمی لە سەر بنەمای تەکنۆلۆجیای زانیاری دەکەن، بۆ دابین کردنی سەرچاوەی داراییەکانیان چیدی پێویستیان بە حکومەت نیە. تیرۆریزمی لەسەر بنەمای تەکنۆلۆجیای زانیاری بە بەراورد لە تەك ئەو

---
١. Kevin Soo Hoo

پارەیەی تیرۆریستە مۆدێرنەکان بۆ کڕینی چەك،گەشتی نێونەتەوەیی و ئیمکانیاتی ڕاهێنان و فێرکردن سەرفی دەکەن، تا ڕادەیەك هەرزانە... سەرەنجام دەتوانین ئەمە ئاوا شیبکەینەوە کە پشتگیری حکومەتەکان کە سەردەمانێك فاکتەری سەرەکی بوو بۆ درێژەدان بە کردەی تیرۆریستی، لەوانەیە لەمەودوا ئەوەندە پێویست و پڕبایەخ نەبێت. چونکە تەکنۆلۆجیای زانیاری (بە خستنە رووی پۆتانسیەلی نوێتر و کاریگەرتر بۆ تیرۆریستان) زوربەی ئەو قازانجانەی پشتگیری حکومی هەیبوو، وەلای ناوە[١١٣].

ئەو دەرفەتانەی شوێنگەی کۆمپیوتەری بۆ ئەو گرووپە تیرۆریستیانەی فەراهەم کردووە (کە پێشتر و لە دۆخێکی ئاساییدا لە پەراوێزدابوون)، بووەتە هۆی زیادبوونی ژمارەی ئەوگرووپانەی کە کەمتر وابەستەن بە پشتگیری حکومەتی دەرەکییەوە. هەر بەو ئەندازەیەی (هەر بەو ڕێژەیەوە) وابەستەیی گرووپە تیرۆریستییەکان بە پشتگیری حکومی کەم بێتەوە، ئەوەندەیش ئازادیان بۆ ئەنجامدانی پەلاماری تیرۆریستیی تایبەت زیاتر دەبێت.

### گرووپە تیرۆریستییەکان، شوێنگەی کۆمپیوتەریی و ئیمکانیاتی نوێ بۆ تیرۆریزم

لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا لێکولینەوەی ئەوتۆ لەسەر چۆنیەتی بەدەستهێنان و کەلك وەرگرتنی گرووپە تیرۆریستییەکان لە تەکنۆلۆجیای کۆمپیوتەریی (کە بەرەو کاملبوون دەچێت) ئەنجام نەدراوە، زانیاری وورد لە سەر چۆنیەتی ڕەفتار و هەلسوکەوتی تیرۆریستان لە رووی ئەو پەیوەندییەی لە تەك شوێنگەی کۆمپیوتەریدا هەیانە لە بەر دەستدا نیە. لە بەشی پێشوودا باسمان لە میناکە گشتییەکانی رەفتاری تیرۆریستان بە پێی ئەو پەیوەندییەی ئەم میناکانە لەگەلّ تیرۆریزمدا هەیانە کرد. بەلاّم بۆ تێگەیشتنی تەواو لە ئالۆزیی چالاکییەکانی گرووپە تیرۆریستیەکان لە بواری کۆمپیوتەردا، باشتر وایە هەنگاوێك بڕۆینە پێشەوە.



بۆ ڕاڤە و شیکردنەوەی سایبرتیرۆریزم و هەروەها ناسینی میناکی رەفتارییانەی گرووپە تیرۆریستیەکان، خشتەیەکی شێوەناسانەی بچووك بەلاّم کارامەمان ساز کردووە، بۆ ئەوەی تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی گرووپە تیرۆریستیەکان بناسین. ئەم شێوەناسییە بریتییە لە چوار جۆرە گرووپی تیرۆرستی کە لە ئێستادا چالاکن و ڕەنگە شێوازی کۆمپیوتەری تایبەت بە خۆیان دروست بکەن. ئەم چوار گرووپە تیرۆریستییە- لە تەك شێوە ناسی و نموونەی گونجاو بۆ هەر کامیان — بریتین لە:

١- گرووپە نەتەوەخوازەکان: (بالّی سەربازی گرووپی نیشتمانی و ئازادی باسك[١]، بالّی کاتی سوپای کۆماریخواز ی ئایرلەندا[٢] و بەورە ئازادی بەخشەکانی تامیلی عیلام[٣]).

٢- گرووپە ئایینیەکان: (گرووپی چەکداری ئیسلامی[٤]، تاقمی راستەقینەی سەرتر ئائۆم - ئائۆم شین ریکیۆ[٥]،جیهادی ئیسلامی میسر).

٣- گرووپە سیاسیەکان: (میساق،شمشێر و دەستی خواوەند، رێکخراوی شۆڕشگێریی ١٧ ی نوامبر، بزاڤی شۆڕشگێریی توپاك ئامارۆ).

٤- گرووپە تاك بابەتییەکان[٦]: (بەرەی ئازادیخوازی ئاژەلاّن[٧]، بەرەی ئازادیخوازی زەوی[٨]، کۆمەلّەی داکۆکی کردن لە رەفتاری ئەخلاقی لەتەك ئاژەلّ) [٩].

---

١. Basque Fatherland and Liberty-military Wing (ETA-M)
٢. Provisional Wing of the Irish Republican Army (PIRA)
٣. Liberation Tigers of Tamil Ealam (LTTE)
٤.Armed Islamic Group (GIA)
٥. Aum Superme Truth-Aum Shinrikyo
٦. Single Issue
٧. Animal Liberation Front (ALF)
٨. Earth  Liberation Front
٩. People for the Ethical Treatment of Animals (PETA)

هەر کام لەو چینانەی سەرەوە بە پێی بزوێنەر[١١٤]، قەبارە[١١٥]، تەمەن[١١٦]، بوون یان نەبوونی ئەندامیان لە پەرلەماندا[١١٧]، پالپشتی سیاسی[١١٨]، دووژمنان[١١٩] و ئەو ناوچانەی ئۆپەراسیۆنی تیا ئەنجام دەدەن، لێك جیاوازن[١٢٠]. لە فەزایەکی ئاساییدا، تایبەتمەنییەکانی گرووپێکی تیرۆریستی یان دەبێتە رێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەو ئۆپەراسیۆنانەی گرووپەکە دەخوازێ ئەنجامی بدات یان ئەوەی ئاسانکاری بۆ دەکات. ئەم پرەنسیپە لە شوێنگەی کۆمپیوتەریشدا راستە، بەم جیاوازییەوە کە لێرەدا لەبەردەست بوونی کۆمپیوتەر و تۆڕە کۆمپیوتەرییەکان، هەندێ رەهەندی تازەی بە چۆنیەتی دیاریکردنی رەفتاری گرووپەکە بەخشیوە[١٢١].

رادەی گۆڕانی رەفتاری گرووپە تیرۆریستییەکان لە شوێنگەی کۆمپیوتەریدا بە نیسبەت فەزای ئاساییەوە، پابەندە بە توانا و ویستی ئەم گرووپانە بۆ کەڵك وەرگرتن لەو ئامرازە تازەیەی لەبەردەستدایاندایە. لەم بوارەوە لانیکەم دەبێ دوو خاڵ لەبەرچاو بگرین.

**یەکەمیان** ئەوەیە کە گرووپە تیرۆریستییەکان لە سەرانسەری جیهان ئەو لایانانە لە شوێنگەی کۆمپیوتەری دەستنیشان دەکەن کە توانای ئەوەیان پێبدات ئۆپەراسیۆنەکانیان بە کارامەیی زیاترەوە ئەنجام بدەن و گەشە بکەن. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە گرووپە تیرۆریستییەکان لەهەر تاقم و دەستەیەك بن، خۆیان مەڵاس داوە بۆ ئەوەی لە لێهاتوویی پێشکەوتووی راگەیاندن کەڵك وەرگرن. چ بە مەبەستی پڕوپاگەندە بێت چ وەك ئامرازێکی نوێ بۆ گەشەکردنی دارایی گرووپەکە یاخود تەنانەت وەك ئامرازێك بۆ ئالوویری ناوخۆیی گرووپەکە یان نێوان گرووپەکان[١٢٢].

**خاڵی دووەم:** بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئاخۆ چۆنە هەریەك لەو چوار تاقم و گرووپە تیرۆریستیانە لەم شتە تارادەیەك "سادەیە" ( واتە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ مەبەستی ناتوندوتیژی) تێدەپەڕێنن و دەست دەدەنە تیرۆریزمی کۆمپیوتەری. هێشتا نەزانراوە کە تا چ رادەیەك گرووپە تیرۆیستییەکان لە تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەری وەك چەکی هەڵبژێراوی خۆیان کەڵك وەردەگرن. بە



کارهێنانی کۆمپیوتەر بەو مەبەستەی زیان بە قوربانییەك بگەیەنێت بە بەراورد لەتەك بەکارهێنانی ئاسایی ئەم تەکنەلۆجیایە بۆ پەیوەندی گرتن و راگەیاندن یاخود بە مەبەستی پڕوپاگەندە، پێویستی بە شارەزایی و لێهاتوویی لە ئاستێکی زۆر بەرز دایە. نەك هەر بۆ گۆڕینی تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەریی"خاو"بە چەکێکی کاولکەر شارەزایی و لێهاتوویی هێجگار زۆری پێویستە، بەڵکو هەروەها دەبێ دڵنیا بین لەوەی کە کارامەیی ئەم بەدیلە، لە بژاردە ئاساییەکان زیاترە. بە واتایەکی تر پەلاماری کۆمپیوتەریی بۆ سەر دووژمن دەبێ لەچاو پەلاماری ئاسایی لەگەڵ ئەوەی هەوڵی کەمتری بۆ دەدرێت[١٢٣]. ئەنجامی هاوشێوە یاخود زۆرتری[١٢٤] لێبکەوێتەوە. بۆ نموونە ئاخۆ دەکرێ بە ئەرك و زەحمەتی کەمتر و ئەگەری سەرکەوتوویی زیاترەوە خەلەلی کۆمپیوتەری لە سیستەمی هاتووچۆی ئاسمانیدا ئەنجام بدرێت (بەمەبەستی ئەوەی ئاسایشی هاتووچۆی فرۆکەوانی وڵات بخاتە مەترسییەوە) و هەر ئەو ئەنجامەی لێ بەدەست بێت کە لە ئاکامی پەلامارێکی ئاسایی بۆ سەر هەمان سیستەم (پەلامارێکی چەکداری یان تەقینەوە) یاخود لە ئاکامی ئەو پەلامارەی راستەوخۆ بۆ سەر فرۆکەکە دەکرێت، (واز لە هەڕەشەی سەر سیستەمی هاتووچۆی ئاسمانی دێنێت) بەدەست دێت؟ ئەگەر وڵامەکە "ئەرێ" بێت دەتوانین بڵێین سایبرتیرۆریزم دەبێتە میتۆدێکی سەرنجراکێش بۆ تیرۆریستان و زۆربەی گرووپە تیرۆریستییەکان دەبنە لایەنگری، بەڵام ئەگەر وڵامەکە "نەرێ" بێت ئەوا فاکتەری ئاسایی هەروەك پێشووتر چەشن و ماهیەتی چالاکییە تیرۆریستییەکان دیاری دەکات.

خاڵێکی گەوهەریی دیکە کە کاریگەری لەسەر سەرنجڕاکێش بوونی سایبرتیرۆیزم دادەنێت (وەکو تاکتیکێکی زیاتر پەسندکراوی تیرۆریستی) دەگەڕێتەوە بۆ توانای کاولکاریی ئەم شێوازە و رادەی تۆقاندنی دووژمن. باس و خواسی زۆر سەبارەت بە توانای روو لە زیادبوونی سایبرتیرۆریستان[١٢٥] و ئەو کەلێنە گەورەیەی لە ژێرخانە نیشتمانییەکاندا هەیە[١٢٦]، کراوە و زۆری لەسەر نووسراوە. بەڵام سەبارەت بە هەژماری نموونەی کوشندە یان رادەی

کاولکاریی سایبرتیرۆریزم و هەروەها ئاکامەکانیی باسێکی ئەوتۆ نەکراوە[١٢٧]. بە تاوتویێ کردنی بەڵگەکانی بەردەست دەردەکەویێ کە مەودایەکی زۆر لە نێوان هەڕەشەی لەناخدا هەڵگر و هەڕەشەی ڕاستەقینەی سایبر تیرۆریزمدا هەیە.

| چەشنی گرووپەکە | تایبەتمەندییەکانی گرووپەکە | ڕەفتاری گریمانەیی لە کاتی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەریدا |
|---|---|---|
| نەتەوە خواز- قەوم گەرا | - ناسنامەی نەتەوەیی یان قەومی<br>- لە رووی قەبارەوە تا ڕادەیەك گەورە و هەورەها ئەزموندار<br>- باڵی سیاسی هەیە<br>- دوژمن وگۆڕەپانی ئۆپەراسیونەکان تا ڕادەیك ئاشکراو روونە. | گرووپە نەتەوە خوازە — قەوم گەراکان، کەڵکی زۆریان لە تەکنۆلۆجیای کۆمپیوتەری وەر گرتووە،بە تایبەت لەم رووەوە کە ئەم تەکنۆلۆجیایە هەندێ دەرفەتی بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەی دارایی لە دەرەوە (کومەڵگەی تاراوگەنشین)فەراهەم کردوو.هەر ئەمەیش لەمەڕ پەڕەسەندنی پروپاگەندەی تیرۆریستی و خەباتی سیاسی دیکەی پەیوەندیدارەوە راستە. ئەو گرووپانەی گەورەتر و پڕئەزموونترن. پێشتر (زیاتر٩ سەرکەوتووترن لە کاری توندوتیژیدا و وەك ئاوازێك چاو لە تەکنۆلۆجیای کۆمپیوتەری دەکەن کە ماهیەتی خەباتەکەیانی فرە چەشنتر کردووە. |
| ئایینی | - ناسنامەی ئایینی کەزیاتر هولڤولێوی روانگەیەکی بونیاد گەرانەیە | گرووپە تیرۆریستیەکان لە کاتێکدا خەریکن سەر هەڵدێنن کە تەکنۆلۆجیای |



| | | |
|---|---|---|
| | - ئەندازەی بگورِو کەم ئەزموون<br>- کەمترین هەژماری نوێنەریان هەیە لە پارلەماندا<br>- پشتگیری سیاسی نادیار،دوژمن دیاریکراو و ئۆپەڕاسیون بگۆڕ | کۆمپیوتەری بەرژەوەندی و قازانجی زۆری بۆ تیرۆریستە توندرۆ سیاسیەکان — ئەوندەی تازەن و کەمتر رێکخراون —بووە شوێنگەی کۆمپیوتەری بوار بۆ گرووپە تیرۆریستیە ئایینیەکان دەرەخسێنێ بۆ ئەوەی گەلێ شانەی بچوك بچوك بۆ چالاکی تیرۆریستی گەورەتر هەماهەنگ بکات. ئەم رەفتارە نموونەیەکە نیشانمان دەدات چالاکی ئاسایی چۆناو چۆن دەتوانێ لە ڕێگەی تاکتیکی کۆمپیوتەرییەوە رێنوێنی و جێبە جێ بکرێت.نەبوونی هەندێ لە قەدەغەکان ئەوە دەگەیەنێ کە گرووپە ئایینیە کان پێدەچێت بەدوای ئەو تاکتیکانەوە بن کە زیانی گیانی وماڵی زۆرتری لێبکەوێتەوە. |
| سیاسی | - لە رووی ئایدۆلۆژیەوە بە گشتی بە لای ڕاست یان چەپی توندڕەودا دەچێ<br>- تا ڕادیەك بچوك و کەم ئەزموونن<br>- کەمترین نوێنەریان هەیە لە پارڵەمان<br>- حوزەی پشتکیری سیاسیان دیاریکراو بەڵام بە گشتی | گرووپە تیرۆریستییە سیاسییەکان بە پێی قەبارەی تا رادەیەك بچووکیان و هەروەها بەهۆی ئەوەی پلەو پایەکیان نیە بۆ بەهێزکردنی خاڵە بەهێزەکان و داپۆشینی خاڵە لاوازەکانیان کەڵك لە تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەری وەردەگرن. بە کورتی ئەم |

| | | |
|---|---|---|
| | (غير عيلاقەمەند)ە، دوژمنی ئایدۆلۆژیکیان دیاریکراو و گۆرەپانی چالاکیان بگوڕ بەڵام سنووردارە.ئەو گرووپە سیاسیە چالاکانەی کە بۆ چارەسەر کردنی بابەتێکی ناهەقی سیاسی دیاریکراو (تایبەت)سەریان هەڵداوە تارادەیەك بچوك و کەم ئەزموون<br>-بۆی هەیە هاودەری هەندێ ئەندام پەر لەمان بۆ لای خۆی ڕابکێشن، بەڵام نوێنەری فەرمیان نیە.<br>- بواری پشتگیری سیاسیان هێجگار سنووردارە، دوژمن دیاریکراو و مەیدانی ئۆپەراسیۆنەکانیان سنووردارە. | گرووپانە لەم شێوانەی خوارەوە پەرە بە چالاکیەکانیان دەدەن:<br>"هەڕەشەی کۆمپیوتەری"و پروپاگەندەی پەیگیرانە، ئەندام گیری لە ئاستی جیهانی دا بە مەبەستی پێکانی قوربانی نوێ (کە پێشتر دەستیان پێنەدەگەیشت)، کردارو پەرچە کرداری لەتەك گرووپە هاوبیرەکان و هەوڵی سایبر تیرۆریستیەوە کە زیانی گیانی و ماڵی دوو ئەوەندەیە.<br>گرووپە تاك بابەتییەکان هاوکات لەگەڵ ئەوەی بە گشتی خۆیان بۆ خەبات دژ بە هۆکاری تایبەت تەرخان کردووە، تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەریشیان بۆ پەرەپێدانی پروپاگەندەی پەیوەندیدار، چڕکردنی هەڕەشەکان و پەیوەندیگرتن لە تەك گرووپە هاوبیرەکانیان بەلاوە سەرنجراکێشە.ئەو بەستێنانەی ئەم جۆرە گرووپانە رادەکێشێت بریتییە لە فرەچەشنکردنی سماڵای سەرەتایی، بەرفرەکردنی ئۆپەراسیۆنەکان و ئەگەری پەرەسەندنی. |



بە دڵنیاییەوە ئەو گرووپە تیرۆریستییانەی دەستدەدەنە ئەم شێوازە نوێیە، وەك ئەو کاتەی خۆیان بۆ کاری تیرۆریستی ئاسایی ئامادە دەکرد، ئاستەنگەکانی ئەم شێوازەیش رەچاو دەکەن. بە کورتی دەبێ سایبر تیرۆریزم وەك تاکتیکێکی تازە بزانین نەك ئەوەی شێوازێکی بە هیزتر (یاخود لاوازتر) لە هەڕەشەکان . پێدەچێت سایبر تیرۆریزم کارامەیی خۆی لە چەند رووداوێکی دەستنیشانکراودا نیشان بدات کە تێیدا زیاتر جەخت لەسەر پەلاماری ئاسایی بۆ ژێرخانە کۆمپیوتەرییەکان دەکرێتەوە.بەگشتی پەلاماردانی ژێرخانەکان بەشێك لە ستراتیژیی تیرۆریستی نوێ نیە، بەڵکو جۆرە تاکتیکێکی باوە کە بە لەبەرچاوگرتنی هەردوو ئامانجی سەمبولیك و تێکدەرانە داڕێژراوە. لانیکەم لە نموونەیەکی سەرنجڕاکێشدا "باڵی کاتیی سوپای کۆماریخوازی ئایرلەندا" بە تایبەت پاش ساڵی ١٩٨٨، دەستیکرد بە پەلاماری تیرۆریستی دژ بە کۆمەڵێك ژێرخانی نیشتمانیی بەریتانیا.

ئەم پەلامارانە دەرەنجامی تێگەیشتن لەم راستییەیە کە پەلاماری بە بۆمبا بۆسەر ئەم ئامانجانە هەم بۆ لایەنەکانی چالاك لە بواری خزمەتگوزاری و هەم بۆ جەماوەری سیڤیل مەترسیەکی ئەتۆیی نابێت...(هەروەها) لە لایەکی تریشەوە دەتوانێ زیانی ئابووری بەرچاوی بە دواوەبێت و ناوبانگی گرووپەکەی پێ دەرچێت. ئەم پەلامارانە بە گشتی دژ بە ژێرخانەکان و دامەزراوەکانی گواستنەوەی گشتی...دەزگا بنچینەییەکانی وزە، کارەبا و هەروەها دژ بە بازرگانی ئەنجام دراوە[١٢٨] بە سەرنجدان بەوەی ئەو ژێرخانانەی پشتیان بە تەکنەلۆجیای کۆمپیتەری بەستووە تایبێت زیاتر گیرۆدەی دەبن، ئەگەری ئەوەهەیە سایبر تیرۆریستان زیاتر ئەو ئامانجانەی هەڵبژێرن کە ئەگەری تێکدانیان تا ئەو جێگەی دەکرێ لە سەرەوەیە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە شێوازی پەلامارەکەیش هەر بەو جۆرە بێت. تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەریی بوار خۆش دەکات بۆ ئەوەی پارامیترێکی تر بێتە ناو هاوکێشە تاکتیکییەکان و

کاریگەری دابنێت لەسەریان، بەڵام بەگشتی لە ڕووی شێوازی جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنەکانەوە، تەنیا یەك بڕارەی لەبەردەستدایە.

بەلەبەرچاوگرتنی شەبەنگی ئەو ئیمکانیاتەی لە داهاتوودا دەکەوێتە بەردەم سایبر تیرۆریزم و هەروەها بە ئاوڕدانەوە لە شێوازی بەکارهێنانی ئەم ئیمکانیاتە لەلایەن گرووپە تیرۆریستیە جیاجیاکانەوە، پەیوەندی گریمانەیی ئەم دوانەمان لە خشتەی ٢ دا نیشان داوە.

## چەند تێبینییەک و دەرەنجامەکان

پەیوەندی نێوان تیرۆریزم و تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەری بە شێوەیەکە کە باشترین ڕێگە بۆ ناسینی توانستیی، تاوتوێکردنی دوبارەی ئەم دیاردەیە،هەم لە ڕووی کردەیی و هەم لە ڕووی تیۆرییەوەیە. هەرچەندە لە لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە تیرۆریزمدا دەرهەق بە ڕووداوی وەك کوشتن، تەقینەوە، ڕفاندن و فڕۆکەدزین زێدەڕۆیی دەکرێت، بەڵام ئەم ڕووداوانە تەنیا بەشێکی بچووك لەو شتەن کە لە چوارچێوەی ئەزموونی تیرۆریزمدا ڕوودەدات.ئەگەر بێتوو ئەم ڕووداوانە بەپێی دەرەنجامە گشتییەکانیان نەناسین، واتایەکیان نابێت[١٢٩]، ئەمە سەبارەت بە سایبر تیرۆیزمیش ڕاستە.

سەرهەڵدان و پەرەسەندنی خێرای شوێنگەی کۆمپیوتەریی نیگەرانی و هەڕەشەی زۆری لێکەوتەوە. تەکنەلۆجیای نوێی کۆمپیوتەریی دەرفەتێکی زۆری بۆ درێژەدان بەشەڕی پڕتوندوتیژانە خستووەتە بەردەم تیرۆریستان. ئەم گرووپانە ئەگەر بە گوێرەی پێویست پسپۆڕ و کارامەبن، دەتوانن تا ڕادەیەکی زۆر ئامانجە سیاسییەکانیان بەرەوپێش ببەن.

ڕۆڵی گرنگی تەکنەلۆجیای کۆمپیتەری زۆربوونی ئەو بژاردانەیە کە گرووپە تیرۆیستییەکان بۆ گەشەکردنیان لەبەردەستیانە. هەرچەندە ئەمە خۆی لەخۆیدا



"سایبرتیرۆریزم" ناگەیەنێت بەڵام هەم بۆ تیرۆریزمی ئاسایی و هەم بۆ سایبر تیرۆریزم گەلێ ئاکامی گرنگی بەدواوەیە. نیگەرانییەکی تر لەم بارەوە لەم ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە ژێرخانی گرووپەکانیش بە شوێن ئەم گۆڕانکارییانەدا لە ئاڵوگۆڕدان. ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە پێکهاتەی دامودەزگایی گرووپە تیرۆریستییەکاندا هاتووەتە ئاراوە، نەك هەر هەوڵە زانیارییە دژە تیرۆریستییەکانی بەردەست دەخاتە بەر ئەزموون و تاقیکردنەوە، بەڵکو بێگومان بوار بۆ هاوپەیمانی و یەکگرتنی گرووپی تیرۆریستیی تازە سەرهەڵداو و لەناخەوە نائاساییش فەراهەم دەکات. سایبر تیرۆریزمی "ڕاستەقینە" زۆر لە دیاردەیەکی دەردیسەرسازی ئاسایی سەرترە. هەرچەندە نابێ مەترسیی "ئەگەری پەلاماری توندوتیژانەی کۆمپیتەریی" کە دەتوانێ ببێتە هۆی لە ناوچوونی ژێرخانە نیشتمانییەکان، بەکەم دابنێین، بەڵام نابێ سەبارەت بە ماهیەتی کاولکەرانەی توندوتیژیی سایبرتیرۆریستیش زێدەڕۆیی بکرێت. یەکەم، هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو لەبەردەستدانیە بیسەلمێنێ پەلاماری کۆمپیوتەریی لەچاو پەلاماری تیرۆریستی ئاسایی گورچکبڕترە.

دووەم: خواستی تیرۆریستان لەمەڕ بردنەسەرەوەی ئاستی ئێستای توندوتیژی، چەندە پەیوەندی بەو چەکانەوە هەیە کە لەبەردەستیان دایە، بەو ئەندازەیش پەیوەندی بە ماهیەتی گرووپە تیرۆریستییەکەو ئامانجەکانیانەوە هەیە. هەندێ سیناریۆی لەسەر بەرپابوونی قیامەت (دنیا ئاخربوون) بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵ کوژ و باقی ئەو سیناریۆیانەی زیاتر وەك کابووس دەچن، زۆر پێش لەسەرهەڵدانی سایبرتیرۆریزمیش لە ئارادابوونە، و هەتا ئەو کاتەی دەورگێڕە سیاسییەکان و کۆمپانیا ئەمنییەکان و باقی ئەو کەسانەی سوودی لێدەبینن، بتوانن لەو گومانە سەرەکییانەی لە بواری تیرۆریزمەوە سەریانهەڵداوە کەڵك وەرگرن، ئەم کابووس و سیناریۆیانەش هەر دەمێنن

(هەڵبەت هەندێ لەم سیناریۆیانە لە راستیدا بۆ ئەوە خراونەتە گەڕ تا لە گرتنە بەری رێوشوێنی ئەمنی و خۆ ئامادەکردن بە گوێرەی پێویست هاندەر بن). بەڵام بۆ خۆئامادەکردن لەم بارەوە باشتر وایە کە نەك ئەوەی بە تەنیا (لە تاریکترین شوێنی خەیاڵماندا) بیر لە سیناریۆکانی سەبارەت بە بەرپابوونی قیامەت و ئەو خاڵە لاوازانەی هۆکاری ئەم سیناریۆیانەن بکەینەوە، بەڵکو هەروەها ئەو شێوازە جۆراوجۆرانەی دەمانچەوسێنێننەوە چۆنیەتی پاراستنی خۆیشمان لە بەرامبەر ئەم چەشنە هەوڵانەدا تاوتوێ بکەین. لە باتی ئەوەی ساویلکانە سایبر تیرۆریزم وەك لووتکەی توندوتیژی تیرۆریستی چاولێبکەین، ئاوازمەندانەتر ئەمەیە کە بزانین شوێنگەی کۆمپیوتەریی چۆناوچۆن دەتوانێ رێگە بۆ رەفتاری تیرۆریستی بان تر لە پێوەرە ئاساییەکان خۆش بکات و هانی بدات. و چۆن دەتوانێ لە سەر توانای حکومەتەکان و کەرتی تایبەت لە مەڕ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و دانانی رێوشوێنی تەکنیکی و سیاسی (بە مەبەستی رووبەرووبوونەوە لە گەڵیان) کاریگەر بێت. ئێستا (زانیمان) کە بنەماکانی تیرۆریزم هەر ئەوانەیە کە پێشتریش بوون، کەواتە هەر هەوڵێك بۆ ناسینی سایبرتیرۆریزم، چەندی بریبیتیە لە پێشبینی کردنی داهاتوو ئەوەندەش پێویستی بە ناسینی رابردوو هەیە.



## یاداشتەکان

١- دەرەنجامی ئەم سەر لێشێواییە ئەوە دەبێت کە گەلێ جار شیکردنەوەی وردبینانە و ئامارایانەی تیرۆریزم بە قازانجی هەڵسەنگاندنی گوماناوی، پشت گوێ دەخرێ.

٢- باسەکانی سەبارەت بە پێناسە کردنی تیرۆریزم، بەگشتی پشت بە یەك دوو کاری بەر چاو کە زیاتر گرنگیان داوە بە بەم بابەتە دەبەستێ. بەڵام بە پێی ئەو توێژینەوە فراوانەی سەبارەت بە تیرۆریزم ئەنجامدراوە، ئێمە پێمانوایە کە رێنوێنی کردنی خوێنەر بۆ تاوتوێکردنی شەبەنگێکی بەرفراوانتر لەم نوسینانە هێجگار پربایەخە بۆ ئەوەی خوێنەر بۆ خۆی بگات بەو دەرەنجامەی کە لە هەر بابەتێکدا ئەم پێناسەگەلە چۆناچۆن بە کار هێنراون.

٣- تێگەیشتن لەم بابەتە زۆر پێویستە، لەپێشەکی یەکێ لە دوایین راپۆرتەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ( U.S state department, Pattern of Global Terrorism ١٩٩٩,٢٠٠٠,p.٧) بەم شێوە نووسراوە "هەوڵی تیرۆریستی بەشێکە لە دیاردەی گەورەتری توندوتیژیی سیاسی (politically inspired violence) و هەندێ جار لەوانەیە دیاریکردنی مەودای نێوان ئەم دووانە ئەستەم بێت". ئەگەر کردەوەی تیرۆریستی بە ئاشکرا و بە ئاسانی لە باقی شێوازەکانی "توندوتیژی" جیا نەکرێتەوە،ئەوا چەمکی تیرۆریزم وەك ئامرازێکی شیکاری واتایەکی نامێنێت.دەرەنجامی بەکاربردنی تیرۆریزم بە شێوەی نەشیاو ئەوەیە کە ئەم چەمکە لە گەڵ هەر چەشنە توندوتیژییەك کە شیکار بە مەیلی خۆی دەستنیشانی بکات، یەکسان دادەنرێت. لە راپۆرتی هاوشێوەی راپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا تێبینیە سیاسیەکان باس لەوە دەکەن کە ئاخۆ داستانی تیرۆریزم چۆن بگێردرێتەوە.

٤- هەروەها دەتوانین تیرۆریزم لە چوارچێوەی میناکە بەربڵاوەکانی توندوتیژی تریش (وەکو شەڕ) تاوتوێبکەین. بۆ نموونە بنوارە:

Thomas Schelling, Arms and Information, New Haven, Yale University press, ١٩٦٦ pp. ١٦-١٧.

٥-Mikhael Stohl, Ed. The Politics of Terrorism, ٣rd edition, New Yourk, Marcel Decker Ink., ١٩٨٨, p. ٣.

له كتێبی ڕێنوێنیی گۆڕەپانی جەنگی سوپای ئەمریکا ژمارە ٢٠-١٠٠، لە ژێر ناوونیشانی ((سەقامگیری و ئۆپەراسیۆنی پشتگیرانە)) پێناسەیەکی هاوشێوە خراوەتە بەردەست و لە دۆر "ماهیەتی کردەوە" دەگەڕێ.

تیرۆریزم بریتیە لە ((بەکارهێنانی توندوتیژی بە پێی بەرنامەو پلان، یاخود هەڕەشەی توندوتیژی بۆ نانەوەی ترس و دڵەڕاوکێ، کە بە مەبەستی گوشاردانان یا خود تۆقاندنی حکومەت یا کومەڵگە بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی، ئایینی یان ئایدۆلۆژیك ئەنجامدەدرێت)).

The US Army Field Manuel ١٠٠-٢٠, Stability and Support Operations.

٦- کتێبی ڕێنوێنی گۆڕەپانی جەنگی سوپای ئەمریکا بەم شێوەیە پێی زیاد دەکات "تیرۆریزم بە پێی بەرنامەیە، تیرۆریستەکان بە گشتی دەزانن خەریکی چین. دەستنیشانکردنی ئامانج، کارێکی بە پلان و ئۆپەراسیۆنیە.... (توندوتیژی تیرۆریستی نە خوبەخۆیە و نە بە ڕێکەوت..... تیرۆریزم کردەوەیەکی دەروون ناسانەیە و بە مەبەستی کاریگەری دانان لەسەر لایەنی بەرانبەر ئەنجام دەدرێت".

٧- بۆ وردەکاری زیاتر لەم بارەوە و هەروەها سەبارەت بە خاڵەکانی تریش بنواڕە:

Mikhael Stohl, ed, The Politics of Terrorism, ٣rd edition, New Yourk, Marcel Decker Ink., ١٩٨٨, pp. ٣-٤.

٨-Edward F. Micklus, Todd Sandler, Jeanne Murdock, International Terrorism in the ١٩٨٠'s: A Cronology of Events, Iowa, Iowa State Press, ١٩٨٩.



هەروەها بنواڕە:

چوار بەشی ڕۆژژمێری چالاکییە تیرۆریستییە نێونەتەوەییەکان:

E.F.Mickolus, Terrorism ١٩٨١-١٩٩١: A Cronology of Events and a Selectivity Annotated Bibliography, Connecticut, Greenwood Press, ١٩٨٠; E.F.Mickolus, Todd Slander and Jeanne Murdock, International Terrorism in the ١٩٨٠'s: A Cronology of Events Vol. I (١٩٨٠-١٩٩٣) and Vol. II (١٩٨٤-١٩٨٧), Iowa, Iowa State Press, ١٩٨٨.

پێویستە ئەوە بێنینەوە یاد کە ئەو داتاگەلەی لەم نووسراوەدا پشتیان پێ بەستراوە، لە پێگەی زانیاری ئیترات (ITERAT) وەرگیراون و تەنیا تیرۆریزمی نێو نەتەوەیی لە خۆ دەگرێت. کەواتە، تیرۆریزمی ناوخۆیی و هەروەها تیرۆریزمی حکومی لە خۆ ناگرێت. بێجگە لەمە، پێگەی زانیاری دیکەش هەن کە ئاماری جیا جیا لە ڕووداوی تیرۆریستی دەخەنە بەردەست و هەروەها پارامیتری جۆراوجۆری دیکەش دەبەستنەوە بە ماهیەتی ئەم ڕووداوانەوە. (بۆ نموونە سەنتەری جفی Jaffe center، ڕاند(RAND)یان وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا). بۆ بینینی شیکردنەوەی زیاتر لە مەڕ ئەو کۆمەڵە زانیارییانەی لە بەر دەستدایە بۆ نموونە بنواڕە:

Peter A. Flemming, Patterns of Transnationl Terrorism in Western Europe, ١٩٦٨- ١٩٨٧ : A Quantitative Perspective, West Lafayette, Purdue University ph. D . Disseration, ١٩٩٢, pp. ١٣١-١٣٢ ;

William Warner Fowler , Terrorism Data Base: A Comparison of Missions, Methods, and Systems, California, RAND, ١٩٨١.

٩- ئەم ژمارەیە بە تێکڕایی واتە ڕوودانی ٤٠١ ڕووداوی تیرۆریستی نێو نەتەوەیی لە یەك ساڵدا.

١٠- ئەوەی وێدەچێت لەم ڕووەوە زۆر گرنگ بێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم مەسەلەیە کە چۆن هەندێ بنکەی سیاسی هانی تیرۆریزم دەدەن یاخود بواری گەشەکردنی لێدەسێنن.

١١- بنوارە:

Ted Robert Gurr ; Empiricial Reearch

گێڕ (Gurr) چەندین پرسیاری گرنگی وروژاندووە کە پەیوندی بە راقە و شیکردنەوەی داتاکانی سەبارەت بە تیرۆریزمی نێونەتەوەییەوە هەیە و ئێمە لێرەدا هێناومانە.

١٢- ئەمە کۆی بریندارەکان نیە. ئەوانەی زانیارییەکانی پێگەی (ئیترات -٤) یان کۆکردوەتەوە دان بەوەدا دەنێن کە هەژماری بریندارەکان لەمە زیاترە.

١٣- ئەمە واتە تێکڕای گشتی ٢,٧٤ بریندار لەهەر رووداوێکدا.

١٤- ئەو ئامارانەی لە ئیترات -٤ دا هاتووە، جیا لە هەژماری گشتی بریندارا‌ن هەژماری کەسانی بیانی، هاولاتیانی ئەمریکا و بەرپرسە حکومیەکانیش کە زیانیان پێگەیشتووە نیشان دەدات، داتاکان نیشانی دەدات کە ٣٤٠١ کەس واتە ٢٨,١٨٪ ی کۆی بریندارا‌ن کەسانی بیانی بوونە. هەروەها ٨٨٥ کەسی ئەمریکیش لەم رووداوانە بریندار‌بوونە. واتە بۆ هەر رووداوێك ٠,٠٨ ئەمریکی. ئەمەش دەکاتە ٥,٢٥٪ لە کۆی گشتی بریندارا‌ن. ئەمەیش زۆر کەمترە لە هەژماری گشتی قوربانیەکان لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (٢٩٪). هەروەها، داتاکانی ئیترات- ٤ ئەوە نیشان دەدات کە لانیکەم ١٦٠٨ کەس لە بەرپرسە حکومیەکان لە رووداوی تیرۆریستیدا برینداربوونە و ئەمەیش دەکاتە ٠,٢٢ بەرپرسی بریندار بۆ هەر رووداوێك.

١٥- ئەستەمە بتوانین رادەی زیانەکانی رووداوی تیرۆریستیی نێونەتەوەیی دیاری بکەین، چونکە ئەو راپۆرتانەی لەم بارەوە دەکرێن، زۆر جاران کەموکورییان تێدایە. هەندێ جار لەوانەیە ئەو رووداوانەی تێیدا زیانی کەمی (وەك شکاندنی پەنجەرە یاخود زیانی سووك لە دیواری باڵوێزخانەیەك) لێدەکەوێتەوە، لە راپۆرتەکاندا نەیێن، چونکە قوربانیانی ئەم جۆرە رووداوانە زیانەکانیان پێ کەم یان کەمبایەخە



(هەڵبەت مەگەر ئەوەی حکومەتەکان بە پێویستی بزانن هەرەشەی تیرۆریستی لەبەرچاو خەڵکدا زەق بکەنەوە و بە جیددی لەقەڵەمی بدەن). لە باقی رووداوەکانیشدا دیاریکردنی نرخی زیانەکان دژوارە، چونکە ئەو راپۆرتانەی سەبارەت بە ناوچەگەلی وەك جیهانی سێیەم یان ولاتانی رۆژهەلات (بلۆکی رۆژهەلات) ئامادەکراون، یەك ناگرنەوە. لەم حاڵەتانەدا هەرچەند زیانەکان بەرچاوە بەلام لەوە زیاتر زانیاری ئەوتۆ لەبەردەستدا نیە. سەرەنجام دەبێ ئەوەمان لەیاد بێت کە تەنیا زیانە کتوپڕەکان(لە ناکاو) بەراورد دەکرێن و کۆی گشتی تێچوونی بەهۆی رووداوی تیرۆریستی نێونەتەوەییەوە ئەژمار ناکرێت کە بریتیە لەو تێچوونە زیادییانەی بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی ئەمنی زیاتر و نوێتر سەرف دەکرێ.

١٦- لێرەدا دەبێ ئەوەمان لە یاد نەچێ کە فرەیی و گەورەیی رووداوی تیرۆریستیی نێونەتەوەیەی دوو دیاردەی لێك جیاوازن. کەواتە، تەنانەت ئەگەر لە هەندێ ساڵدا رووداوی کەمتر لەچاو ساڵانیتر راپۆرت درابێت، لەوانەیە ئەم رووداوە کەم هەژمارانە بەهۆی گەورەیی یا توندییانەوە ئاکامی (وەك زیانی گیانی و ماڵی) جیددیتری لە چاو ئەو رووداوە زۆروبۆرانە بەدواوە بێت. بە واتایەکی تر، تێکڕای رووداوە تیرۆریستییە نێونەتەوەییەکان، چ هەرەشەی سادەی توندوتیژی مەبەستدار بن و چ ئەنجامدانی توندوتیژی بەرچاوی وەك کوشتن و خۆتەقاندنەوە، لەم چەشنە رووداوانە دەژمێردرێن.

١٧- (تەئکید هی ئێمەیە). ئێمە نووسەرانی ئەم وتارە لەسەر ئەو باوەڕەین کە ئەگەر زانیاری باشتر و زیاترمان لەسەر تیرۆریزمی نێونەتەوەیی بەدەستەوە بێت، دەتوانین هەندێ رووداوی تر بەم ئامارە ساڵانەیە زیاد بکەین. هەر ئەم مەسەلەیە بە گشتی زیادبونی "فرەیی رووداوە تیرۆریستییە نێونەتەوەییەکان" روون دەکاتەوە. وێڕای ئەمەیش دەتوانین بڵێین ئەگەر بەرپرسانی پێگەی زانیارییەکانی ئیترات -٤ پێناسەی تر و یاخود رێساکارپێکراوەکانیان بۆ تۆمارکردنی داتاکان وەك بنەما

وەربگرتایە، لەوانەبوو ئاماری ساڵانەی رووداوی تیرۆریستی نێونەتەوەیی لەمەیش کەمتر بێت.

١٨- لە داتاکانی ئیترات -٤ دا، ئالمانی رۆژئاوا و ئالمانی یەکگرتوو پێکەوە هاتوون.

١٩- ٣,٤ قوربانی لە ساڵێکدا. ئەمە بە پێچەوانەی تیرۆریزمی ناوخۆییە کە تێیدا تەنیا لەیەك رووداودا قوربانی زۆری لێدەکەوێتەوە(هەژماری کوژراوانی تەقینەوەی بۆمب لە بنیاتی ئالفرێد پی مۆرا، لە کۆی کوژراوە تۆمارکراوەکانی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی لە ماوەی ئەو ٢٧ ساڵە زیاتر بووە).

٢٠- ناسنامەی قوربانیان بە ئاشکرا نیشاندەری رەوشی سیاسی نێونەتەوەیی ئەوسەردەمە(شەڕی سارد) و بەردەوامبوونی نیگەرانی ناوچەیی لە کوبا و پورتوریکۆیە.

٢١- کۆی ئەمە دەکاتە ٦٣,٩٪ . هەڵبەت ئەگەر ئەو پەلامارانیش حساب بکەین کە بە بۆمبای ئاگر و یاخود بە مەبەستی سوتاندنی شوێنێك ئەنجام دەدرێت.

٢٢- شوێنی سەرهەڵدانی ئەم گروپانە بە هۆی نزیکیی جوگرافیایی ئەوان لە ئەمریکا و ماهیەتی خەباتی سیاسییان کە زیاتر لە دژ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەگەڕێ، لۆژیکیە. بەڵام رەنگە پرسی گرنگتر ئەمەبێت کە ئەم گرووپانە بەشێك لە هەرەشەی چەپ گەراکان یاخود عەرەبەکان نەبوون کە لەو سەردەمە باڵی بەسەر شێوازی هەڵسوکەوتی ئەمریکا لە تەك تیرۆریزمدا کێشابوو. ئامارەکان نیشانی دەدەن کە لەساڵی ١٩٩٩، هیچ رووداوێکی تیرۆریستیی نێونەتەوەیی لە خاکی ئەمریکا رووی نەداوە. بەڵام کەسێ کە گومانی ئەوەی لێدەکرا لە گەڵ ئوسامە بن لادن پەیوەندی هەیە، لەسەر سنووری ئەمریکا —کەنەدا دەستگیرکرا.

US State Department، Patterns of Global Terorism, ٢٠٠٠.

سمیت و دامفوس سەلماندوویانە کە لە ١٩٨٠کاندا، هەژماری رووداوی تیرۆریستی نێونەتەوەیی کەم بووەتەوە و رووداوی تیرۆریستیی ناوخۆیی زیادی کردووە:



Brent L. Smith and Kelly R. Damphousse، " Two Decoadesof Terror Characteristics, Trends and prospercts of the Future of American Terorism", in Harvey W. Kushner, ed., The Future of Terrorism : Violence in the New Millennium, California, SAGE Pablication Inc., ١٩٩٨ pp. ١٣٥- ١٣٧.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر تیرۆریزمی ناوخۆیی لە ئەمریکا بنوارە:

FBI Analysis of Terrorist Incidents in the United State ( various years): Brent L. Smith, Terrorism in America : Pipe Dreams, Albany, State University Press of New York, ١٩٩٤; Smith and damphousse, op.cit. :

Southern Poverty Law Center, False Patriots: The Threat of Antigovernment Extemists, Alabama, Southern Poverty Law Cenetr, ١٩٩٦.

ئەمانەو هەندێ توێژینەوەی تر کە بە تازەیی ئەنجامدراوە و دیاردەی تیرۆریزمی ناوخۆیی لە ئەمریکایان تاوتوێ کردووە، ئاماژە بە بەرجەستەبوونی هەڕەشەی پڕتوندوتیژیی تیرۆریستی لە داهاتوو و لە لایەن گرووپە راستگەراکان، ئایینییەکان و "تاك بابەتییەکان"ەوە دەکەن. ئەم ئالۆگۆڕەمان لە بەشی دووەمی ئەم وتارە تاوتوێ کردوە و بۆ داهاتووی تۆڕەکانی تیرۆریزم-کۆمپیوتەر ئاکامی گرنگی بەدواوەیە.

٢٣- ئەم وڵاتانە بریتین لە:ئانتی گوان، ئەرمینیا، ئازور، کابیندا، دومینیکا، دورگەکانی فاکلند، گینەی ئیستوایی، دوورگەکانی سولەیمان، یەمەنی باشوور، کۆماری دیموکراتیکی گەلی یەمەن، ڤێتنام، فیدراسیۆنی هێندی رۆژئاوا و زەنگبار.

٢٤- ئەم وڵاتانە بریتین لە: باهاماس، بورکینافاسۆ، کۆنگۆ، ئێستۆنی، گۆیان، غەنا، ئایسلەندا، لیتونی، مارتینیك، موریتانی و سکاتلەندا.

٢٥- ئەم وڵاتانە بریتین لە: ئالبانی، بەحرەین، بولگاریا، کامیرۆن، کۆماری ئەفریقیای باشوور، ئێریتێریا،گوادۆلۆپ، کوردستان، کالدونیای نوێ، سێنیگال و ئۆکراینا.

٢٦- بەهۆی نەبوونی زانیاری، ئامانجە دیاریکراوەکان تەنیا بۆ ١٠٥١٣ رووداو لە کۆی ١٠٨٣٧ رووداو خراوەتە بەردەست.

٢٧- لە ساڵی ١٩٩١ لە ٦٩,٧٪ی کۆی رووداوە تیرۆریستییەکاندا، سامان و داراییەکان کراونەتە ئامانج و لە ساڵی ١٩٧٧ لە ٦٣,٥٪ ی رووداوەکان.

٢٨- قوربانیانی کتوپڕ. ئەو قوربانیانەن کە راستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەریی رووداوی تیرۆریستییەوە، بە گشتی هەر ئەم تاقمەن کە زیانی سەرەکییان لە توندوتیژیی تیرۆریستی بەردەکەوێ و بە شێوەی راستەوخۆ لە گەڵیدا پەیوەندیان هەیە. بەڵام، زۆربەی هەوڵە تیرۆریستییەکان بینەری زیاتریان مەبەستە. هەرچەند ئەم بینەرانە لە دەرەوەی بازنەی توندوتیژیی تیرۆریستین، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو توندوتیژییەی رووبەڕووی قوربانی کتوپڕ دەبێتەوە لەوانەیە رۆژێکیش بە تایبەت رووبەڕووی ئەوانیش بێتەوە، دەکەونەژێر کاریگەرییەوە.

قوربانیانی کتوپڕ بە ئاسانی دەناسرێنەوە، چونکە پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ رووداوە تیرۆریستییەکاندا هەیە. دیاریکردنی باقی بینەران دژوارترە و لەم رووەوە لە کۆمەڵە زانیارییەکانی ئیترات-٤ دا رەچاو نەکراوە. وێڕای ئەمەیش گەر بمانەوێ ماهیەتی راستەقینەی تیرۆریزم بە تەواوەتی دەرك بکەین نابێ ئەوانە وەلا بنێین.

٢٩- حکومەتی میواندار، حکومەتی ئەو وڵاتەیە کە رووداوی تیرۆریستیی نێونەتەوەیی لەوێوە دەست پێدەکات.

٣٠- گەر لە باتی تاکەکان، دارایی و سامانەکان بەر پەلامار بکەون، جۆری داراییەکە دیاری دەکات کە قوربانی کتوپڕ بخەینە کام دەستەوە. بۆ نموونە، کاتێ رووداوێك لە باڵوێزخانەیەکدا روودەدات، قوربان کتوپڕی ئەم رووداوە دەبێتە قوربانیانییە دیپلۆماتەکان. گەر نووسینگەی سەرۆکی کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت بکرێتە ئامانج قوربانییە کتوپڕەکانی دەبێتە بەرپرسانی ئەو کۆمپانیایە.



٣١- کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت باشترین ئامانجی پەلامارە تیرۆریستییەکان بوونە لە ساڵانی نێوان ١٩٧٤ هەتا ١٩٧٦.

٣٢- ئەم گرووپانە لە ناسنامەی نەتەوەیی (بزاڤە جودایی خوازەکان، دژە کۆلۆنیالییەکان و ئەو کەسانەی دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ زەوییە لەکیس چووەکانیان) یاخود ئایینی (بونیادگەرا) دا رەگ و ریشەیان داکوتاوە و پێناچێت تاکە سەرچاوەی ئیلهامیان بزوێنەری ئایدۆلۆژیکی وەك مارکسیزم یان مائوییزم بێت.

٣٣- هەر گرووپێك بۆ مانەوەی خۆی، پێویستی بە پشتگیری دەرەکییە. بۆ نموونە، گرووپە نەتەوەخوازەکان نوێنەری جەماوەرێکی گەورەترن، ئەم گرووپانە بەو هیوایەن بتوانن بە بەردەوامبوون لەسەر خەباتی سەرکەوتووانەی تیرۆریستییان، جەماوەرەکەیان لە دەسکەوتەکانی خۆیان بەشدار بکەن. ئەو گرووپانەیش کە بزوێنەری ئایدۆلۆژیکیان هەیە پشت بەو پاڵنەرانەوە دەبەستن کە لەسەر هەمان بیرو باوەڕی سیاسین. ئەو گرووپە تیرۆریستییانەی کە سەرکەوتووترن وەك باڵی کاتیی سوپای کۆماریخوازی ئایرلەندا توانیویانە پاڵنەرەکانی خۆیان پەرەپێبدەن و کەڵکیان لێوەرگرن بۆ ئەوەی چالاکیەکانیان بەربڵاوتر بکەن. بنوارە :

Jeffrey A. Sluka, Hearts and Minds, Water and Fish: Support for the IRA and ILNA in a Northern Irish Ghetto, Connecticut, JAI Press Inc., ١٩٨٩.

٣٤- هەرچەندە ئەم وتارە بە گشتی تایبەتە بەمەسەلەی بەکارهێنانی دەورگێڕە ناحکومیەکان لە تیرۆریزم، بەڵام ئێمە تەواو گرنگی و بایەخی دەورگێڕە حکومییەکانیش لە هاوکێشەی تیرۆریزمدا پێ دەزانین.

٣٥- ئەمە لە راستیدا کورتکراوەی دووەمین و سێیەمین گومانە، کە ئیستۆل خستوویەتە روو، و مەبەست لە هێنانی ئەوەیە ئەو راستییە بخەینە بەرچاو کە بە ئاسانی دەکرێ رێکخراوە تیرۆیستییەکان بەدناو بکرێن و هەرچەشنە شەرعیەتێکیان لێ بسێندرێتەوە:

Michael Stohl, ' Demystifying Terrorism: The Myths and Realities of Contemporary Political Terrorism, in Michael Stohl, ed., The Politics of Terrorism, ٣rd edition, New York, Marcel Decker Inc., ١٩٨٨.

٣٦- بۆ بینینی پێرستی ده گومانی هەنووکەیی سەبارەت تیرۆریزمی سیاسی هاوچەرخ بنوارە:

Ibid, pp. ٧-٢٣.

٣٧- وێڕای ئەمە، باڵی کاتیی سوپای کۆماریخوازی ئایرلەندا لانیکەم لە ١١ وڵاتدا ئۆپەراسیۆنی ئەنجامداوە کە هیچیان لە رۆژهەڵاتی ناوین (بێجگە لە ئۆپەراسیۆنی چەك کە سەرچاوەکەی لە وڵاتی لیبیا تۆمارکراوە) یاخود ئەمریکای لاتین نەبووە.

٣٨- هەتا ئێستا، ئەو رووداوانەی باڵی کاتیی سوپای کۆماریخوازی ئایرلەندا دەستی بووە تێیاندا، بووەتە هۆی هەندێ قوربانی سەر بە ١٥ وڵاتی جیهان کە هیچیان ئیسرائیلی نەبوونە. نەزانراوە ئاخۆ ئەم گرووپە بە گشتی قوربانییەکانی لەم ١٠ وڵاتە دەستنیشان کردووە یان ئەوەی هەندێکیان بەرێکەوت لە شوێن و کاتی نالەباردا (بۆ نموونە لە شوێنێکی گشتی لە کاتی تەفینەوەدا) بوونە.

٣٩- سێپتامبەری رەش، هەندێ پەلاماری ئەنجامداوە و لانیکەم هاوڵاتیانی ١٥ وڵات بوونەتە قوربانی کردەوەکانی ئەم گرووپە، تەنیا لەیەك پەلاماردا، گەشتیارانی بەریتانی لە یۆنان بەر پەلامار کەوتوون، ئەم رێکخراوە دوو ئۆپەراسیۆنیشی لە بەریتانیا ئەنجامداوە کە لە یەکێکیاندا ئۆردۆنیەکان و لەوی دیکەیاندا ئیسرائیلیەکان کەوتوونەتە بەر پەلامار.

٤٠- پەلاماری تیرۆریستی، تەنانەت ئەوکاتەی سنووری توندوتیژی رەوا (؟) تێدەپەڕێنێ (بۆ نموونە، نەکردنە ئامانجی: ژنان، منداڵان، بە ساڵاچوان و پەككەوتەکان)، دیسانیش پەلاماری رەمەکی و بەرێکەوت نیە. دەتوانین ئەم خاڵە بە تاوتوێکردنی ئەو پەلامارانەی لە ساڵی ١٩٨٥ لە فرۆکەخانەکانی "رۆما" و "بۆن" ئەنجامدران نیشان بدەین. "تیرۆیستان لە کاتی پەلامارەکەیاندا لە خۆوە بەشێوەی



رەمەکی دەستڕێژیان نەکرد. ئەوان دەیانویست دڵنیابن لەوەی کە منداڵانیش دەبنە قوربانی. ئەوان توانیان کچێکی تەمەن ١١ ساڵ بکوژن....."

Jeffrey D. Simon, The Terrorist Trap: America's Expeience with Terrorism, Bloomongton, Indiana University Press, ١٩٩٤, p. ١٩٦.

ئەو لۆژیکەی لە پشت ئەم تاکتیکەوە بووە، لە یاداشتەکانی تاکە تیرۆیستێکدا کە لە پەلامارەکانی رۆما گیانی دەرباز بوو روون کراوەنەوە. بە کورتی مەبەستی تیرۆیستان "دەستدرێژی" کردن بۆ سەر هەموو لاینێکی قوربانیان و بە تایبەت منداڵەکانیان بوو.

Ibid., p.١٩٦

وێڕای ماهیەتی ترسناکی ئەم پەلامارانە، کەس تێیدا بە رێگەوت نەبووەتە قوربانی.

٤١- لەوانەیە بەراوردەکردنی تیرۆیزم لەتەك شێوازەکانی دیکەی توندوتیژی بەکەڵك بێت. شەڕی ناوخۆ یاخود نێونەتەوەییش شەبەنگێکی بەربڵاوتر لە توندوتیژی لەخۆ دەگرێت، کەچی بە دەگمەن وێنەیەکی وەك تیرۆیزمی لێ نیشان دەدرێت.

٤٢- ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە قوربانیی کەمتر لە ٢٠ کەس گرنگ نیە، بەڵکو دەخوازین هەژماری راستەقینەی ئەو رووداوانە دیاری بکەین کە تێیدا زیانی گیانی زۆری لێکەوتەوە. ١٥ رووداوی تیرۆیستی نێونەتەوەیی کە قوربانی زیاتریان بەجێ هێشتووە ( بە کاتی رووداوەکە و هەژمار قوربانیانەوە) بەم شێوەیە:

١) ٢٣ ژووەنی ١٩٨٥، تەقینەوە لە فرۆکەی ژمارە ١٨٢ی هێڵی ئاسمانی هیند نزیك کەنارەکانی ئاریلەندا، ٣٢٩ کوژراو.

٢) ٧ /٨/ ١٩٩٨، تەقینەوەی بۆمب لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە نایروبی ٢٩١ کوژراو.

٣) ١٢/٢٣/ ١٩٨٨، تەقینەوە لە فرۆکەی ژمارە ٨٥٨ هێڵی ئاسمانی کۆریا لەسەر باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا، ١١٥ کوژراو.

٧) ٢٣/٩/ ١٩٨٣، تەقینەوە لە فرۆکەی بوییینگ ٧٣٧ی هێڵی ئاسمانی ئیمارات نزیك دوبەی، ١١١ کوژراو.

٨) ٢٧/١١/ ١٩٨٩، تەقینەوە لە فرۆکەی ژمارە ٢٠٣ی هێڵی ئاسمانی Avianca لەسەر کۆلۆمبیا ١١٥ کوژراوە.

٩) ٢٧/٨/ ١٩٨١، خراپکاری و تێکدانی سیستەمی گواستنەوەی ئاسمانیی ڕۆژهەڵاتی دوور، نزیك تایوان ١١٠کوژراو.

١٠) ٤/١٢/ ١٩٧٧، ڕفاندن و خستنە خوارەوەی فرۆکەی بوینگی ٧٣٧ی هێڵی ئاسمانی مالیزی، ١٠٠ کوژراو.

٤٣- ئەو نموونە تازانەی کە گراس هێناویەتی، بریتین لە هەندێ بابەتی بەرجەستەی وەك ئەنگیزاسیۆن لە ئیسپانیا لە لایەن کەنیسەی کاتۆلیکەوە، هەروەها بەکارهێنانی گیوتین لە لایەن ژاکوبنەکانەوە لە سەردەمی شۆڕشی فەرانسا.

Feliks Gross, The Seizure of Political Power, New York, Phiilosophical Library, ١٩٥٧, p. ١١٣.

٤٤- "واژەی تیرۆر سەرەتا لە کاردانەوە لەتەك بەکارهێنانی توندوتیژی و گیۆتین لە فەرەنسا لە لایەن ژاکوبنەکان و ڕژێمە تێرمیدۆرەکانەوە هاتە ئاراوە". نموونەی مێژووی و هاوچەرخ لە هەمبەر بەکارهێنانی تیرۆریزم لە لایەن حکومەتەکانەوە زۆرە. بنوارە:

Michael Stohl, 'Terrorism and State Terrorism: The Role of the Superpowers' , in Robert O. Slater and Michael Stohl, eds., Current Perspectives on International Terrorism, London, The MacMillian Press LTD., ١٩٨٨, p. ٨.

٤٥- نموونەیەکی تازە لەمبارەوە بۆمبارانکردنی سربەکانە لە لایەن ناتۆوە، کە بە مەبەستی نانەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لە دڵی حکومەت وخەڵکی سیربستان ئەنجامدرا،



بۆ ئەوەی لە ویلایەتی کۆسۆڤۆ پاشەکشێ بکات. هەروەها نموونەیەکی پێشتریش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٢ کە لەو ساڵەدا ئەمریکا هانۆی بۆمباران کرد بۆ ئەوەی ڤێتنامی باکوور ناچار بکات بگەڕێتەوە سەر مێزی گفتوگۆکان.

٤٦- ئۆپەراسیۆنی نهێنیی CIA و مۆساد دوو نموونەن لە بەکارهێنانی تیرۆریزم لە لایەن حکومەتەوە بە مەبەستی گەیشتن بە بەرژوەندییە سیاسییەکانیان.

٤٧- هەروەها دەتوانین بڵێین دەورگێڕە حکومییەکان لە دەورگێڕە ناحکومییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو سەرترن، ئەویش بە هۆی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستیاندایە و دەتوانن بە کەڵك وەرگرتن لە کۆمپیوتەرەکان یاخود لە دژی کۆمپیوتەرەکان ئۆپەراسیۆنی بەربڵاوتر و گەورەتر ئەنجام بدەن.

٤٨- دەکرێ بە ئاسانی لەباتی "سەرشێتەکان" و "بەدکاران" دەستەواژەی تری وەك "مارکسیستەکان"، "مائۆییستەکان"، لێنینیستەکان"، "راسترۆکان" و "فاشیستەکان" دابنرێت.

٤٩- وێدەچێ مێژووی ئۆپەراسیۆنی تیرۆیستیی نێونەتەوەیی پەرەپێدراو و بەرنامەبۆ داڕێژراو کە بە بزوێنەری سیاسی تەیارکراوە، پێچەوانەی ئەمە نیشان بدات. لانیکەم دەتوانین بەڵگە لەسەر ئەوە بێنینەوە کە هەندێ سەرشێتی زۆر زیرەك لە پشتی سێ دەیە تیرۆریزمی نێونەتەوەیی بوونە.

٥٠- هەندێ جار هەڵوێست وەرگرتن لە بەرامبەر تیرۆریزمدا وەك جۆرێکی دیکە لە تاوان، بوار بە حکومەت دەدات تاوەکو بۆ ڕووبەڕووبوونە لەگەڵ ئەم چەشنە تاوانە( کە بە ئاسانی بە ئامرازی یاسایی بەردەست کۆنترۆڵ ناکرێ) هەنگاوی نوێ تر و لە ناخیدا سەرکوتکەرانەتر هەڵێنێ.

٥١- لەم حاڵەتەدا دەسکەوتی بەدکاری بەجۆرێك پاداشتی ماددی لەقەڵەم دەدرێ. زۆربەی کوشتارەکان، بتەقینەوەکان و هەرەشە تیرۆیستییەکان، فاکتەری سیاسییان هەیە نەك تاوانکارانە. ئەم هەولانە مەبەستی سەمبوولیکی لە پشتە، بێ ئەوەی دەسکەوتی ماڵی بە دواوە بێت. هەرچەندە هەندێ جار ڕفاندنی تاکەکان و

فرۆکەکان داواکاری ماڵی لەگەڵدایە،بەڵام ئەم داواکارییانــە هــەر لەمێــژەوە بەشــێك بوونە لە داواکاری گەورەتری وەك بڵاوکردنەوەی بەیانی سیاســی، ئــازادکرنی گــیراوە سیاســییەکان یــاخود بــاقی تیرۆریــستانی دەسبەســەرکراو و بــەڵێنی دەربــازبون بــە شێوەیەکی هێمنانەو یاخود لێخۆشبوونی سیاسی. هەروەها ئەم چەشنە رووداوانە بــە زۆرینەی جەماوەر دەسەلمێنێ کە حکومەت بە گــوێرەی پێویــست تونــای پاراســتنی هاوڵاتیانی خۆی نیە.

٥٢- بە بەدکار زانینی تیرۆریستان تەنها گرفتەکە وەك گرفتێکــی ســادە نیــشان دەدات و دەبێتە هۆی خافــڵ بــوون لــەم راســتییە کــە بــۆ راوەســتاندنی توندوتیــژی تیرۆریستی رێگەی "مەسڵەحەتی" لەبەردەستدا نیە.

٥٣- ئەمەو ئەو بابەتانەی پەیوەندی هەیە بەمەوە بە تەسەلی لە بەشــی دواتــری ئەم وتارەدا تاوتوێ کراوە.

٥٤- ئــەو گرووپانــە بــریتین لــە:" هاوپــەیمانیی دژە کۆمۆنیــستی" ئــەرژەنتینا Anti Communist Alliance و ســکادرانی مــەرگی بــەرازیل ( Esquadro de Morte).

٥٥- بێدەنگی نواندنی حکومەت، کەمترین ڕادەی کەڵك وەرگرتن لە سەرچــاوەی حکومەت دەگەیەنێت. بەڵام ئەو حکومەتەی بەم شێوە بێدەنگی دەنوێنێ. کــۆنترۆڵی ئەوتۆی بە سەر گرووپە تیرۆریستە کەوە نابێ. بنوارە:

Stohl, 'Terrorism and State Terrorism, op. cit., p.١٨٣.

٥٦- بەڵگە بۆ ئەم رەوشــە لــەو رەخنــە گــشتیانەدایە کــە ئــەمریکا بەرامبــەر سۆڤیەت بە هۆی هەبوونی دەستی ئەو ووڵاتە لە راهێنان، تەیار کردن و دابینکردنــی تیرۆریستە نێونتەوەییەکاندا دەریدەبڕێ. بنوارە:

Stohl, 'Terrorism and State Terrorism ', op. cit., p.٢٠.



٥٧- بۆ بینینی شیکردنەوەیەکی بزوێنەرانە و روونکەرەوانە (بۆ ئەوانەی بروایــان بەوگومانە هەنووکەییانەی دەربارەی تیرۆریزم هەیە) سەبارەت بە چۆنیەتی کــارکرد و کاریگەریی بەکارهێنانی تیرۆریزم وەك تانە و توانج و هەروەها خستنەڕوی وێنەیەکی ئەهریمەنی لە هەندێ دەورگێڕ بنوارە:

Nnam Chomsky, Pirates and Emperors: International Terrorism in the Real World, New York, Claremont Publications, ١٩٨٦.

٥٨- رەنگە باشترین نموونــە، هێرشــی ئاســمانی ئــەمریکا بێــت بــۆ ســەر چــەند ئامانجێك لە ولاتی لیبیا لــە ١٤ئــەپریلی ســالی ١٩٨٦. بــە نــاوی ( EL Dorado Canyon) کە تەنیا ٩ رۆژ پاش تەقینەوەی تیرۆریستی لە دیسکۆتێکی لابێللە ( La Belle Discothceque) لە بەرلینی رۆژئاوا ئەنجامدرا. ولاتە یەکگرتووەکان پێیوابوو لیبیا (حکومەتێك) دەستی هەبووە لەم تەقینەوەدا و بە مەیش توانی ئامانجێکی بەر چاو تاوانبار بکات و لە ئەنجامدا بە خێرایی تولــە بــسێنێتەوە.ناســاندنی دەورگێــرە حکومیــەکان وەك ئەنجامــدەری کــردەوەی تیرۆریــستی، ئــەو هەلــە بــۆ کۆمەڵگــەی نێونەتەوەیی دەرەخسێنێ کە بە پشتبەستن بەو یاسا نێودەولەتییانەی بــۆ تیرۆریزمــی نێونەتەوەیی دانراوە،پەرچەکردار لە خۆی نیشان بدات. سەرنجراکێش بــوونی ســزادانی سەرچاوەی شەیتانیی تیرۆریزم، دەبێتە هۆی زیــاتر ســرنجراکێش بــوونی ئــەم چەشــنە پرچەکردارانە لە سیاسەتی دەرەکیدا. بنوارە:

Stohl, 'Terrorism and State Terrorism ', op. cit., pp.١٦٦-١٦٧

٥٩- هــەتا ئێــستا هــەولێك بــۆ پــۆلێنکردنی پێناســەکانی تایبــەت بــە سایبرتیرۆریزم،بەو شــێوەی کــە بــۆ پێناســەکانی تیرۆریزمــی ئاســایی ئەنجامــدراوە، نەخراوەتە گەڕ.

٦٠- جان مۆرنی ئەم پرسیارەی تاوتوێ کردووە کە سایبرتیرۆریزم چ جیاوازییەکی لە تەك تیرۆریزمی ئاساییدا هەیە.ئەو دەپرسێ: ((ئاخۆ دیمەنی وەك پەلاماری تۆری-کۆمپیوتەریی لە لایەن تیرۆریستانەوە شتێکی ((لە راستیدا جیــاواز))ە یــاخۆ تــەنیا

شێوازێکی نوێیە لە پەلاماری تیرۆریستان و پرسی تازە لە هەمبەر یاسا و سیاسەتوانی ناخاتە روو؟

وێدەچێ وەڵامەکەی ئەمە بێت کە ئەگەری پەلاماری تۆڕی- کۆمپیوتەریی پرسی تازە دەهێنێتە کایەوە،هەرچەند پرسیارە کۆنەکانیش وەك خۆیان دەمێننەوە.))

John F. Murphy, "Computer Network Attacks by Terrorists: Some Legal Dinemensions"..., ١٩٩٦, pp.٣-٤.

٦١- بنوارە:

Col. Kenneth C. White, 'Cyber-Terrorism: Modern Mayhem', Pennsylvania, U.S. Army War College, ١٩٩٨, p.٣.

٦٢- دێنینگ پێیوایە سایبێرتیرۆریزم ئەو رووداوەنەش لەخۆ دەگرێت کە زیانی گیانی، مالی یاخود ((زیانی گەورەی ئابووری)) لێدەکەوێتەوە:

((پەلاماری گەورە بۆ سەر ژێرخانە ستراتیژیەکان،بە پێی ئەو کاریگەرییانەی دایدەنێت،دەتوانێ وەك هەولێکی سایبێرتیرۆریستی پێناسە بکرێت.بەڵام ئەمە ئەو پەلامارانە ناگرێتەوە کە تێیدا خزمەتگوزاری لاوەکی (نابنەڕەتی) تووشی خەلەل دەکات یا خود تەنیا دەنگوهەرایەکە و بەس)).

Dorothy E. Denining، Activisim....

٦٣- ستارك هەروەها (پێی زیاد دەکات) و دەڵێ: سایبێرتیرۆریزم لە رووی یاساییەوە، بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی سیستەمەکان و زانیارییە دیجیتالییەکان، ئەمەیشی لەگەڵدا بێت کە خراپ بەکارهێنان لە راستای پشتگیری کردنی چالاکی تیرۆریستیدا بێت.

Rod Stark،Cyber.....

٦٤- بنوارە p٩،١bid



٦٥- هەر وەك ئەو پێشنیارەی مایکل واتسین (Michevel vatis) جێگری هاریکاری بەرێوەبەر و سەرۆکی ((ناوەندی پاراستنی ژێر خانەکان)) ی فەرمانگەی لێکولینەوەی فێدراڵ FBI)) خستوویەتە بەردەم دەزگای" تاوتوێ کردنی سیاستگوزارییەکانی پوتوماك" ،ئاشکرایە کە هێشتا سەرلێشێواوی زۆر لەم بارەوە هەیە: "سایبر تیرۆریزم چیە؟ ئاخۆ هەر چەشنە کەڵك وەرگرتنێك لە کۆمپیوتەر یاخود شکڵێکی تایبەتە لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەکان (و) ئەو تەکنەلۆجیانە لەلایەن لە گرووپە تیرۆریستیە سونەتییەکانەوەیە؟.....سایبر تیرۆریست کێیە؟" Potomac

Institute......

٦٦- بنوارە:

John Arguilla and David Ronfeld ....
John Arguilla .....

٦٧- بنوارە:

Arguilla and Ronfeld

٦٨- بنوارە:

ئەم جیاکارییە ئەوەندەی پەیوەندی بێت بە شەڕەزانیارییەوە سوودمەندە، بەڵام تەنیا ئەو کاتە سوودمەنی دەبێت کە نێوان دەورگێڕە ناحکومیەکان و تیرۆریستانیشدا ئەم جیاکارییە بکەین (و ئەمەیش ئەو مەسەلەیە کە ئێمە لە باسەکانی دواتردا لە سەری رۆیشتووین). شیکردنەوەی زیاتر دەریدەخات کە "شەڕەتۆڕی ئەتنیکی- ناسیونالیستی" خۆی لە خۆیدا دەتوانێ شێوازێك بێت لە شێوازی پڕتوندوتیژتری شەڕە تۆڕ.

Ibid، P.٤.

هاندلی و ئەندێرسۆن هەروەها کۆمەڵێك "دەورگێڕی دەرون ناپاك" یان دیاریکردوە کە دەستیان بە فەزای کۆمپیونەری رادەگات لەتەك ئەو ئامانجانەی کە لە پشت چالاکیەکانیانەوەیە.

| دەورگێڕ | ئامانج |
| --- | --- |
| خراپکاران | بۆ گەیشتن بە بەرنامەو ئامانجی شەخسی خۆیان |
| خۆییە نارازییەکان یاخود دزەکەران | هۆکارو بزوێنەری جیاجیا |
| بەدکاران | بۆ قازانجی ئابووری شەخسیو........ |
| تیرۆریستان یان باقی گرووپە ناحەزەکان | بۆ سیخوڕی پیشەیی یاخود تێکدانی کۆمپیوتەرەکان |
| حکومەتە نەتەوەییەکان | بۆ سیخوڕی یان بەرژەوەندی ئابووری یاخود وەك ئامرازێکی شەڕ. |

Richard and Hundley...

٦٩- بنواڕە:

Arguilla and Ronfeld، cit ،p.٩.

٧٠- بنواڕە:

Dr.Andrew Rathmed.....

٧١- "گرووپە ژێر حکومییەکان بە بزوێنەری سیاسییەوە، دەستەواژەییەکە کە لە گرووپگەلی گوشاری ناو سیستەمە دیموکراسییەکانەوە لە خۆدەگرێت (کە لە تاکتیکی ئۆپەراسیۆنی کەڵك وەردەگرن) هەتا بزاڤە بەرهەڵستکارە ناقانونییەکانی ناو سیستەمە دیکتاتۆرییەکان و ڕێکخستنە تیرۆریستیە پەرلەمانییەکانیش دەگرێتەوە.

٧٢- Timethy.L.sanz, information. Age ...

٧٣- لە نمونەیەکی دیکەدا، هوو، گودمەن و گرینبێرگ ئاماژە بە "تیرۆریزمی تەکنەلۆژیای زانیاری"دەکەن. هەرچەندە ئەوان پێناسەیەکی دیاریکراو لەم دەستواژەیە ناخەنە بەردەست بەلاّم گرابوسکی و سمیت رایان وایە کە:"هەرچەند وێدەچێ تیرۆریستەکانی ئەم سەردەمە کەرەستەی تەقینەوەیان پێ باشتر بێت، لەگەڵ ئەمەیشدا ئەگەری پەکخستن بە گشت تۆڕەکانی پەیوەندیگرتن و باقی سیستەمە گرنگەکان لەوانەیە هەندێ ئامانجی سەرنجڕاکێش و فرەچەشن بخاتە بەردەستیان."



٧٤- بۆ باسی زیاتر سەبارەت بە تاوانی کۆمپیوتەری، بنواڕە:

P.N. Grabosky ...

کە تێیدا باسی کردووە لەو بابەتەی کە خۆی ناوی ناوە "بەدکاری لەچاخی دیجیتاڵ" یان " تاوانەکانی تایبەت بە پەیوەندیی دورهاوێژ".

٧٥- لانیکەم لە بابەتێکدا ئەم جیاکارییەیان ئەنجام داوە. راتمێڵ گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە باشتر وایە ئەو سێ گرووپە (کە کەڵك لەو شەڕە زانیاریە وەردەگرن) لە یەکتر جیابکەینەوە: "خراپکارە کۆمپیوتەرییەکان،بەدکاران و گرووپە ژێرحکومییەکان بە بزوێنەری سیاسییەوە ".

Rathmell, op....

هەروەها وایتیش لەگەڵ جیاکردنەوەی نێوان خراپکارە کۆمپیوتەرییەکان و تیرۆریستە کۆمپیوتەرییەکانە:

" خراپکارانی کۆمپیوتەر و تیرۆریستە کۆمپیوتەرییەکان....

لە رووی نیازەوە جیاوازن لەگەڵ یەك: خراپکارانی کۆمپیوتەری لەوانەیە تەنیا تاقمێك سەرەڕۆ بن کە بەهۆی بەدکارییەوە تێکدەری ئەنجام دەدەن. کەچی تیرۆریستانی کۆمپیوتەری دوژمنی پێشکوتووی حکومەتە نیشتمانییەکانن."

٧٦- دڵنیایی لە ئێمەیە. چونکە شی هان، زیاتر گرنگی دەدات بە "تیرۆریزم" نەك "بەدکاری"، ئەم داخوازەی خۆی لەسەر شێوازەکانی رووبەڕووبوونەوە لەتەك تیرۆریزم چڕکاتەوە کە هەندێ ئاکامیش لەمەڕ رێگەگرتن لە بەدکاری کۆمپیوتەری بەدواوە دێت.

٧٧- دڵنیایی لە ئێمەیە، بنواڕە:

mony Befor Michael Sheehan, Testi

٧٨- بنواڕە بە:

National commission on Terrorism.....

٧٩- بنواڕە بە:

Ronald Reagan…p.٢

٨٠- مەبەست لە بەکارهێنانی ماددەی "کیمیایی،میکرۆبی، پریشکەیی، یاخود ناوکی"یە.بڕوایان وایە کە تیرۆریستان ئەم ماددەو کەرەستانە بەکاردێنن بۆ ئەوەی زیانی زۆرتری لێبکەوێتەوە.

National commission….

٨١- بنواڕە:

Ibid, p.٨

٨٢- بنواڕە:

Hundley and Anderson ….

٨٣- هەروەها باشتر وایە لێرەدا ئاماژەیەك بکەین بە "هەڕەشەکانی بە پێی (لەسەربنەمای) فەزای کۆمپیوتەری". هاندلی و ئەندێرسۆن لە شیکارانی دامەزراوەی راند، ئەم هەڕەشانەیان بەم شێوە پێناسەکردووە: "هەوڵی دووژمنانە کە لە دژی کۆمپیوتەرەکان، سیستەمەکان و تۆڕەکانی پەیوەندی دوور هاوێژ یان بەکەڵك وەرگرتن لەمانە ئەنجام دەدرێت". بەپێی ئەم پێناسەیە، بۆ "هەوڵی شەڕانگێزانە" لە فەزای کۆمپیوتەریدان شەبەنگێکی (تارماییەکی) بەرینتر لە ئیمکانیات لەبەردەستدایە. "ئەم هەوڵە شەڕانگێزیانە بریتیە لە پەلامار بۆسەر زانیارییەکانی ناو سیستەمەکان، بەرنامەکان و ئامێرە پرۆسێزگەرانەی کاری رێنمایی کردنی ئەو سیستەمانەیان بەدەستەوەیە و هەروەها شوێنگەی کاری ئەوان (پەیوەندییەکان، تۆڕەکان و.......".

Hundely…



٨٤- بنواڕە:

Murphey …

٨٥- بنواڕە:

Rathmel, op.cit, pp.٣-٤

٨٦- بە بڕوای داتمێل، سێیەمین چەشنی شەڕە زانیاری، زیاتر لەهەر شتێك بووەتە مایەی نیگەرانی خەڵك.

٨٧- "یەکیەتی بەربەرەکانێ لەتەك بەناو" ئاماژە بەم خاڵە دەکات کە "تیرۆریزم و ئەنتەرنێت بە دوو شێواز پێکەوە پەیوەندیان هەیە" یەکەم کەڵك وەرگرتنی تیرۆریستان لە ئەنتەرنێت وەك بەستێك بۆ پروپاکەندە تیرۆریستی.

دووەم پەلاماری گرووپە یاخود کەسە تیرۆریستەکان بۆسەر تۆڕەکانی کۆمپیوتەر،تیرۆریزمی کۆمپیوتەری یاخود شەڕە کۆمپیوتەر).

Anti-Defamation on.Terrorism …

٨٨- کۆمیسیۆنی نیشتمانی بەربەرەکانێ لەتەك تیرۆریزمیش کە لەسەر ئەم بڕوایە کە"تیرۆریستانیش هەر لەو تەکنەلۆجیا مۆدێرنەی کەڵك وەردەگرن کە ئێمە کەڵکی لێوەردەین....." National

٨٩- فەرمانگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵ(FBI) لە راپۆرتی ساڵی ١٩٩٨ی خۆیدا سەبارەت بە تیرۆریزم لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەیشتووەتە ئەم دەرەنجامە: "دەڵێن تیرۆریستان بۆ پلانی نەخشەکانیان، بەدەستهێنانی سەرچاوەی دارایی پروپاگەندە و پەیوەندیگرتنی ئەمن کەڵك لە تەکنەلۆجیا زانیاری وئەنتەرنێت وەردەگرن، بەمەبەستی بەدەستهێنانی سەرچاوەی دارایی،پروپاگەندە،پلان دانان و پەیوەندیگرتن بە شێوەی ساخڵەم".

FBI Analysis of Terrorist incidents.in the vmited …

٩٠- بنواڕە:

Rathmell, op, cit, p.٤-٥

٩١- بنواڕە:

White, on.cit .

٩٢- World Report (١٩٩٨, p.١)

لە کێشەی زاپاتیستادا: تاقمێ لە لایەنگرانی ئەم بزاڤە بە ناوی "تیاترۆی ئاژاوەی کۆمپیوتەری"(Theatre Distubance Electra....) وەك دەربڕینی نارەزایی بەردەوامی خۆیان، دەستیانکرد بە کاری تێکدەرانە لەسەر ئەنتەنێت.

٩٣- بنواڕە:

Kelly R.Damphousse and Brent....

هەروەها لە کەنەداو ئەمریکاش هەندێ ماڵپەڕی ئەنتەرنێت بۆ پشتگیری کردن لە چالاکیی بزاڤی شۆڕشگێڕی توپاك ئامارۆ چێ بوو.

Anti-Defamation Legue, op.p.١.

٩٤- Damphousse and Smith, op.p.٢٢٠.

٩٦- بنواڕە:

Kevin soo hoo, Seymour Goodman and Law renee....

"لە ساڵی ١٩٩٦، بنکەکانی ئوسامە بین لادێن (کە سەرچاوەی دارایی بۆ تیرۆریستان دابین دەکات) لە ئەفغانستان بە کۆمپیوتەرو ئامرازەکانی پەیوەندیگرتن تەیارکرا. Denning, of, cit, p.R

٩٨- ani- Defamation Leaque, op.Cit., p.١.

لە هەندێ بابەتی هەستیاردا، گرووپی حەماس لە ڕێگەی ماڵپەرەکانیەوە داوای لە لایەنگرانی کردووە کە جوولە کان بکوژن.

٩٩- Ibid

١٠٠- لەمبارەوە، بە کارهێنانی کەرەسە و ئامرازی کارامە بۆ کەشفکردنی کۆدەکان بە مەبەستی پەیوەندییگرتن، گرنگی زۆری هەیە.



١٠١- بەم پێیە، دەبێ ئامانج و بزوێنەرە سەرەکییەکانی گرووپە تیرۆریستیەکان لە بەر چاو بگیرێت. بە تایبەت ئەم پرسیارە کە: تەکنۆلۆجیای کۆمپیوتەریی کە ئاسانکاری بۆ گەشە کردن و پەرەسەندنی گرووپە تیرۆریستییەکان دەکات، چۆناوچۆن دەتوانێ کاریگەری لە سەر ویستی ئەم گرووپانە دابنێت بۆ ئەوەی ئاستی ئەو توندوتیژییەی ئێستا بە کاری دێنن زیاد بکەن؟

١٠٢- بۆ دیتنی باسێکی دوور درێژ لەم بارەوە، بە تایبەت سەبارەت بە ئوسامە بین لادن و تۆری بەرەو بەربلاّ وی گرووپە بنیاد گەرا ئیسلامیە کان بنواڕە:

Arquilla, Ronfeldt and Zanini.cit.

١٠٣- هەرچەند کەشفکردنی راستەقینەی هەرەشە دیاریکراوەکان و ئاماژە پێکردنیان، هەروەك جاران لە ئاستێکی نزم دایە (و ئەم گومانە دێنێتە پێش کە ئاخو بلێی هەر لە ئەساسەوە هەرەشەیەکی راستەقینە لە ئارا دا بوویێت یان نا؟) بەلاّم روون و ئاشکرایە کە جۆرە هەرە شەیەکی وێن کرا لە ئارادایە. ئەوەندەی پەیوندی هەبێت بە ولاّتە یەکگرتووەکانەوە، ئەم وێنانە یا خۆ واسیتە بووە هۆی واژۆکردنی ((فەرمانی جێبە جێکاری ژمارە ٦٣ ی سرۆکایەتی کۆمار)) و دانانی ((سەنتەری پاراستنی ژێر خانە نیشتمانیە کان)).

١٠٤- FBI ئاگاداری کردووەتەوە کە ((هەرچەندە مەترسی پە لاماری فیزیکی ئاسایی دژ بە ژێرخانە هەر پێویستیەکانی ئێمە بووەتە مایەی نیگەرانی هەمیشەییمان، بەلاّم پەلاماری بنەما زانیاری، هەڕەشە یەکی تا ڕادەیەکی نوێ و لە حالّی پەرەسەندندایە)).

PBI Analysis of Terrorist Incidents in the Vnited states.........

١٠٥- لانیکەم دوو نموونەی راستەقینە لەو خەلەلانەی لە سرەیسەکانی ماڵپەرە کۆمپیوتەرەکان چێ بوونە، لە پەیوەندی لە تەك گرووپە تیرۆریستەکاندا بووە. لە یەکەم نموونەدا، ئیسپانیە نارازییەکان لە ساڵی ١٩٩٨(بە کە لّك وەرگرتن لە تاکتیکی کۆمپیوتەری) چالاکییەکانی ((دامەزراوەی پەیوەندییەکانی جیهانی)) یان تووشی خەلەل کرد چونکە ئەم شوێنەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بواری ئەنتەرنێت،

دەرفەتی دابوو(ڕێگەی دابوو) بە چێکردنی ماڵپەرێك بۆ پشتگیری گرووپی ئێتا، کە یەکێکە لە گرووپە جودا خوازە
کانی باسك. نموونەی دووەم، تایبەتە بە کرووپی تامیلی سرویلانکا بە ناوی ((بەورە رەشەکانی ئەنتەرنێت)) کە لە سالی ١٩٩٨ بە هەناردنی ژمارەیەکی زۆری نامەی ئەلکترونی، توانی پەیوەندییە کانی بالوێز خانەکانی سەریلانکا تووشی خەلەل بکات.

Denning, op.cit, p.٢

١٠٦- لە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی لە سەرەوە باس کرا، ئەم چەشنە تاوانە کۆمپیوتەرییانە بە پێی ئەو پەیوەندییەی کە لە تەك تیرۆریزمی کۆمپیوتەریدا هەیانە تاوتوێ کراون،بۆ نموونە بنوارە:

FBI, OP, Denning, op.cit, Rathmell, op.cit.

هەروەها بۆ بە دەست هێنانی زانیاری سەبارەت بە چەن نموونە لە هەرەشە بازر گانیە کان بنوارە:

Col.Daniel J‹Busby‹Reacetime use of computer Network Attack, Pennsylvania, U.S.Army war college, ٢٠٠٠, pp.٣-٩

١٠٧- Denning, op.cit, p.٢٣

١٠٨- lbid, p.٢٤

١٠٩- دەتوانین بەشێك لەم پۆتانسیەلانە کە خەریکن پەرە دەسێنن لە بەربلاوبوونی ئاوازەکانی"پەلاماری کۆمپیوتەری"بدۆزینەوە.

FBI, op, cit, p.١٧

١١٠- ئەگەر روانگەی ئەمریکا لەمەر تیرۆریزمی نێونەتەوەیە هەنووکەیی رەچاو بکەین راستی ئەم بابەتە زیاتر ئاشکرا دەبێت. مایکێلشی هان لە وتارەکەی خۆیدا لەبەردەم کۆمیتەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان کۆنگرێسی ئەمریکا جەخت لەسەر ئەم خالە دەکاتەوە ئاگارداری دەکاتەوە کە هەم گرووپی تالیبان (کە گرووپێکی



بونیادگەرای ئیسلامییە) و هەم ئوسامە بین لادەن (کە بنکەکانی خۆی لە ئەفغانستان داناوە) وێنەی داهاتووی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی پێکدەهێنێن. نەخاسە بین لادەن بەهۆی سازکردنی "کۆمەلێەکی تیرۆریزمی بان نەتەوەیی" پلەو پایەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە. هەندێ گرووپی وەك جیهادی ئیسلامی میسر، گرووپی چەکداری ئیسلامی ئەلجەزایرو جودایی خوازەکانی کەشمیریش لەم چەشنەن.

١١١- مەبەست لە "سەرکەوتن" لێرەدا، توانای گرووپێکی تیرۆریستییە بۆ مانەوەی هەتا ئەو کاتەی بە تەواوەتی بگات بە گشت ئامانجە دیاریکراوەکانی.

١١٢- Rod stark, o.cit.p.٤٥.

١١٣- Kevin soo hoo and his colleagues, op.cit, p.١٤٣.

١١٤- بزوێنەری سیاسی گرووپە تیرۆریستەکە. هەم لە رووی بەرفرەیی (فراوانی)و هەم لە رووی توندی ئۆپەراسیۆنەکانەوە.

١١٥- قەبارەی گرووپێکی تیرۆریستی نیشاندەری سەرچاوەکان، (رادەی) پشتگیری دەرەکی و توانای ئەم گرووپەیە بۆ ئەنجامدانی چالاکی بەردەوام و پیچیدە.

١١٦- تەمەنی گرووپێکی تیرۆریستی کارامەیی سەرتر بۆ مانەوە ئەگەری زیاتر شتگیری کردن لە لایەن مەلبەندی شیکەرەوەو نەریتەکانی ئەو گرووپە (کە هەندێ جار لە شێوازی چالاکیەکانی ئەو گرووپە دادەنرێت).

١١٧- ئەو گرووپە تیرۆریستیانەی بە شێوەیەکی نوێنەرایەتی پەرلەمانیان هەیە، بە گشتی هەم بالی سەربازی یان هەیەو هەم بالی سیاسی. ئەم گرووپانە مەلبەندی سیاسی و کۆمەلایەتی گەورەتر نوێنەرایەتی دەکەن.

١١٨- مەلبەندی سیاسی گرووپێکی تیرۆریست لە رووی پشتگیری کردنی ژێرخانەکانی ئەو گرووپە گرنگە.بەلام هەندێ چالاکی دیاریکراوی گرووپەکە بتەوێو نەتەوێ سنووردار دەکات ئەگەر بێتوو لەگەل ویستەکانی گرووپە گەورەترەکە یەك نەگرێتەوە.

١١٩- دووژمنی راگەیەنراوی گرووپێکی تیرۆریستین بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی ئامانج و هەروەها بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەو گرووپە، وەك رووبەر، توندی و فرەیی(هەوڵ تیرۆریستییەکان) بە کەڵکە.

١٢٠- گۆرەپانی ئۆپەراسیۆنەکانی گرووپێکی تیرۆریستی بە لەبەر چاوگرتنی ئامانجە لەناخدا هەڵگرەکانی گرووپەکەو توانای ئەو بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لە شوێنی جیاجیاو باقی ئەو تێبینیە سیاسییانەی رووبەری چالاکیە تیرۆریستییەکە سنووردار دەکات جیا دەکرێتەوە.

١٢١- ئارکوئیلاو راتفیڵدە زنیتی لە یەکێ لە یادداشتەکاندا سێ گریمانەیان سەبارەت بە سەرهەڵدانی تەکنەلۆجیای زانتیاری بە مەبەستی رێکخستنی بۆ شەڕە تۆڕ خستووەتە روو بە کورتی بەپێی ئەم گریمانەیە لە پێکهاتەی دەزگایی گرووپە تیرۆریستییەکەو کەڵك وەرگرتن لە تەکنەلۆجیای زانیاری پەیوەندییەکی تریکییان هەیە پێکەوە.

Arquilla, Ronfeldeldt and Zanini, op.cit. ٩٧-٩٨.

١٢٢- هەرئەوەندە بەسە بزانین کە بەلەبەر چاوگرتنی فاکتەری وەك لێهاتوویی تاك لەبەردەست بوونی کۆمپیوتەرو ویستی بە جێهێشتنی شێبوازی سوتەتی.

١٢٣- دەتوانین هەوڵی کەمتر بە پێی سەرچاوەی کەمتر هێزی مرۆیی کەمترو نەخشەو پلاندانانی خێراتر یاخود ئاسانتر پێناسە بکەین، تێکڕای ئەمانە مەترسی کەمتری لەگەڵدایە یاخود ئەگەری سەرکەوتوویە لۆجیستیکی زیاترە.

١٢٤- دەنوانین ئەمانە وەك ترسی زیاتر یاخود دڵەراوکێی زۆرترو بۆ ماوەیەکی دوزورتری قوربانی چاولێبکەین.

١٢٥- FBI Analysis of Terrorist lncidents in the united state ١٩٩٩, p.١٢

١٢٦- Rathmed, of cit, start..................



١٢٧- مایکێل واین لەبەشی دەرەنجامی وتاری "فەزای کۆمپیوتەری" جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکاتەوە: "گەرچی لەوانەیە نیگەرانی حکومەتە رۆژئاواییەکان لومەڕ ئەوەی کە ژێرخانە نیشتمانییەکانیان دەبێتە ئامانجی شەڕە زانیاری یاخود تیرۆریزمی کۆمپیوتەری بنەمایەکی راستی هەبێت بەڵام بەڵگەو دیکۆمێنتەکانی بەردەست ئەوەمان پێ دەڵێن کەلانی کەم هەتا ئێستا گرووپە ژێرحکومیەکان، زیاتر بە مەبەستی پروپاگەندە، پەیوەندیگرتن کۆکردنەوەی زانیاری و دابینکردنی سەرچاوەی دارایی لەتەگکنەلۆجیای زانیاری کەڵك وەردەگرن."

Michhaed Whine, cyberspace: A New Meedium for communication.

١٢٨- Rathmed, op, p.٦.

١٢٩- ئەم هەڵوێستە لەمەڕ تیرۆریسن، لە رێکخستنی سیاسەتی دژە تیرۆردا رەچاو بکرێت یا نەکرێت، لە دوایین راپۆرتی وەزارەتی دەرەوە سەبارەت بە تیرۆریزمی جیهانی ئاماژەی پێکراوە. "بێجگە لەمە، هەوڵە تیرۆریستییەکان بەشێکن لە دیاردەی زیاتر بەربڵاوی توندوتیژی سیاسی و هەندێ جار سنووری نێوان ئەم دووانە ئەستەمە.